# هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای بارزانی

# کوردستان ژمارە قورسەکەی ناو گۆڕانکارییە هەستیار و ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



«خاڵی بەهێز و جیاکراوەی پێشمەرگەی کوردستان ئەوەیە کە ئەم هێزە تەنیا هێزی هاوپەیمانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە توانای ئەوەی هەیە لە ناو عێراق و سووریا تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، ئەم هێزە کە ژمارەیان ١٦٠ هەزار پێشمەرگەیە، لە ماوەی ١٨ مانگی رابردووی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش توانیویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن، بە بێ ئەوەی زیانێکی گەورەی گیانی بدەن، ئەو ٨٥٠٠ پێشمەرگەیەشی شەهید و بریندار بوون، وەک راپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگری ئاماژەی پێدەکەن بەشی هەرە زۆریان قوربانی ئەوە بوون کە هێزی پێشمەرگە ئەو چەک و پێداویستییە سەربازییانەی نەبووە، بە بەراورد بە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کە ئێران پشتگیری دەکات، هەروەها خودی تیرۆریستانی داعشیش، بۆیە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو راستییە دڵنیا بێت کە هەتا تیرۆریستانی داعش ئەو ناوچە فراوانەیان لە عێراق و سووریا بەدەستەوە بێت، ئەوا هیچ شوێنێک لە ناوخۆی ئەمریکادا سەقامگیر و دوور لە مەترسی نابێت، هەروەک ئەو هێرشەی کە لە ١٣ی نۆڤەمبەر کردیانە سەر پاریس، بۆیە پێموایە بە کاری هاوبەشمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لەسەر زەوی دەتوانین کۆتایی بە مەترسییەکانی داعش بهێنین و رێگە دەگرین لە وەی تیرۆریستان سەرچاوەی پێویستیان لە بەردەست بمێنێت، بۆ ئەوەی هێرشی دیکە بکەنە سەرمان. ئەو پرۆژە یاسایەی رۆژی چوارشەمەی رابردوو ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس پەسەندی کردووە و داوادەکات راستەوخۆ چەک و کەلوپەلی سەربازی بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو چەکە تەقلیدییانە لەخۆیان دەگرن کە بریتین لە: چەکی دژەتانک و زرێپۆش، تۆپی دوورهاوێژ، ئەو چەکانەی وەک رەشاش و دۆشکە کە پێویستییان بەیەک کەس زیاترە و هەروەها زەخیرە و پێداویستی، هەموو پێداویستییەکی پێوەندی و کەلوپەلی لۆژیستی سەربازی و بەرگری زیاتر و یارمەتی سەربازی دیکە کە سەرۆک بە پێویستی دەزانێت. جەختکردنەوەمان لەسەر ناردنی راستەوخۆی چەک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەو هۆکارەیە کە حکومەتی بەغدا پێشتر بە قەوارەی ئەو چەکانەی لەسەری رێککەوتووین و لەکاتی خۆی چەکی نەگەیاندۆتە حکومەتی هەرێمی کوردستان.»

● سیناتۆر رۆس راید

سەرۆکی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە لە کۆنگریسی ئەمریکا ٢٠١٥/١٢/١٠

**● هەموو جیهانی ئازاد لە شەڕدایە دژی داعش کوردستان بەرەی پێشەوەی ئەو شەڕەیە**

کاتێک مسعود بارزانی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری «شەڕی مان و نەمان»ی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند و کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ پێشمەرگایەتی و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کەم چەکی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووی لەبەردەست بوو، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئاستێک کەموکورتی لە تەقەمەنیی چەکی سووک هەبوو، کە بە ناچاری لە قاچاخچیی لۆکاڵی و بازاڕی رەشی ناوخۆ تەقەمەنی دەکری، بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعش بەرگری پێبکات. لە بەرامبەردا تیرۆریستانی داعش تەنیا ئەو چەکە مۆدێرنانەی لە سوپای عێراق دەستیان کەوتبوو، بە بەهای ٢٥ ملیار دۆلار بووە و لە سووریا چەکی دەوڵەتێکیان دەست کەوتبوو، ئەمەش واتە پێشمەرگە بە چەکی کۆن و تەقەمەنی کەم لە شەڕێکدا بوو دژی دەوڵەتێکی تیرۆریستی کە چەکی مۆدێرنی دوو دەوڵەتی لەبەردەست بوو، ئەمە جیا لەوەی ئەو خەڵکانەشی دوای داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی پێوەندییان بە تیرۆریستانی داعشەوە کردبوو، بەشی هەرە زۆریان ئەفسەر و پلەداری پێشووی رژێمی سەدام حوسێن بوون، کە هەر نەک بەئەزموون و شارەزا بوون لە تاکتیک و زانستی سەربازی، بەڵکو شارەزا و بەئەزموون بوون لەشەڕکردن دژی پێشمەرگە و بەرکارهێنانی ئەو چەکانەی لە سوپای عێراقەوە دەست تیرۆریستانی داعش کەوتبوون.

لە هەفتەی یەکەمی ئەم شەڕەدا واتە لە



٣-٢٠١٤/٨/١١، کاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی راستەوخۆی مسعود بارزانی توانی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و قەزای مەخمور ئازاد بکاتەوە، ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە سەرسوڕمانێکی لەنێو ژەنراڵەکانی پێنتاگۆن و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش درووستکرد، کە بگاتە ئەوەی بڵێن: «سەرکردایەتی مسعود بارزانی و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، کوردستانی کردووە بە سپارتە و دەبێت لەبەر خاتری ئەو سەرکردایەتییە و ئەو سەرکەوتنانە جیهان رێز لە کوردستان بگرێت». ئەم سەرکەوتنانە بووە هەوێنی ئەوەی سەرۆك ئۆباما دوای ٣ساڵ بتوانێت بڕیارێك بدات بۆ ئەوەی بە رێگەی هێزی ئاسمانی هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت. تۆماس فریدمان کە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی ئابی ٢٠١٤ لەسەر ئەم پرسە دیمانەی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما کردووە، راشکاوانە ئەوەی پێدەڵێت: «نیوەی سەرت سپی بوو، هەتا توانیت ئەم بڕیارە بدەیت، نیوەکەی دیکەشی بە خەمی تی پارتییەوە سپی دەبێت». فریدمان جیا لەوەی یەکێکە لە رۆژنامەنووسە گەورەکانی جیهان و ستوونووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمزە، ئێستا وەك یەکێك لەو بیرمەندانە لە جیهاندا لەقەڵەم دەدرێت کە توانای پێشبینی گەورەی بۆ گۆڕانکارییە بەردەوام و خێراکانی سەدەی بیست و یەکەم هەیە، بۆیە ئەم قسەیەی فریدمان کە بە سەرۆك ئۆبامای وتووە، مانای ئەوەیە پێش سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ راگرتنی هێرشەکانی داعش، بە درێژایی مێژووی دیپلۆماتی ئەمریکا هیچ سەرۆکێك وەك سەرۆك ئۆباما بێئومێد و دەستەوەستان نەبووە لە ئاستی هەڕەشە و مەترسییەکاندا، هۆکاری سەرەکیی ئەم نائومێدبوون و بێدەسەڵاتییەی سەرۆك ئۆباما-ش بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەم خاڵانەدا رەنگی داوەتەوە:

١. سەرۆك ئۆباما دانی بەو راستییەدا نابوو، ئەمریكا كاتێك ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی عێراقی لە ٢٠٠٣ بۆ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئەنجامدا، راستە جەنگەكەی بردەوە و رژێمەكەی رووخاند، بەڵام شەڕەكەی دۆڕاند، لەبەر ئەوەی نەیتوانی عێراقێكی دیموكراتی و فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی سەركەتوو بونیاد بنێتەوە.

٢. لە دوای راپەڕینەكانی وڵاتانی عەرەبی و بۆ رووخانی رژێمی موعەمەر قەزافی، ئەمریكا لە رێگەی ناتۆوە بەشداری كرد بۆ رووخانی رژێمی قەزافی، لەمەشیاندا راستە قەزافی رووخا، بەڵام لیبیا بووە ژینگەیەكی لەبار بۆ گەشەی تیرۆریستان.

٣. ئەمریكا لە سووریا نە پەنای بۆ ئۆپەراسیۆنیك برد بۆ رووخانی ئەسەد، نە بە رێگەی هاوپەیمانی ناتۆش هێرشی كردە سەر دیمەشق، بۆیە وەك بینیمان لە ساڵی ٢٠١٤ داعش دەركەوت و بەشی زۆری سوننەی سووریا پێوەندییان پێكرد و لەگەڵ دەركەوتنیشیان لە موسڵ پێنج فیرقەی سەربازی عێراق خۆیان دا بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە.

ئەگەر لەم سێ خاڵەوە سەرنج لە بڕیارەكەی ١١ی ئابی ٢٠١٤ی سەرۆك ئۆباما بدەین، ئەم بڕیارەی سەرۆك ئۆباما بریتی نەبووە لە ستراتیژیەتی ئەمریكا بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش، بەڵكو بڕیارێك بووە بۆ هاوكاری كوردستان و بۆ راگرتنی هێرشەكانی تیرۆریستانی داعش، بەڵام دوای ئەوەی سەركەوتنەكانی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەكانی ئەمریكا، ئەفسانەی داعشی لەسەر زەوی بەتاڵكردەوە، سەرۆك ئۆباما لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤، ستراتیژیەتی ئەمریكای بە تێكشكاندن و بێئومێدكردن (degraded and destroyed)-ی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، بەڵام ئەم ستراتیژییەش تەنیا لەو ناوچانە و بەرەكانی شەڕی داعش بەرهەمی هەبوو كە هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی مسعود بارزانی بەرپەرچی تیرۆریستانی داعشی دەدایەوە، سەركەوتنەكانیش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوون، هەتا هێزی پێشمەرگە توانی سەد (ئاوبەند)ی موسڵ لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار بكات، ئەم سەركەوتنە گەورەترین چەكی دەستی داعشی پووچەڵ كردەوە كە پێشتر هەڕەشەی ئەوەی دەكرد، دەتوانێت بە تەقاندنەوەی ئەم سەدە بەغدا نقوومی ئاو بكات. بۆیە پاش ئەم سەركەوتنە و نەمانی مەترسی لە سەر بەغدا، ئەمجارەیان پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا بە فەرمی بانگهێشتی بەڕێز مسرور بارزانی راوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی كوردستانی كرد، بۆ ئەوەی سەبارەت بە شەڕی دژی داعش پەیامێك لەناو پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا پێشكەش بكات و دواتریش ژمارەیەكی زۆر لە وەزیرانی بەرگری دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا كۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ راوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشمانی كوردستان گرێدا.

ئەگەر بە خێرایی سەرنج لە رووداوەكانی ١٨ مانگی رابردووی شەڕی دژی داعش بدەین، دەبینین هەموو گۆڕانكارییەكان لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش، گرێدراونەتەوە بە سەركەوتنەكانی پێشمەرگە لەسەر زەوی. گەورەترین گۆڕانكاری لەماوەی ئەم ١٨ مانگە لە ستراتیژیەتی دژی داعش، ئەو بڕیارەی مسعود بارزانی بوو بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بۆ هاوكاری شەڕڤانان لە كۆبانێ، بۆ سەرۆك ئۆباما كەوتنی كۆبانی ببووە گرێیەك، بەتایبەتی كە رەجەب تەیب ئەردۆغان-ی سەرۆك كۆماری توركیا رایگەیاند كۆبانێ دەكەوێتە دەستی تیرۆریستان، هەربۆیە سەرۆك ئۆباما بڕیاریدا هێرشە ئاسمانییەكان بۆسەر كۆبانی زۆر چڕبكرێنەوە بۆ ئەوەی بتواندرێت هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگیرێت، بەڵام بەپێی شاهیدییەكی پرۆفیسۆر ماكس بۆت كە گەورە توێژەری سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی ئەمریكایە، راشكاوانە رایگەیاند: ئەمریكا چەند خۆی ماندوو بكات و هێرشی ئاسمانی بكاتە سەر تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی كۆبانێ بپارێزێت، بەڵام سەرەنجام دەبێت وەك ناوی (خی سانی ڤێتنامی) بەجێبهێڵێت و پاشەكشە بكات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت بیپارێزێت، بەڵام پاش ناردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە ئەوكات تەنیا ٢٥٪ كۆبانی لە ژێر دەستی شەڕڤانان مابوو، توانرا لە ماوەی ٨٥ رۆژدا هاوكێشەی شەڕەكە پێچەوانە بكرێتەوە و ئازادكردنی كۆبانێ رابگەیەندرێت. دیارە پێشتریش بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی، هێزی پێشمەرگەی كوردستان توانیبووی چیای شنگال ئازاد بكاتەوە، بۆیە ئەم دوو سەركەوتنە نەك هەربوونە هۆكاری ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش گۆڕانكاری لە ستراتیژیەتی خۆیدا بۆ شەڕی دژی داعش بكات، بەڵكو لە مانگی شوباتی ٢٠١٥ كۆنگرەی میونخ بۆ ئاسایش، بە تەنیا سەرۆك مسعود بارزانی بانگهێشت كردبوو، كە سەرۆكی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوو، ئەم بانگهێشتكردنە تایبەتەكەی سەرۆك بارزانی بۆ لوتكەی میونخ و دیداری لەگەڵ ئەنگێلا میركل-ی راوێژكاری ئەڵمانیا لە ژێر ئاڵای

**ئەجیندای سەرۆک مسعود بارزانی وەک سەرۆکی نەتەوەی کورد و سەرۆکی کوردستان لە پێگەیەکدایە کە هەموو جیهانی ئازاد پشتگیری ئەو سەقامگیری و تەناهییە دەکات کە لە کوردستان بوونی هەیە، ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە کە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی، کوردستانی لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتە دەوڵەتێکی هاوچەرخی خاوەن سەروەری و فاکتەرێک بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ تەواوی ناوچەکە**

**کوردستانی باشوور تەنیا قەوارەی سیاسییە لە ناوچەکە کە کێشەی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە و کێشەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی نییە، ئەم مۆدێلە کە هەموو بیرمەندان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەوەی پێویستە ببێتە مۆدێلی تازەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا لەلایەن رۆژئاواو هاوپەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپاوە پشتگیری لێدەکرێت**

کوردستاندا، ئەو مانایەی هەبوو کە کوردستان بەشێکی گرنگ و ستراتیژی پاراستنی ئاسایشی هەموو جیهانە، ئەم تێروانینە لە مانگی مارتی ٢٠١٥ ببێتە پرۆژە یاسایەك لە کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەوەی بە هاوشێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ چەك بدرێتە کوردستان، کە ئەم پرۆژە بڕیارە کە کێشەی لە نێوان کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکا درووستکرد، بەڵام دوای سەردانی سەرۆك بارزانی لە ئایاری ٢٠١٥ بۆ کۆشکی سپی و کۆبوونەوەی لەگەڵ پێنتاگۆن یەکلایی کرایەوە و سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکا ئیحراج نەبێت، رازی بوو بەوەی چەك لە رێگەی بەغداوە بگاتە هەرێمی کوردستان بە مەرجی چەکەکان بە قەوارەی خۆی و لەکاتی خۆی بگاتە دەستی هێزی پێشمەرگە، بەڵام لە ماوەی ئەم چەند مانگە بەغدا دیسان بە تەواوەتی پابەند نەبووە بەو رێککەوتنە و بڕی چەکەکان بە قەوارە خۆی و لەکاتی خۆی ناگاتە دەستی پێشمەرگە، بۆیە رۆژی چوارشەممەی رابردوو جارێکی دیکە لەناو کۆنگرێس ئەو پرۆژە یاسایەی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە پەسەند کراو، ئەمجارەیان زۆر راشکاوانە کۆنگرێس بەوجۆرە قسە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی و سەرۆك ئۆباما دەکات: ئەگەر دەتەوێت لە شەڕی دژی داعش سەرکەوتوو بیت و تیرۆر لە ئەمریکا دوور بێت، ئەوا دەبێت ئەم یاسایە پەسەند بکرێت و بەپێی ئەم یاسایەش دەبێت هەموو جۆرە چەکێکی تەقلیدی بەرگری و هەموو پێداویستییەکی سەربازی راستەوخۆ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت، لەمەش زیاتر دەبێت بۆ ماوەی سێ ساڵ رێگە بدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پێداویستی خۆی چەك و کەلوپەلی سەربازی بکڕێت.

ئەم جەختکردنەوەی کۆنگرێس لەسەر پێدانی راستەوخۆی چەك بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك لە پرۆژە یاساکەشدا راشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، کوردستان تەنیا هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ئۆپەراسیۆنی تێکشکاندنی داعشدا، بە دیوێکی دیکەدا پەیامێکە بۆ هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەو دەوڵەتانەشی کە ئەندامی هاوپەیمانییەکە نین و شەڕی داعش دەکەن، ئەگەر ئامانجمان ئەوەیە لە شەڕی دژی داعش سەرکەوتوو بین، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن لەگەڵ مسعود بارزانی مامەڵە دەکەین و چۆن لە کوردستانەوە ستراتیژیەتی کۆتاییهێنان بە تیرۆریستانی داعش دەست پێدەکات.

### ● سەردانەکانی بارزانی بۆ وڵاتان و پێشوازی کردنی بە ئاڵای کوردستان

ئازادکردنی شنگال وێستگەیەکی گرنگی وەرچەرخانە لە ستراتیژیەتی جیهانی ئازاد بۆ کۆتاییهێنان بە تیرۆریستانی داعش، ئەو سەرکەوتنەی لە ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگە لە زەوی و هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بەدەستهات، بێجگە لەوەی بووە هێدمەیەکی قورس و گورزێکی گورجکبڕ بۆ تیرۆریستانی داعش و ئەو دەوڵەتەی پێی دەڵێن «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی»، لە هەمانکاتدا جێگەی سەرسوڕمان و هێدمە بوو بۆ هەموو پسپۆڕانی سەربازی و هەواڵگری، لەبەر ئەوەی هەموو پسپۆڕانی سەربازی و هەواڵگری مەزندەی ئەوەیان دەکرد، شەڕی ئازادکردنەوەی شنگال، شەڕێکی درێژخایەنی کۆڵان بە کۆڵانی ناو شنگال بێت، بەڵام کاتێك لە چوارچێوەی ئەو پلانە سەربازییە سەرۆك بارزانی دایڕشتبوو و هێزی پێشمەرگە بەسەرکەوتوویی جێبەجێی کرد و تیرۆریستانی داعش دووچاری سەرلێتێکچوون و هەڵاتن هاتن، بە ناچاری تیرۆریستانی داعش پەلامارەکانیان لە ئەورووپا دەستپێکرد، وەك ئەوەی لە ١٣ی نۆڤەمبەر لە پاریس ئەنجامیاندا، ئەمە وایکرد کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێك پەسەند بکات بەوەی تیرۆریستانی داعش مەترسییەکی بێ وێنەن لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەبێت بە هەموو رێگەیەك ئەم مەترسییە دوور بخرێتەوە. دوورخستنەوەی ئەم مەترسییەش وەك لە پرۆژە یاساکەی رۆژی ٩ی ١٢ی ٢٠١٥ هاتووە، تەنیا و تەنیا بەو دانپێدانانە دەبێت کە کوردستان تەنیا هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمریکایە و دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە پێویستە راستەوخۆ و چەك و پێداویستی سەربازییان بۆ دابینبکرێت. هەروەك چۆن لە میانەی سەردانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا، بە راشکاوی هەستی پێدەکرێت، پێگەی کوردستان لەو ئاستەیە کە دەبێت هاوشانی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری و هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەر بۆیە ئەگەر لە رەهەندە جیاوازەکانی شێوازی پێشوازی ئەم سەردانانەی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی ورد بینەوە، دەبینین ئەو دۆسیێ و بەرنامانەی لەگەڵ سەرۆکی کوردستان لەسەر ئاستی رێز و بەرژەوەندی هاوبەش باسیان لێوە دەکرێت، هەست دەکرێت لەوە

**ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئامانجی ئەوە بێت فیکری داعش لە ریشەوە هەڵبکێشێت، ئەوا ئەم فیکرە بە دەستی عەرەبی سوننە هەڵدەکێشرێت، لەبەر ئەوەی عەرەبی سوننە کە هاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان شیعە و داعشدا، ئەوا داعش هەڵدەبژێرێت، نەک پێکەوەژیان لەگەڵ شیعەدا، ئەوجا بۆ ئەوەی داعش نەمێنێت، ئەوا دەبێت شیعە و سوننە لە یەکتری جیابکرێتەوە**

**کێشەی گەورە و سەرەکی لە ناو عەرەبی سوننە، مەسەلەی زەقبوونەوەی تەنگژە و کێشەی نێوان شیعە و سوننەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی کێشەی نێوان شیعە و سوننە، سنووری دەوڵەتەکانی بەزاندووە و بۆتە کێشەیەکی گەورە لە نێوان دەوڵەتانی سوننەی کەنداو و ئێراندا، ئەوا دەبێت چارەسەرێک بدۆزرێتەوە سوننە و شیعە لێک جیابکرێتەوە**



**لە ئێستاوە کوردستان وەک کاراکتەری سەرەکی لە شەڕی داعش لە سەر زەوی وەک کیانێکی سیاسی و لایەنێکی سەرەکی لە هاوکێشەی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆی بۆ ئایندەی دوای کۆتایی هاتنی داعش ئامادە دەکات و دەبێتە مۆدێلێک بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رێگە نەدرێت هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش بەو ئاستە گەشە بکەن کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی رابگەیەنن**

گەورەترە، کە سەرۆکی کوردستان تەنیا پێویستی بەوە بێت ئەو دەوڵەتانە بڵێن کوردستان هەیە، یان نییە، بەڵکو کوردستان وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع لە چوارچێوەی سەرکردایەتی لۆژیکانەی مسعود بارزانی بۆتە ئەو دەوڵەتەی بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە هەیە و دەوڵەتی کوردستان فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها سوپای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو سوپا کاریگەرەیە کە توانای ئەوەی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان، مەترسی هێرشە تیرۆریستییەکان لەسەر پایتەختەکانی رۆژئاوا و تەواوی پایتەختەکانی جیهان دووربخاتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر لە میانەی سەردانەکانی سەرۆك بارزانی بۆ وڵاتانی کەنداو و شانشینی عەرەبستانی سعودیە، بەرنامەی سەردانەکەی تێکشکاندنی داعش و ئایندەی ناوچەکە بێت دوای تێکشکاندنی داعش، لەوەی چ جۆرە دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراق دابمەزرێت و کۆتایی بە شەڕی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە بهێندرێت، ئەوا لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا جۆرە ئەجیندا و بەرنامەیەکی دیکە دەخوێندرێتەوە کە خاڵی هاوبەش لە نێوان کوردستان و تورکیا درووست دەکات، راستە تەوەری سەرەکی بەرنامەی سەرۆکی کوردستان لەگەڵ سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی تورکیا، تایبەتە بە شەڕی دژی داعش و کۆتاییهێنان بە مەترسیی تیرۆریستانی داعش، بەڵام دیوێکی دیکەی تایبەتە بە قۆناخی دوای کۆتاییهاتنی داعش و رۆڵی کوردستان لە سەقامگیری و تەناهی ناوچەکەدا، هەر بۆیە وەك بینیمان یەکێك لە ئەجیندای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا، کۆبوونەوە بووە لەگەڵ



هادەپ و سیاسەتمەدارانی کورد لە تورکیا، بۆ ئەوەی دووبارە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەست پێبکاتەوە. سەرۆك بارزانی تەنیا سەرۆکە کە لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا رۆڵی کاریگەری هەبووە و ئێستا کە ئەم پرۆسەیە گەیشتۆتە بنبەست، دیسان سەرۆك بارزانی تەنیا سەرۆکە کە ئەم پرسە بە راشکاوی لەگەڵ حکومەتی تورکیا و سیاسەتمەدارانی کوردی تورکیا باس دەکات و ئامادەیە ببێتە ناوبژیوان بۆ هەردوولا بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەست پێبکاتەوە و میکانیزمێك دابنرێت بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەو وڵاتە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردن بوو، لە میانەی پێشوازی سەرۆك بارزانی لە تورکیا، دانانی ئاڵای کوردستان بووە لە فرۆکەخانە و هەروەها لە میانی کۆبوونەوەکاندا، دانانی ئەم ئاڵایە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەتایبەتی کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك نەریتێکی پرۆتۆکۆلی بۆ پێشوازی لە سەرۆکی کوردستان دایبنێت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان نەك هەر هەڕەشە نییە بۆ تورکیا، بەڵکو فاکتەرێکی هاوکارە بۆ سەقامگیری و ئاشتی ناوخۆیی تورکیا.

لە میانەی ئەم وەرچەرخانەی لە شەڕی دژی داعش و رێکخستنەوەی ئایندەی ناوچەکە لە دوای نەمانی تیرۆریستانی داعش، پێدەچێت سەردانەکانی سەرۆك بارزانی بۆ وڵاتانی دیکە و سەردانی سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی وڵاتانی دیکە بۆ کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوون بکات، بۆیە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، لە دوای ئەم سەردانانەی سەرۆك بارزانی کە راشکاوانە بوونی کوردستان وەك فاکتەرێك و لایەنێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستا و داهاتوو بەرجەستە دەکات، کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی بەدوای خۆیدا

**جێگەی سەرسوڕمان نییە، لە دوای ئەم سەردانانەی سەرۆک بارزانی کە راشکاوانە بوونی کوردستان وەک فاکتەرێک و لایەنێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستا و داهاتوو بەرجەستە دەکات، کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە هەتا ئێستاش خەو بەوە دەبینین کە ببنە رێگر بۆ ئەوەی نەخشەی ناوچەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیێت**

بهێنێت، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە هەتا ئێستاش خەو بەوە دەبینین کە ببنە ڕێگر بۆ ئەوەی نەخشەی ناوچەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیێت.

> **بۆ ئەوەی فیتنەی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە سنوورێکی بۆ دابنرێت کە لایەنی وەک تیرۆریستانی داعش و ئەلقاعیدە لەو بارودۆخە سوودمەند دەبن، ئەوا ناکرێت جارێکی دیکە سوننە و شیعە تێکەڵی یەکتری بکرێن، بۆیە دەبێت لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەم لە یەکتری جیاکردنەوەی عەرەبی سوننە لە شیعە، ئەوا نەخشەی سیاسی تەواوی ناوچەکە دەگۆڕێت**

● **خۆ ئامادەکردنی کوردستان بۆ کۆتاییهاتنی داعش و ئایندەی دوای داعش**

ئێستا جیهانی ئازاد ئەوەی ڕاگەیاندووە کە لە شەڕدایە دژی تیرۆریستانی داعش و ئەوەی ناویان لێناوە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەبێت بڕووخێندرێت و کۆتایی بە داعش بهێندرێت، خاڵی سەرەکی و گەوهەری لە دوای کۆتاییهاتنی داعش ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننە دەکرێت. لەبەر ئەوەی لە سووریا و عێراقیش سیاسەتە هەڵەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و حکومەتەکەی نوری مالیکی وایکرد، عەرەبی سوننە لە نێوان مالیکی و بەشار ئەسەد داعش هەڵبژێرن، کەواتە ئەم هاوکێشە تازەیە پێمان دەڵێت، بۆ ئەوەی فیتنەی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە سنوورێکی بۆ دابنرێت کە لایەنی وەك تیرۆریستانی داعش و ئەلقاعیدە لەو بارودۆخە سوودمەند دەبن، ئەوا ناکرێت جارێکی دیکە سوننە و شیعە تێکەڵی یەکتری بکرێن، بۆیە دەبێت لە یەکتری جیابکرێنەوە، ئەم لە یەکتری جیاکردنەوەی عەرەبی سوننە لە شیعە، ئەوا نەخشەی سیاسی تەواوی ناوچەکە دەگۆڕێت، لە هەمانکاتدا ناشکرێت ئەو کیانە سیاسییەی کوردستان کە وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع بۆتە پێگەی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و بە دامەزراندنی دەوڵەتی سوننە هیچ پێوەندییەکی جوگرافی لەگەڵ حکومەتی بەغدا نامێنێت، هەروەك چۆن لە دوای ڕاگەیاندنی بەناو خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەوەی کوردستان و بەغدا تەنیا ئاسمان پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بۆیە لە ئێستاوە کوردستان وەك کاراکتەری سەرەکی لە شەڕی داعش لە سەر زەوی وەك کیانێکی سیاسی و لایەنێکی سەرەکی لە هاوکێشەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆی بۆ ئایندەی دوای کۆتایی هاتنی داعش ئامادە دەکات و دەبێتە مۆدێلێك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕێگە نەدرێت هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش بەو ئاستە گەشە بکەن کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ڕابگەیەنن.

> **خاڵی سەرەکی و گەوهەری لە دوای کۆتاییهاتنی داعش ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننە دەکرێت. لەبەر ئەوەی لە سووریا و عێراقیش سیاسەتە هەڵەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و حکومەتەکەی نوری مالیکی وایکرد، عەرەبی سوننە لە نێوان مالیکی و بەشار ئەسەد داعش هەڵبژێرن**

لێرەوە و لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و تێڕوانینەکان بۆ دووبارە گێرانەوەی سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییە ڕاستەقینەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، نەك سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، لەبەر ئەوەی دەرکەوتنی تیرۆریستانی داعش بەرەنجامی ئەو دەوڵەتە سەقەتەیە کە لە بەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ، ئەنجامی ڕێککەوتنەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی سەپاندوویەتی، بۆیە ئەم جۆرە دەوڵەتانەی کە وەك دەستکەوتی شەڕ لە نێوان هاوپەیمانانی شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشکراون، لەسەر بنەمای دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی سەدەی حەڤدەهەمی ئەورووپا وەك پرۆسەیەك بۆ بونیادنانی ئاستی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکانی ئەورووپا بونیاد نەنراون، بەڵکو بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانانی شەڕەکە درووستکراون.

هەربۆیە لە ئێستادا کە جیهان لەسەر پرسی لەناوبردنی داعش بەرەو کۆدەنگییەکی بێ وێنە دەچێت. پرسی سەرەکی کە لێرەوە دەست پێدەکات، مەسەلەی دانوستاندنەکانی دوای شەڕی داعش و کۆتایی پێهێنانی داعشە.

خاڵی بەهێزی کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، بەوەی ئێستا کوردستان لە سایەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی-دا، بۆتە جێگەی تەنیا ئومێدی هاوپەیمانانی دژی داعش و ناتۆ و ئەمریکا بۆ ئەوەی لەسەر زەوی ئەم شەڕە بەلایەکدا بخات، ئەم واقیعە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەهەندی تازە بە دوای خۆیدا دەهێنێت و ناوەندەکانی درووستکردنی بڕیاری سیاسی و ناوەندەکانی درووستکردنی پلانی سەربازی، خەریکە بە تەواوەتی دەگەنە ئەو قەناعەتەی لە چوارچێوەی نەخشە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هیچ شێوەیەك نە داعش کۆتایی پێدەهێندرێت، نە ئاشتی و سەقامگیریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی دەبێت، سروشتی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانی سەدەی بیست و یەکەمیش واقعێکی وای خوڵقاندووە کە چیتر سەدەی بیست و یەکەم، سەدەی بیستەم نییە، هەتا دەسەڵاتی خۆسەپێن و تۆتالیتاری بتوانێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیکتاتۆریدا سەقامگیری بەرهەم بهێنێت، بۆیە لەم ڕاستەوە چەند خاڵێك بۆتە، خاڵی هاوبەش بۆ بەرژەوەندی تەواوی هێزە گەورەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە دەکرێت ئەمجۆرە ئاماژەیان پێبکەین:

● کێشەی گەورە و سەرەکی لە ناو عەرەبی سوننە، مەسەلەی زەقبوونەوەی تەنگژە و کێشەی نێوان شیعە و سوننەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی کێشەی نێوان شیعە و سوننە، سنووری دەوڵەتەکانی بەزاندووە و بۆتە کێشەیەکی گەورە لە نێوان دەوڵەتانی سوننەی کەنداو و ئێراندا، ئەوا دەبێت چارەسەرێك بدۆزرێتەوە سوننە و شیعە لێك جیابکرێتەوە، باشترین دەوڵەتیش



بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەی لێ تاقی بکرێتەوە، هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراقە، لەبەر ئەوەی ئێستا سووریا و عێراق، هیچ سیفەتێکی دەوڵەتی خاوەن سەروەرییان تێدا نەماوە.

● ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئامانجی ئەوە بێت فیکری داعش لە ریشەوە هەڵبکێشێت، ئەوا ئەم فیکرە بە دەستی عەرەبی سوننە هەڵدەکێشرێت، لەبەر ئەوەی عەرەبی سوننە کە هاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان شیعە و داعشدا، ئەوا داعش هەڵدەبژێرێت، نەك پێکەوەژیان لەگەڵ شیعەدا، ئەوجا بۆ ئەوەی داعش نەمێنێت، ئەوا دەبێت شیعە و سوننە لە یەکتری جیابکرێتەوە.

● لەم نێوەندەدا کوردستانی باشوور تەنیا قەوارەی سیاسییە لە ناوچەکە کە کێشەی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە و کێشەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی نییە، ئەم مۆدیلە کە هەموو بیرمەندان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەوەی پێویستە ببێتە مۆدێلی تازەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا لەلایەن رۆژئاواو هاوپەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپاوە پشتگیری لێدەکرێت، هەروەها کوردستانی باشووریش خۆی ئەو راستییەی سەلماندووە کە دەتوانێت بەبێ چاودێری نێودەڵەتی و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی، ئاشتی و تەناهی و سەقامگیری لە چوارچێوەی کوردستانی باشووردا فەراهەم بکات.

● لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانە کە ئێستا بەشێکن لە واقیعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چارەسەرکردنی کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوە دەرچووە کە سنوورە کۆنەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە پێی چارەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر لەم حاڵەتەدا سنوورێك بۆ ئەم تەنگژەیە دانەنرێت، ئەوا مەدی شیعە و سوننە بە شێوەیەکی مەزهەبیی زۆر خراپ، دووبارە سنوورەکان درووست دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئێستا مەدی شیعە سنووری لە نێوان باشووری لوبنان و سووریا و عێراق نەهێشتووە، هەروەها مەدی فیکری داعش سنووری لە نێوان سووریا و عێراق نەهێشتۆتەوە.

لەسەر بنەمای ئەم واقیعە تازەیە کە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەسەر زەوی بۆ باشووری کوردستان درووستیان کردووە، ئەجیندای سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی نەتەوەی کورد و سەرۆکی کوردستان لە پێگەیەکدایە کە هەموو جیهانی ئازاد پشتگیری ئەو سەقامگیری و تەناهییە دەکات کە لە کوردستان بوونی هەیە، ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە کە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی، کوردستانی لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتە دەوڵەتێکی هاوچەرخی خاوەن سەروەری و فاکتەرێك بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ تەواوی ناوچەکە.

**کوردستان وەک دەوڵەتێکی ئەمری واقیع لە چوارچێوەی سەرکردایەتی لۆژیکانەی مسعود بارزانی بۆتە ئەو دەوڵەتەی بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە هەیە**



بارودۆخی ناوچەکە لە هەموو روویەکەوە بەرەو گۆڕانکاری گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت. لەناو ئەم بارودۆخەدا کوردستان بۆتە فاکتەرێکی سەرەکیی نێو هاوکێشە سیاسییەکان و هەموو جیهان مکوڕە لەسەر ئەوەی پێویستەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە باشی پڕچەك بکرێت، لە سەرینی ئەم بارودۆخەوە مەزندە دەکرێت گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە روویدات و دۆزی کوردیش هەنگاوێکی گەورە بچێتە پێشەوە و کوردستان بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرێت. بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم بارودۆخە و گۆڕانکارییەکان ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سیاسەتمەدار دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## دیندار نەجمان دۆسکی
## سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان بۆ گوڵان:

# دانانی ئاڵای کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی بۆ پێشوازیی سەرۆک بارزانی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بەرەوپێشەوەچوونێکە مەزندە ناکرێت

*** بارودۆخـی ئێسـتای ناوچەکە بـە گۆڕانکارییەکی هەستیار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، لە کاتێکدا سەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە سـەرنجی هەموو جیهانی راکێشـاوە، هەموو لایـەك مەزندەی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردسـتان دەکەن، ئایـا وەك سیاسـەتمەدارێك چـۆن ئـەم گۆڕانکارییانـە دەخوێنیتەوە؟**

- ئێسـتا بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و تەنگژە و کێشەکانی بەسـەر دوو میحوەردا دابەش بوون. راستە وەك پێشـان جەمسـەربەندی بلۆکی سۆشیالیسـتی و رۆژئاوا نییـە، بەڵام جارێکی دیکە رووسـیا بـە بەهێزی هاتۆتەوە ناوچەکـە و ململانێیەکـی گـەورە لەنێـوان هـەردوو هێزە گەورەکـەی جیهـان (ئەمریـکا و رووسـیا) دەسـتی پێکردۆتـەوە، لەلایەکـی دیکەوە بە هاتنی تیرۆریسـتانی داعش رەوشـی سیاسـی و جوگرافی ناوچەکـە گۆڕاوە، دەوڵەتێـك لـە ژێـر دەسـەڵاتی داعش بـووە، پێـی دەڵێن «دەوڵەتـی ئیسـلامی» کـە نیـوەی عێراق و سـووریای داگیرکـردووە، ئەم هەمـوو رووداوانە حەتمەن گۆڕانکاری گەورەشـی بەدوادا دێت، هەروەك لە دوای هەر شـەڕێکی گـەورەی جیهانـی گۆڕانکاری گـەورە دروسـت بووە. بـۆ نموونـە دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی لـە بـەر رۆشـنایی نەخشـەی سـایکس پیکۆ تەواوی نەخشـەی ناوچەکـە گۆڕا و چەندین دەوڵـەت لەناوچوون و چەندین دەوڵەتـی تـازە درووسـتکران، ئێسـتا لـەم حاڵەتـە کـە ئەمیـش هەر شـەڕێکی جیهانییە و هەمـوو جیهان دژی داعـش راوەسـتاوە، خەریکـە دەگەینـە ئـەوەی قەناعەت بـە تیـۆری پێکدادانـی شارسـتانییەتەکانی هنتنگتـن بهێنیـن، بۆیـە حەتمەن ئێمە وەکو کـورد دەبێت هەوڵبدەین سـوود لـەم بارودۆخـە وەربگرین و خۆمان ئامـادە بکەین لـەم بارودۆخـە زەرەرمەنـد نەبین. لە ئێسـتا کـە باس لە دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان دەکەیـن، ئـەوا دەبێت کار بـۆ ئەم پرسـە بکەین، لە ئێسـتادا باشـترین دەرفەت هەڵکەوتـووە و زۆر لـە ناوەندەکانـی فیکـر و توێژینـەوە بـاس لە گۆڕانـکاری جوگرافی و دووبارە دارشـتنەوەی نەخشـەی ناوچەکـە دەکـەن، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، چیدیکـە هـەردوو دەوڵەتـی سـووریا و عێـراق وەك دوو دەوڵـەت بوونیـان نەمـاوە و دەبێـت دووبـارە درووسـت

**بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنگژە و کێشەکانی بەسەر دوو میحوەردا دابەش بوون. راستە وەک پێشان جەمسەربەندی بلۆکی سۆشیالیستی و رۆژئاوا نییە، بەڵام جارێکی دیکە رووسیا بە بەهێزی هاتۆتەوە ناوچەکە و ململانێیەکی گەورە لەنێوان هەردوو هێزە گەورەکەی جیهان (ئەمریکا و رووسیا) دەستی پێکردۆتەوە**

**لە ئێستادا باشترین دەرفەت هەڵکەوتووە و زۆر لە ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە باس لە گۆڕانکاری جوگرافی و دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە دەکەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، چیدیکە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق وەک دوو دەوڵەت بوونیان نەماوە و دەبێت دووبارە درووست بکرێنەوە**

**لەناو ئەم کێشمەکێشەدا دوو میحوەری سەرەکی درووست بووە، میحوەرێکی شیعەیە کە ئێران و عێراق و سووریا و باشووری لوبنان دەگرێتەوە، تەنانەت دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکە سەبارەت بەم میحوەرە مەترسی درووستبوونی هیلالی شیعیشیان هەیە، بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سعودیە، کە ئەوانیش خۆیان بە نوێنەرانی دەوڵەتانی عەرەبی و سوننە دەزانن، بۆیە لەنێوان ئەم دوو میحوەرە پێویستە کورد زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و نەبینە قوربانی نێوان ئەو کێشە مێژووییانەی لە نێوان ئەم دەوڵەتانە بوونیان هەبووە**

بکرێنەوە، ئەوجا لەم دروستکردنەوەیەدا لەوانەیە هەریەك لە عێراق و سووریا ببنە چەند دەوڵەتێك، بۆیە لە ناو ئەم واقیعەشدا چەند دەوڵەتێکی گەورەش هەن وەك ئێران و تورکیا و سعودیە، ئێستا ئەو دەوڵەتانە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی دەکەن، بۆیە لەوانەیە بیر لە ئایندەی خۆشیان لەم ناوچەیە بکەنەوە و هەموو شتێك لەبەرچاو بگرن، چاودێری ئەوە بکەن ئەم بارودۆخە لە ئایندە بەرەو کوێ دەچێت. ئایا سووریا و عێراق دابەش دەبن، یان دابەش نابن؟ بۆیە لەناو ئەم کێشمەکێشەدا دوو میحوەری سەرەکی دروست بووە، میحوەرێکی شیعەیە کە ئێران و عێراق و سووریا و باشووری لوبنان دەگرێتەوە، تەنانەت دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکە سەبارەت بەم میحوەرە مەترسی درووستبوونی هیلالی شیعیشیان هەیە، بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سعودیە، کە ئەوانیش خۆیان بە نوێنەرانی دەوڵەتانی عەرەبی و سوننە دەزانن، بۆیە لەنێوان ئەم دوو میحوەرە پێویستە کورد زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و نەبینە قوربانی نێوان ئەو کێشە مێژووییانەی لە نێوان ئەم دەوڵەتانە بوونیان هەبووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، کێشە و ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمان و سەفەوی زۆر توند بووە، ئێستا بە شێوەیەکی دیکە ئەم کێشە و ململانێیە هەر بوونی هەیە، بۆیە گرنگە ئێمە بزانین چۆن سوود لەم دەرفەتە وەردەگرین و چۆن هەنگاو هەڵدەگرین بۆ درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا کە ئێستا زەمینەکە لەبارە.

*** لەنێو ئەم بارودۆخەدا سەرۆك بارزانی سەردانی دەوڵەتانی کەنداوی کرد و لە چەند ڕۆژی ڕابردووش سەردانی تورکیای کرد و سەردانەکانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەبووە. ئایا چۆن سەیری ئەم سەردانانەی سەرۆك بارزانی دەکەیت؟**

- ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بارودۆخە هەڵسەنگاندن بۆ سەردانی سەرۆك بکەین بۆ سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەر لە خەباتی پارتیزانییەوە تا ئێستاش نەیانتوانیوە پرسی کورد و مافی کورد وەك خۆی لە جیهانی عەرەبی چ لەسەر حکومەتەکان، یان لەسەر ئاستی میللی تێبگەیەنن، ئەوجا ئەمەیان خەتای خۆمانە نەمانزانیوە، یان فیکری شۆڤینی عەرەبی ڕێگربووە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەواوی وڵاتانی عەرەبی، من تەنیا ناڵێم سعودیە، یان دەوڵەتانی کەنداو، بەڵکو مەبەستم میسر و ئوردن و وڵاتانی دیکەشە، خزمەتێکی گەورەی کێشەی کورد دەکات، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە لە باشووری کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ عەرەب نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرسە وەك خۆی نەگەیەندراوە، لەوانەیە خەڵکی نەشارەزا وابزانن ئەمە کێشەی نێوان کورد و عەرەبە، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە بە درێژایی مێژوو کێشەمان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەبووە، بەڵام عەرەبی عێراق وەك نەتەوە بە برا و دراوسێی خۆمانمان زانیوە. بۆیە سەردانی جەنابی سەرۆك بە فەرمی بۆ شانشینی عەرەبستانی سعودی کە ئەمە دووهەمین جارە سەردانی سعودیە دەکات، هەروەها سەردانەکانی بۆ دەوڵەتانی دیکەی کەنداو خزمەتێکی گەورەی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب دەکات، بەتایبەتی سعودیە کە ئێستا سەکردایەتی جیهانی عەرەبی دەکات. بەتایبەتیش کە وەك بینیمان لە سعودیە بە ئاستی باڵای سەرۆکی دەوڵەت و لەوانەیە زیاتر لە سەرۆکی دەوڵەتیش پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرا، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانیش ئەو قەناعەتەیان لادرووست بووە، کە ڕۆڵی کورد و هەرێمی کوردستان لەو کێشانەی لەم ناوچەیە درووستبوون، چەند گرنگە. ئەم هەقیقەتە بۆ جیهانیش ئاشکرابووە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر داعشدا، ئێستا کورد لەسەر ئاستی جیهان بۆتە پرسێك و لەسەر ئاستی حکومەتەکان و ڕای گشتیش داوا دەکرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان پڕچەك بکرێت، بۆیە لەوانەیە من لە خەڵکی دیکە زیاتر ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانیم بۆ دەوڵەتانی کەنداو سعودیە لا گرنگتر بێت، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە لە کوردستانی باشوور لەگەڵ دەوڵەتێکی عەرەبییە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە عێراق جیاببینەوە و سەربەخۆ بین، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە کێشەمان لەگەڵ بەشێکی عەرەبییە، بەڵام ئەگەر پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی باش بێت و ئەوان تێبگەن ئێمە بۆ ئەوان چەند گرنگین، لەوانەیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان قبووڵ بکەن، نەك دژایەتی بکەن و ڕەتی بکەنەوە. بەتایبەتیش لەسەر ئاستی دەوڵەتانی کەنداو بەگشتی و سعودیە بەتایبەتی کە کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر پرسە سیاسییەکان هەیە. ئەم پێشوازییە گەرمەی لە جەنابی سەرۆك کراوە ئەوە بە دڵنیایی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە دیدی سعودیە بۆ دۆزی کورد بەگشتی گۆڕانێکی

گەورەی بەخۆوە دیوە، سعودیە دەبینێ تەنیا لایەنێك لە ناوچەكەدا دالْدەی عەرەبی سوننە و عەرەبی دابێت، سەرۆك مسعود بارزانی خۆیەتی، هەرێمی كوردستان ئەم هەموو رەوت و ریزە عەرەبە سوننەیەی لە مەرگەساتی لەناوچوون پاراستووە، سعودیە لەوە تێگەیشتووە كە لە ناو ئەم قەیرانە گەورانەی نێوان سوننە و شیعەدا كورد جەمسەرێكی سەرەكییە بۆ چارەسەر، بەو پێشوازییە گەرمەی سەرۆك بارزانی رادیارە كە سعودیە دیدی خۆی لە رووی ستراتیژییەوە گۆڕیوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین بەرژەوەندیمان لە كوێدایە، واتە گرنگە لایەنە سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان لەم رووەوە یەك دید و بۆچوونی سیاسیان هەبێت و ئەمە نەبێتە گوزارشتێكی سیاسی. مەبەستم ئەوەیە من نامەوێت ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆك، خوێندنەوەیەكی حزبییانەی بۆ بكرێت. راستە ئێستا كێشەی سەرۆكایەتی هەیە، بەڵام لە واقیعدا ئێستا جەنابی كاك مسعود سەرۆكی هەرێمە و وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، نەك تەنیا وەك سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان، دەبێت ئەمە لە خزمەتی میللەتی كوردا بێت و دەبێت هێزە سیاسیەكان یەك بیروبۆچوونیان هەبێت، راستە ناكۆكی هەیە لە نێوان هێزە سیاسییەكاندا لە سەر هەندێ كێشە، بەڵام لە هەندێ مەسەلەدا كە پەیوەستن بە ئایندە و كێشە و كیانی كورد، ئەوا پێویستە هێزە سیاسییەكان لە یەك نزیك بن.

*** ئەی سەبارەت بەسەردانی سەرۆك بۆ توركیا؟**

- لە چەند ساڵی رابردوو پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا بەرەوپێشەوەچوونی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئێمە هەتا نەگەڕێینەوە بۆ مێژوو و دووبارە تێڕوانینی توركیا وەك دەوڵەت بەرامبەر كورد نەهێنینەوە بەرچاومان و لەگەڵ ئێستا بەراوردی ناكەین، نازانین چ گۆڕانكاریەكی گەورە دروستبووە، من بیرم دێ لە سەردەمی سلیمان دیمیریل توركیا بە ئاستێك دژی دامەزراندی دەوڵەتی كوردستان بوو دەیگووت، هەتا ئەگەر دەوڵەتی كوردستان لە ئەفریقیاش دابمەزرێت ئێمە دژی دەبین و ناهێڵین، بۆیە وەرچەرخانێكی گەورە لە پێوەندی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان هاتۆتە ئاراوە، فاكتەری هەرە سەرەكیش كە ئەم وەرچەرخانەی دروستكردووە، دیپلۆماتیەتی سەرۆك مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان دروستی كردووە، دیسان دەڵێم راستە فاكتەری دیكەش هەبوون بۆ وەرچەرخانی دیدی توركیا بەرامبەر بەكورد، بەڵام فاكتەری سەرەكی دیپلۆماتیەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەت بووە، توركیایەك لە سەردەمی دیمیریل دژی كوردستانێك بووبێت لە ئەفریقیا، ئێستا هەر ئەو توركیایە لە هەولێر كونسولگەری هەیە، سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی توركیا خۆیان دێن سەردانی هەرێمی كوردستان دەكەن، لەمەش زیاتر وەك لە سەردانی ئەمجارە سەرۆك بارزانی بینیمان، لە توركیا بە هەڵدانی فەرمی ئاڵای كوردستان پێشوازی لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەن، ئەم رووداو وەرچەرخانێكە كە رەنگە لای زۆربەی هەرە زۆری ئێمەومانان وەك خەیاڵێك بووە، تەنانەت سیاسەتمەدارانی كوردستانی باكووریش پرسی دانانی ئاڵای كوردستانیان بەشێوەیەكی فەرمی لەلایەن توركیا بۆ پێشوازی لە بارزانی بە گرنگ دانا، لەبەر ئەوەی ئەمە یەكەمین جارە دەوڵەتی توركیا بە شێوەیەكی فەرمی ئاڵای كوردستان لە پێشوازی سەرۆك بارزانی دادەنیت، ئەمەش خۆی لە خوێدا دانپێدانانێكە بە هەرێمی كوردستاندا. بەڕاستی ئەمە پێشكەوتنێكی گەورەیە، ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێوەندییە بكەین، ئێستا هەرێمی كوردستان بۆ توركیا زۆر گرنگە، هەروەك چۆن دەوڵەتی توركیاش بۆ ئێمە گرنگە، كێشەی ئێمە لە كوردستانی باشوور لەگەڵ دەوڵەتی عێراقە، ئێستا عێراق لە میحوەری ئێران و رووسیادایە، بۆیە لە بەرامبەردا ئێمە پێویستمان بە دەروازەیەك هەیە لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتانە، لەلایەكی دیكە پێوەندی ئابووری و بازرگانی هەرێمی كوردستان پێوەندییەكی فراوانە و ساڵانە دەگاتە ١٠ ملیار دۆلار، بۆیە دروستكردنی ئەم تۆڕی پێوەندییە بازرگانی و ئابوری و سیاسیە لەگەڵ دەوڵەتێكی هەرێمی و گەورە و دەوڵەتێكی گەورەی ناو هاوپەیمانی ناتۆ، بۆ كوردستان زۆر گرنگە، لەلایەكی دیكەوە هەرێمی كوردستانیش بۆ توركیا زۆر گرنگە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رووسیا هاتە ناو كێشەی سووریا، نیوانی رووسیا و توركیا تێكچووە، هەروەها نێوانی عێراق و توركیا تێكچووە، نێوانی توركیا و ئێران باش نییە و دەشزانین لەگەڵ رژێمی ئەسەد پێوەندی چۆنە، رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك كۆماری توركیا بە راشكاوانە دەڵێت: سیاسەتی ئێران لە ناوچەكە سیاسەتێكە هاندەری مەزهەبگەراییە، ئەمەش واتە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی توركیا، بۆیە لەم هاوكێشەیەدا هەرێمی كوردستانیش بۆ توركیا زۆر گرنگە، من ئومێدی ئەوە دەخوازم ئەم پێوەندییانەی نێوان هەرێمی كوردستان لە خزمەتی هەردوولادا بێت و دژی هیچ لایەك نەبێت، فاكتەرێك بێت بۆ خزمەتی چارەسەركردنی ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا،

**كێشەی ئێمە لە باشووری كوردستان لەگەڵ حكومەتی عێراقە، ئێمە كێشەمان لەگەڵ عەرەب نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرسە وەك خۆی نەگەیەندراوە، لەوانەیە خەڵكی نەشارەزا وابزانن ئەمە كێشەی نێوان كورد و عەرەبە**

**لە سعودیە بە ئاستی باڵای سەرۆكی دەوڵەت و لەوانەیە زیاتر لە سەرۆكی دەوڵەتیش پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرا، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانیش ئەو قەناعەتەیان لادرووست بووە، كە رۆڵی كورد و هەرێمی كوردستان لەو كێشانەی لەم ناوچەیە دروستبوون، چەند گرنگە**

**هەرێمی كوردستان ئەم هەموو رەوت و ریزە عەرەبە سوننەیەی لە مەرگەساتی لەناوچوون پاراستووە، سعودیە لەوە تێگەیشتووە كە لە ناو ئەم قەیرانە گەورانەی نێوان سوننە و شیعەدا كورد جەمسەرێكی سەرەكییە بۆ چارەسەر**

**نامەوێت ئەم سەردانەی جەنابی سەرۆک، خوێندنەوەیەکی حزبییانەی بۆ بکرێت. راستە ئێستا کێشەی سەرۆکایەتی هەیە، بەڵام لە واقیعدا ئێستا جەنابی کاک مسعود سەرۆکی هەرێمە و وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نەک تەنیا وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەبێت ئەمە لە خزمەتی میللەتی کوردا بێت و دەبێت هێزە سیاسیەکان یەک بیروبۆچوونیان هەبێت**

**ئومێدی ئەوە دەخوازم ئەم پێوەندییانەی نێوان هەرێمی کوردستان لە خزمەتی هەردوولادا بێت و دژی هیچ لایەک نەبێت، فاکتەرێک بێت بۆ خزمەتی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، بەتایبەتی کە هەموو کات هەرێمی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆک بارزانی رۆڵی گەورەیان هەبووە لە هاندانی حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات**

بەتایبەتی کە هەموو کات هەرێمی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆك بارزانی رۆڵی گەورەیان هەبووە لە هاندانی حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات. ئاشکرایە پێش هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیا، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ئاستەنگی هاتە بەردەم و راوەستا، لە دوای ئەم سەردانەی سەرۆك ئومێد دەکرێت ئەو پرۆسەیە دووبارە دەست پێبکاتەوە، بەتایبەتی کە سەرۆك بارزانی لەگەڵ هەدەپە و سیاسەتمەدرانی کوردستانی باکوور کۆبۆوە، بۆیە بە رەچاوکردنی رۆڵی سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، ئێستا ئومێد دەکرێت هەمان رۆڵ بگێڕێت و حکومەتی تورکیا و کوردی باکوور لە دەوری مێزێك کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دووبارە پرۆسەی ئاشتی دەستپێبکاتەوە، ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە دۆزی کورد دەکات.

*** ئەگەر باس لە ئازادکردنی شنگال بکەین، دیارە ئەم ئۆپەراسیۆنەش سەرکەوتنێکی گەورەی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بەسەر تیرۆریستانی داعش. زۆر لە پسپۆڕان ئەم سەرکەوتنە بە وەرچەرخان لە شەڕی داعش دادەنین، ئایا تاچەند ئازادکردنی شنگال گرنگ بوو؟**

- داگیرکردنی شنگال برینێك بوو لە جەستەی هەر کوردێکدا، بەتایبەتی ئەوەی زۆر هەستی هەر تاکێکی بریندار کرد، ئەو مامەڵە نامرۆڤانەیە بوو کە تیرۆریستانی داعش دژی کوردانی ئێزیدی کردیان و کچ و ژنەکانیان رفاند، بۆیە هەتا شنگال ئازاد نەکرا، زامی ئەم برینە زۆر قورس بوو، بە ئازادکردنی شنگال ئازاری ئەم برینە کەمبووەوە، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگال کە جەنابی سەرۆك راستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە، داستانێك بوو بۆ کوردی تۆمارکردووە، بە جۆرێك بوو کە هیچ کەسێك مەزندەی نەدەکرد بە کەمتر لە دوو رۆژ تەواوی ئەو ناوچە بەرفراوانە ئازاد بکرێت. حکومەتی عێراق دووساڵە هەوڵدەدات نەیتوانیوە رومادی، یان فەلوجە، یان گەرمك ئازاد بکاتەوە، لە رووی جوگرافیاوە شنگال وەك ئەو ناوچانە گەورەیە، بۆیە ئەو سەرکەوتنە داستانێك بوو پێشمەرگەی کوردستان تۆماری کرد، ئەم داستانەش سەرنجی هەموو جیهانی راکێشا، بە ئازادکردنی شنگال سەلمێندرا لە شەڕی داعشدا تەنیا دەتوانرێت پشت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببەسترێت، ئەمە وایکرد پێشمەرگە و کورد لە جیهاندا ببنە سیمبولێك، هیچ کەسێك ناتوانێت ئینکاری گەورەیی ئەم سەرکەوتنە و ئەو داستانە بکات، بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسی لە روانگەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییەوە هەوڵدەدەن ئەم داستانە گەورەیە بچووك بکەنەوە، بەڵام ئەو لایەنانە هەڵە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لەسەر دەستی پێشمەرگەی کوردستان بەدەست هاتووە، پێشمەرگەی کوردستانیش هەموویان کوڕ و برای ئێمەن و دەبێت هەموومان شانازییان پێوە بکەین و بە گەورەیی سەیری ئەم داستان و سەرکەوتنە بکەین، لایەنێکی دیکەی داستانەکەی شنگال، کۆنترۆڵکردنی ئەو رێگە ستراتیژیە بوو کە هەردوو شاری گەورەی ژێر دەسەڵاتی داعش (موسڵ و رەققە) پێکەوە گرێدەدایەوە، بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئەم رێگە ستراتیژییە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە سەرەتایەکە بۆ تێکشکاندنی تەواوی داعش، لەبەر ئەوەی ئەگەر داعش پێشتر بە ٥ کاتژمێر لە موسڵەوە چووبێتە رەققە، ئێستا ١٥ کاتژمێر زیاتری دەوێت و رێگەکەش مەترسی زیاترە، هەروەها ئازادکردنی شنگال سەرەتایەکە بۆ ئازادکردنی موسڵیش.

*** کەواتە پێشبینی ئەوە دەکەن بەو پێیەی تەنیا هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی دەتوانێت ئەو شەڕە گەورەیە بکات، لەمەودوا زیاتر هاریکاری لۆجستی و چەك و تەقەمەنی پێشمەرگە بکەن و زیاتر بایەخ بە سەرۆك بارزانی بدەن وەك فەرماندەیەکی مەیدانی تا بتوانن شوێنەکانی تریش رزگار بکەنەوە؟**

ـ لە راگەیاندنەکانەوە لە سەر زاری بەرپرسانی ئەمەریکا و خۆرئاوا بڵاودەکرێتەوە و دڵنیابوونی ئەوان پیشان دەدەن لەسەر ئەوەی تەنیا هێزێك لە بەرانبەر داعش وەستابێتەوە و سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا تۆمار کردبێت، تەنیا هێزی پێشمەرگە بووە، هێزەکانی عێراقی نەیانتوانیوە وەك پێشمەرگە بەو جەربەزەیەوە پارێزگاری لە خاکی عێراق بکەن، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش لە رووی سیاسییەوە هاوپەیمانێکی بەتوانان بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا ئێمە هەرێمێکین، نەك دەوڵەتێك، کەچی کورد و پێشمەرگەی کوردستان بەشێکن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کە چەندین دەوڵەتی زلهێزی جیهانی تێدایە، تەنانەت پێشمەرگە هاریکاری برایانی شەڕڤانانیش بوو لە کۆبانێ و نەیانهێشت کۆبانێ بکەوێتە بندەستی داعش و شارەکەیان رزگارکرد، هەروەها ئەگەرچی بە پێی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی بۆیان نییە پێشمەرگە پڕچەك بکرێت، بەڵام دەوڵەتانی دنیا مکوڕبوون لەوەی پێشمەرگە راستەوخۆ پڕچەك بکرێت، لەبەر ئەوە وڵاتانی زلهێز ئامادە نین هێزی وشکانی بنێرن، لەبەر

ئەوەیە کە تەنیا هێزێك تا ئێستا متمانەیان پێی بێت بۆ ئەوەی شەڕی سەر زەمین یەکلابکاتەوە لە دژی دەوڵەتێکی تیرۆریستی تەنیا پێشمەرگەی کوردستانە.

*** بارودۆخێکی ناسك و هەستیار هەیە کە پێویستی بە یەکڕیزی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی ناوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە و هەمووان پشتیوانیی جەنابی سەرۆك بارزانی بکەین؟**


- ئێمە بە نیازی بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێکیش بین لە ئایندەدا ئەوا دەبێت یەکڕیز بین. لە سیاسەتدا بواری ڕێککەوتن و جیاوازی هەیە، ناکرێت هێزە سیاسییەکان لە هەموو شتێکدا یەکدەنگ و یەکڕەنگ بن، چونکە ئەو کاتە فرەلایەنی نامێنێت. واتە دەکرێت لە هەندێ مەسەلەی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆیی دیدوبۆچوونی جیاوازمان هەبێت، چونکە حزبێك لیبراڵە و حزبێك ئیسلامییە و یەکێکی دیکە سۆشیالیستە کە تێڕوانینیان جیاوازە بۆ پێشکەوتنی هەرێم، بەڵام لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا ئەوە باوە کە هەندێ خاڵ هەیە ناکرێت جیاوازی هەبێت لە ئاستیاندا، ئەویش مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییە کە بواری ئەوە نییە جیاوازی و ناکۆکی هەبێت لەبارەیانەوە. بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا ئەمە دیاری نەکراوە، واتە ئەو هێڵە سوورانە دیاری نەکراون کە نابێت هیچ هێزێك تەجاوزی بکات، ئەمە بە یاسا دیاری نەکراوە، ئەگەرچی بە مومارەسەی سیاسی ئەوە لە ئارادایە کە ئێمە هەموومان داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەین، بەڵام ئایا هەموومان بە یەك ڕێگە بەرەو ئەم ئامانجە دەڕوین؟ نەخێر، واتە دید و بۆچوونمان بۆ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە و ئەو کیانە ڕەنگە ناکۆکی تێدابێت، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەمە بواری ناکۆکی تێدا نەبێت، چونکە ئێستا ئێمە کۆمەڵە حزبێك نین، ئێمە هەرێمین و خاوەنی حکومەتی شەرعی هەڵبژێردراو و سەرۆکی هەرێمین و دامەزراوەی پەرلەمانمان هەیە، پێویستە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئایندە و بە کیان و ئاسایشی کوردەوە لەم دام و دەزگایانەوە ڕەسم بکرێن و دابڕێژرێن، بۆ ئەوەی هەموان بتوانین لەسەری ڕێکبکەوین، چونکە هەمو حزبە سیاسییەکان لە پەرلەمان و لە حکومەتدا هەن. لە ڕاستیدا هەر دەستکەوتێك کە ئێستا هەمان بێت بە یەکڕیزی هێزە سیاسیەکانی کورد دروست بووە، هەر لە بەرەی کوردستانییەوە تاوەکو ئێستا کە حکومەتمان هەیە، واتە چوارچێوەیەك هەبووە هێزە سیاسییەکان تێیدا ڕێککەوتوون، ئەو کاتە دەستکەوت بەدەست هاتووە. ڕاستە دەبێت بە گەشبینییەوە سەیری کێشەی کورد و کوردستان بکەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەڕەشە و تەحەددی لەسەر کێشەی کورد و هەرێمی کوردستان نەماوە، نەخێر هەر ماون، بەڵام لە ئێستادا کورد لە پێگەیەکی بەهێزتردایە لە جیهاندا و پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سوودی لێوەربگرین. ڕاستە ناکۆکی هەبووە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردسان لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم و سیستمی سیاسی لە کوردستان، ئەمە حاڵەتێکی زۆر سرووشتییە کە هەموو حزبەکان، بە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و ئەوانی دیکە بۆچوونی خۆیان هەبێت. بەڵام ڕای شەخسی من ئەوەیە وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە نەکراوە. باشە بۆچی دانیشتنی دووەم دەبێت دوادانیشتن بێت، با ٢٠ دانیشتنی دیکە بکرێت، ئێمە دووساڵی دیکە لەسەر ئەم پرسە باس و خواسمان بکردایە باشتر بوو لەوەی دۆخەکە بەم بنبەستگەیشتنە بگات. دواتر ئەمە کێشەی نوخبەیە و نابێت ئەم کێشەیە لەسەر شەقامەکان یەکلابکرێنەوە، چونکە شەقامەکان شوێنی ئەوە نین، ئەمە کێشەیەك بووە لە ئاستی پەرلەمان و لە ئاستی سەرکردەی حزبەکاندا بووە و دەبووایە لەو ئاستەدا چارەسەر بکرایە، لەبەر ئەوە پێویست بوو دانوستاندن بەردەوام بوایە. دەرکەوتیش بە هاتنەسەرشەقام چارەسەر نەکرا و ئێستا گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەم و پرسیارەکە ئەوەیە کەی ئەم پێنج لایەنە دانیشتن بکەن، بەڵام خۆ پێشتر دانیشتن کرابوو، با بەردەوام بوونایە، چونکە ئێستا کێشەکە بۆتە ئەوەی کەی دووبارە دانیشتن بکرێت و چۆن دانیشتن بکرێت. کەواتە بە شێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا نەکرا. من پێشتر وتم دانیشتنی ٢٣ مانگ درزێك بوو لە یەکڕیزی ماڵی کورد، ئێستاش چارەسەرکردنەکەی ئاسان نییە، ئەگەرچی مەحاڵیش نییە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەنجامی خراپی تێبکەوێت. من داوا دەکەم کە کێشەی کورد گەورەتر سەیر بکرێت لەم جیاوازی و ناکۆکییانە و ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت. بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە کە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ پەرلەمان کە نوێنەری خەڵکە، ئەوا ئەم کێشەیە لە واقیعی سیاسی کوردستان و لە سیستمی سیاسی کوردستاندا زۆر لەوە گەورەترە لە پەرلەماندا چارەسەر بکرێت و دەبوو لە دەرەوەی پەرلەمان چارەسەربکرایە، بەڵام ئاسانیش نەبوو کە بە چەند دانیشتنێك چارەسەر بکرێت، چونکە کێشەیەکە دوو بۆچوونی جیاوازی لەخۆ دەگرت، کە دەبوو دانوستاندنەکان بەردەوام بوونایە، تاوەکو دەگەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەند.

**بە ئازادکردنی شنگال سەلمێندرا لە شەڕی داعشدا تەنیا دەتوانرێت پشت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببەسترێت، ئەمە وایکرد پێشمەرگە و کورد لە جیهاندا ببنە سیمبولێک، هیچ کەسێک ناتوانێت ئینکاری گەورەیی ئەم سەرکەوتنە و ئەو داستانە نەکات، بەداخەوە هەندێک لایەنی سیاسی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتییەوە هەوڵدەدەن ئەم داستانە گەورەیە بچووک بکەنەوە**

**لە ڕاگەیاندنەکانەوە لە سەر زاری بەرپرسانی ئەمەریکا و خۆرئاوا بڵاودەکرێتەوە و دڵنیابوونی ئەوان پیشان دەدەن لە سەر ئەوەی تەنیا هێزێک لە بەرانبەر داعش وەستاییتەوە و سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا تۆمار کردبێت، تەنیا هێزی پێشمەرگە بووە، هێزەکانی عێراقی نەیانتوانیوە وەک پێشمەرگە بەو جەربەزەیەوە پارێزگاری لە خاکی عێراق بکەن**

# پێشینەو میکانیزمی توندوتیژی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

## نموونەی ئەنسارولئیسلام و بزووتنەوەی گۆڕان



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

### بەشی یەکەم

ئامانجی من لە نووسین و باسکردنی ئەم بابەتە، سەرنجراکێشانە بۆ پەیدابوونی دیاردەیەکی نوێ، ئەویش دیاردەی توندو تیژی سیاسییە، ئەم توندو تیژییە لە هەڵوێستی کەسایەتییە حیزبییە ناسراوەکان دەست پێدەکات، تا دەگاتە هەڵوێستی هەندێ حزبی دیاریکراو، ئەوکاتە هەوڵدان بۆ گواستنەوەی ئەم توندڕەوییە بۆ هەڵوێستی سیاسیی حزبی و ئاڵۆزکردنی هاوپەیمانی و پێوەندییە حزبییەکان لەناو کەشی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، هەڵبەت ئەو کەشە(دۆخەیە) کەوا حکوومەت و پەرلەمانی لێ پێك دێت، بەم دۆخەشەوە پێوەندیی نێوان دامو دەزگا سەروەریەکانی وڵات لەگەڵ کۆمەڵگا کە کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دروست دەبێت. ئەم توندوتیژی و توندڕەوییە دەکەوێتە ناو ئەم ستراکتورە، واتە ناو ئەم هەیکەلەی کە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێمە پێك دێنێ، سەرەنجام دەیخاتە ناو تەنگ و چەڵەمەوە.

ئەم توندو تیژییە جیا لە هەڵوێستی کەسایەتییەکان و هەڵویستی حیزبی، گواستراوەتەوە بۆ دامەزراندنی دامودەزگەی راگەیاندن، لە ڕۆژنامەوە تا تەلەفزیۆن و سەتەلایت، پاشان بەکارهێنانی ئینتەرنێت، لە ئینتەرنێتیشدا دروست کردنی ماڵپەرەکان و گواستنەوە بۆ فەیس بووك و تویتەر و یوتیوب. هەموو ئەمانە کەرەستەی نوێی گەیاندنن کە زۆر بە خێرایی ئەم هەڵوێستە توندڕۆیانە دەگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە. لە لایەکی دیکەوە لایەنگرانیان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەو فەرمانانە جێبەجێ بکەن کە لە لایەنی حیزبییەوە پێیان دەسپێرن.

**قۆناغەکانی توندڕەوی لە هەرێمی کوردستاندا**

قۆناخـی یەکەمـی تونـدڕەوی لە سـەرەتای ٢٠٠٣ وە زۆر بـە روونی دەرکەوت، کە قۆناغـی نوێی توندوتیژییە دوای شـەڕی ناوخـۆ کـە لە نێـوان یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا روویـدا، ئەگـەر شـەڕی ناوخـۆ بە قۆناخێـك دابنێـی و کۆتایی هاتبـێ، قۆناخـی توندوتیـژی سیاسـی وەك دیاردەیـەك لـە ٢٠٠٣وە ئەوکاتە دەسـت پێدەکات کـە دەوڵەتی عێراق لـە لایـەن هاوپەیمانێتـی نێودەوڵەتی و بە سـەرۆکایەتی ئەمەریـکا رووخێنـدرا، پاشـان بارودۆخێکـی نـوێ هاتە ئاراوەو عێراق و کوردسـتانی خسـتە ناو قۆناخێکی نوێ. ئـەم قۆناخە زۆر کراوەبـوو، دەرفەتی پێوەنـدی بە جیهان زیاتـر بـوو، بـە خێراییش کوردسـتان بـوو بە بەشـێك لە جـێ بایەخـی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، جـا چ ئەمەریکا بێت یـان ئەوروپا.

بووژانەوەیەکی خێرای سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی لە کوردسـتان هاتە ئـاراوە، ئەمەش وایکرد کەوا جووڵانی کۆمەڵایەتـی و جموجۆڵـی پێکهاتـەکان، هەوڵـدان بـۆ پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا، لە تاکە کەسـییەوە تا دەگاتـە خێزانیی و هەموو پێکهاتەکانی کوردسـتان دەسـتی پێکرد. بۆیە کوردسـتان بـوو بـە پانتاییەکی گەورەی هێنانـی بیروباوەڕی نوێ و دیالـۆگ و گۆڕینـەوەی ڕوانگا.

ڕێـك لەو کاتـەدا دوو باڵی زۆر توند لەنـاو بزوتنەوەی سیاسـی کوردسـتان دروسـت بـوون و بوونە سـەرکردەی کۆمەڵگـە بۆ دروسـت کردنـی بیروبـاوەڕی توندڕۆیی، بـۆ نواندنـی هەڵوێسـتی سیاسـی تونـد، هەروهـا بـۆ کاردانـەوەی خەشـن و توندوتیـژ لە کـردەوەدا، ئەوانیش:

یەکەمیـان: حزبـی بزووتنەوەی ئیسـلامی کوردسـتان بـوو، کـە لەناو خۆیـدا چەنـد باڵێکی لێ دروسـت بوو، توندتریـن باڵیان(ئەنسارولئیسـلام) بـوو، کـە بەخێرایـی پەنـای بۆ کێوەکانی کوردسـتان برد، پاشـان لە ناوچەی هەورامان و بەشـێك لە شارەزوور گیرسـایەوە. لە ڕاستیدا لـە مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێك حکوومەتێکی ئیسـلامی هاوشـێوەی تاڵیبـان و بـە ئاشـکرا دەیانگـوت ئێمـە بەشـێکین لە(ئەلقاعیدە)ـیان دروسـت کرد، هەوڵیاندا لەم سـاڵەدا توندتریـن شـێوازی فکری بڵاوبکەنەوە و بەسـەر خەڵکـی ناوچەکەدا بیسـەپێنن، پاشـان زۆرترین شـەڕی عەسـکەری لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان بکـەن، زۆرترین پێوەنـدی و ئیمکانیاتیـان هەبـێ کە لە ڕێگـەی ئێرانەوە ببەسـترێنەوە بـە (القاعیدە) لە ئەفغانسـتان، بە ئاسـانی بتوانـن کادیرانـی خۆیان بنێـرن و کادیریـش لەوێوە بێنن، لە ڕاسـتیدا کوردسـتان بوو بـە گوزەرگاو شـوێنی هاتن و تێپەڕینـی جموجۆڵـی ئەلقاعیدە، هەروەها ویسـتیان لە ڕووی فکریشـەوە تەجرەبـەی تاڵیبـان بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کوردسـتان بێنن.

دووەمیـان: باڵـی ریفۆرمـی نـاو یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بـوو کـە نەوشـیروان مسـتەفا سـەرۆکایەتی دەکـرد، ئەوکات نەوشـیروان جێگری سـکرتێری گشـتی یەکێتـی بـوو، لـە کـردەوەدا ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی بەڕێوەدەبـرد، لە هەمانکاتیشـدا مام جـەلال هەموو کاتی خـۆی بـۆ بەغـدا تەرخان کردبـوو، لە بەغـداش مایەوە. لـە کـردەوەدا یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بـە هەموو پێکهاتەکانـی عەسـکەری و ڕێکخراوەیـی و فکـری و کۆمەڵایەتـی کەوتە دەسـتی نەوشـیروان مسـتەفا.

نەوشـیروان مسـتەفا مێـژووی تایبـەت بەخـۆی لەنـاو بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کوردسـتاندا هەیە، لە شەسـتەکاندا لەگـەڵ باڵی مەکتەبی سیاسـی بـووە، لە نـاو میدیـا و لە کردەوەشـدا لـە کادیرە تونـدڕۆکان بووە، لەنـاو بزووتنەوەی پێشمەرگایەتیشـدا لـە دوای ١٩٧٦ بە کـردەوە جێگـری مـام جەلال بـووەو فەرماندەی گشـتی هێزەکانی یەکێتی بووە، سـکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان بـووە، کە ئەوکات ڕێکخراوێکی مارکسیسـتی بـە مەیـل بـەرەو ماویـزم، واتـە تونـدڕۆ بـوو لـە چاو ڕێکخراوەکانـی دیکـەی مارکسیسـتی لـە کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکەدا.

نەوشـیروان مسـتەفا هەمیشـە بـڕوای بـە یـەکلا کردنـەوەی عەسـکەری و کوشـتنی نەیارەکانـی خـۆی و هاوکارەکانیشـی ئەگـەر لەگەڵیـدا نەبووبـن هەبـووە، ئەوەشـی لەنـاو خـودی حیزبەکـەی خۆیـدا کـردووە، هەمـوو ئەو شەڕانەشـی کـە زۆرترین کوشـت و بڕی لە کوردسـتاندا تێدا بووە لە ژێر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی نەوشـیرواندا بووە.

دوای ٢٠٠٣ جارێکی تر یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بـەو هەمـوو توانا عەسـکەری و فکری و ڕێکخسـتنەی کـە هەیبـوو کەوتە دەسـتی نەوشـیروان مسـتەفاوە، لەو کاتـەوە بـە خێرایـی نەوشـیروان کەوتـە دامەزراندنـی دەزگای نـوێ بۆ ئەوەی بیروبـاوەڕی توندڕەوانەی خۆی بگوازێتـەوە بـۆ نـاو کۆمەڵگـەی کوردسـتان. ئەوەبـوو پەنـای بـرد بـۆ دروسـت کردنی هەندێـك لـە ڕۆژنامە بەنـاوی ڕۆژنامـەی ئەهلی، لـەوان (هاووڵاتی، ئاوێنە) دوای ئـەوەش ڕۆژنامـەو گۆڤـار و دامودەزگـەی دیکـەی بـەدوادا هـات کە لـە ئێسـتادا ناو سـلێمانییان تەنیوەتـەوە، بۆیـە زۆر بە زەحمـەت دەکرێت دیاری بکەی کـە کام دەزگای ڕاگەیانـدن لـە سـلێمانی هەیە سـەربە دامودەزگاکانـی گـۆڕان یان خـودی نەوشـیروان نەبێت،

**ماوەیەک ئەنسارولئیسلام کوردستانی کردبووە گوزەرگاو شوێنی هاتن و تێپەڕینی جموجۆڵی ئەلقاعیدە، هەروەها ویستیان لە ڕووی فکریشەوە تەجرەبەی تاڵیبان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بێنن**

**نەوشیروان مستەفا هەمیشە بڕوای بە یەکلا کردنەوەی عەسکەری و کوشتنی نەیارەکانی خۆی و هاوکارەکانیشی ئەگەر لەگەڵیدا نەبووبن هەبووە، ئەوەشی لەناو خودی حیزبەکەی خۆیدا کردووە، هەموو ئەو شەڕانەشی کە زۆرترین کوشت و بڕی لە کوردستاندا تێدا بووە لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیرواندا بووە**

**لە سلێمانی و هەندێ ناوچەی تردا دەگەڕان بە دوای کۆکردنەوەی جۆری جنێوەکان و مانای جنێوەکان، چ کاریگەرییەکی دەروونی دەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، یان چ کێشەیەک دروست دەکات، ئەمانەیان نووسییەوە و هێنایان لە ڕاگەیاندنی سەر بە نەوشیروان لە قۆناخی پێش دروست بوونی گۆڕاندا کۆیان کردنەوەو کادیری تایبەتییان بۆ دامەزراندن**

یان بەلانی کەمەوە کادیرەکانی ئەوانی تێدایەو سوودی لێوەردەگرن.

یەکەمین هەنگاوی نەوشیروان ئەوەبوو کە لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا پرۆژەیەك بۆ ڕیفۆرم پێشنیار بکات، لە راستیدا سوود وەرگرتن لە چەمکی پێشکەوتووخوازانە یەکێکە لەو کەرەستانەی کە بەردەوام توندڕۆکانی غەیرە دینی لە بزووتنەوەی سیاسیدا بەکاری دێنن، وەکو (دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕیفۆرم، چەمکەکانی شۆڕشگێڕی) یان ئەو چەمکانەی کە لە سەردەمدا هەن.

**هەر لە ٢٠٠٣دا نەوشیروان مستەفا بەخێرایی پەنای بۆ سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت برد، ئەوەبوو ژمارەیەک ماڵپەریان دروست کرد کە لە دواییدا لەسەر ماڵپەری (کوردستان پۆست) گیرسایەوە**

نەوشیروان هەوڵیدا بە خێرایی کۆمەڵێك کادیری نوێ لەناو سلێمانی و لەناو یەکێتی دەستەچین بکاو کاریان لەسەر بکات، بۆئەوەی بەپێی مەیلی خۆی و بێ موناقەشە بیروباوەڕی توندڕۆیانەی ئەو بڵاوبکەنەوە. هەربۆیە بە خێرایی درزێك کەوتە نێوان نەوشیروان و سەرکردەکانی هاوتەمەنی ئەو لەناو یەکێتیدا، بە تایبەتیش لە نێوان نەوشیروان و مام جەلال خیلافێکی روون دروست بوو کە یەکێتی نیشتمانی بۆ ماوەی شەش ساڵ لەم ناکۆکیەدا ژیا، لە ڕاستیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستانی وەکو حزبی دووەمی بەهێزی کوردستان تووشی دووفاقی (انفصام)کرد.

لە لایەك ئەو یەکێتییە بوو کە بەڕێز مام جەلال دەیویست وەکو حزبێکی بەشدار لە بەڕێوەبردنی کوردستان و عێراق بەرەو هاوپەیمانێتی و دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی حزبی و نیشتمانی بەرێت، بەتایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیدا، دەیویست ئەو ڕابردووە پڕ لە ناکۆکی و خوێناوییە کۆتایی پێ بێنێت و بکەوێتە هاوپەیمانێتیەك کە دەکرێ لەو هاوپەیمانێتییە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بپارێزرێت.

بالی ریفۆرمی نەوشیروان مستەفا رێك بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕوانگایانەبوون کە جەلال تاڵەبانی داوای دەکرد، یەکەمین هەنگاوی نەوشیروان بە پۆلێن کردنی سەرکردەو کادرەکانی یەکێتی دەستی پێکرد، کە چەندیان شۆڕشگێڕو پاکن و چەندیشیان تا ٢٠٠٣ سەر بە ڕژێمی بەعس بوونەو تۆمەتی سیخوڕی کردنی خستنە پاڵ. ڕۆژنامەی هاووڵاتی لە ٢٠٠٣دا بە ئاشکرا بوو بە مینبەری نەوشیروان مستەفا بۆ تەسفیەی حسابات لەگەڵ هەر سیاسی و کەسایەتییەك لە کوردستان، بە تایبەتی لە سلێمانی، لە سلێمانیش لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە نەوشیروان کەیفی پێی نەهاتبێت و بە هاوکاری خۆی نەزانیبێ.

**بە گوێرەی ئەو پێگەیەی کە نەوشیروان لە سەرۆکایەتی یەکێتیدا هەیبوو دەستی دەگەیشت بە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە بەغدا دەست دەکەوتن، لە ڕاستیدا جۆری بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی ئەوەندە گیرەشێوێنانە لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ئەوکاتدا بڵاودەکرانەوە کە تەنیا بۆ شکاندنی کەسانی ناحەزی نەوشیروان بوو**

بە گوێرەی ئەو پێگەیەی کە نەوشیروان لە سەرۆکایەتی یەکێتیدا هەیبوو دەستی دەگەیشت بە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە بەغدا دەست دەکەوتن، لە ڕاستیدا جۆری بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی ئەوەندە گیرەشێوێنانە لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ئەوکاتدا بڵاودەکرانەوە کە تەنیا بۆ شکاندنی کەسانی ناحەزی نەوشیروان بوو، هەر بۆیەش پاش ماوەیەکی کەم ئەو ماناو ئامانجەی لەدەستدا کە مەبەست ئەوەبێ کام سەرکردە لە ماوەیەکی دوور و درێژدا لە ژیانی سیاسی خۆیدا هاوکاری عێراقی کردووە یان نەیکردووە.

هەر لە ٢٠٠٣دا نەوشیروان مستەفا بەخێرایی پەنای بۆ سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت برد، ئەوەبوو ژمارەیەك ماڵپەریان دروست کرد کە لە دواییدا لەسەر ماڵپەری (کوردستان پۆست) گیرسایەوە، لە راستیدا کوردستان پۆستی کردە ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی داشۆرین، کە دوو مەکتەبی هەبوو و پارەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کرد، یەکێکیان لە سوید، کە لە راستیدا ئەوەی سوید تەنیا رووپۆش بوو بۆ کوردستان پۆست، مەکتەبی دیکەی لەناو یەکێتی و لە تەنیشت بارەگای نەوشیروان مستەفا بوو لە سلێمانی. دوای ئەوەی نەوشیروان لە یەکێتی جیابووەوە بە ئاشکرا لە گردی زەرگەتە ژوور یان بەشی ئۆفیسی کوردستان پۆست دیاربوو، ئەو کەسانەی کاریان تێدا دەکرد دیاربوون، زۆریشی لەسەر نووسراو بڵاوکرایەوە.

لە کوردستاندا رەسمێك هەبوو کە ببوو بە باو، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان دەبێ لەکاتی نووسیندا رێزی کۆمەڵایەتی هەرکەسێك لەبەرچاو بگرن، هەندێکی لەوەدا کەوتبووە ناو چوارچێوەی قانونەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، بۆیە نەدەکرا لە ڕۆژنامەکان ئەو قسانەو ئەو داشۆرینە بنووسرێ کە نەوشیروان مستەفا دەیویست، بۆیە بواری ئینتەرنێتی بەکاردەهێنا وەك لە ماڵپەری کوردستان پۆستدا هیچ سنوورێك بۆ پەلاماردان و داشۆرین و وەبەرهەمهێنانی جنێوی گەڕەك و بازاڕ نەمایەوە. ئەمە وایکرد کە کوردستان پۆست ببێتە ماڵپەرێکی پڕ لە هەڕەشە و ترس و تۆقێنەر بۆسەر هەرکەسێك، کە ئەگەر نەوشیروان لە نزیك یان لە دوور کەیفی پێی نەهاتبایە.

چونکە کوردستان لە سەرەتای قۆناخێکی نوێدا بوو و قۆناخی کۆنی تەواو بەجێ نەهێشتبوو، قۆناخی کۆنیش قۆناخی تەقلیدییە، لە کۆمەڵگەی تەقلیدیشدا بەکارهێنانی ناو و ناتۆرە و جنێودان و سوکایەتی و بوختان، لە پلەوپایەی ئەو کەسەی کە پەلامار دەدرێ کەم دەکاتەوە، هەروەها لەناو خەڵك باس دەکرێ، لە



کۆتاییدا ئەو کەسە دەکەوێتە ژێرگوشار و فشاری کۆمەڵایەتی و لەوانەیە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسە تێك بچێت. نەوشیروان ئەمەی دیراسە کردبوو و لەوکاتدا دەیزانی چۆن دەکرێ ئەوانەی کە کەیفی پێ نایەن بیانخاتە ژێر ئەم فشارە دەروونییەوە، بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆری بەکاردەهێنا و بە پێی بەڵگەنامەکانی کە لەدەستیدابوو لە سلێمانی و هەندێ ناوچەی تردا دەگەڕان بە دوای کۆکردنەوەی جۆری جنێوەکان و مانای جنێوەکان، چ کاریگەرییەکی دەروونی دەبێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، یان چ کێشەیەك دروست دەکات، ئەمانەیان نووسییەوە و هێنایان لە ڕاگەیاندنی سەر بە نەوشیروان لە قۆناخی پێش دروست بوونی گۆڕاندا کۆیان کردنەوەو کادیری تایبەتییان بۆ دامەزراندن. لەم ڕووەشەوە نەوشیروان کەسانی تایبەت بەم بوارەی کۆکردەوە، هەر لە سلێمانییەوە تا دەگاتە ئەورووپا، کەسانێك کە زۆر بە ئاسانی دەکەونە داشۆرینی خەڵکی تر و پڕوپاگەندە بڵاودەکەنەوە و چەکی دەروونی بۆ ڕووخاندنی لایەنی بەرانبەر بەکاردێنن.

لە ٢٠٠٣ بەولاوە ڕۆژنامەی هاووڵاتی و پاشان ئاوێنە، دوای ئەوەش جار نا جار گۆڤار بۆ چەند مانگێك یان بۆ ساڵێك دەردەکران کە ژمارەیان زۆرە لە سلێمانی دوایی قەپات دەکران.

بەم پێیە لاباڵی دووەمی توندوتیژیی سیاسی و فکری لە کۆمەڵگەی کوردستان کە لاباڵی نەوشیروان مستەفایە لە راستیدا (ئەنسارولئیسلامی) بەجێ هێشت، لێرە من دەوەستم و دەگەڕێمەوە بۆ سەر ئەنسارولئیسلام.

**● ئەنسارولئیسلام**

ئەنسارولئیسلام دوای هاتنی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ بە فەرمی بەرەیەکی ئەمەریکی و کوردستانیان لەسەر کرایەوەو لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕووی سەربازییەوە لەناوبران، ژمارەیەکی زۆریان پەنایان بۆ ئێران و بۆ پاشماوەکانی تالیبان لە ئەفغانستان برد، بەشێکیشیان بە سەرکردایەتی عەلی باپیر و بزوتنەوەی ئیسلامی کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرەنجام مۆڵەتیان وەرگرت و ئەم قۆناغی توند و تیژییەی ئەنسارولئیسلامی قاعیدەییان بەجێ هێشت.

ئیسلامی توندڕۆی ئەلقاعیدەیی لە راستیدا توانی بەردەوامی بە بیروڕاکانی خۆی لە جوغزێکی فراواندا بدات، دەیانتوانی لە ئینتەرنێت و ڕۆژنامەکان بنووسن و لە تەلەفزیۆنەکان دەربچن، دوایی تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆیان کردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە هەر لە پاشماوەکانی ئەنسار تا لایەنگرانی تاڵیبان و زەرقاوی، هەروەها سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی بە ڕوانگەی جیاجیای توندڕەوانەی خۆیان کە هەیانبوو، لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان بەردەوام بوون، کاریگەری ئەوان لەسەر خەڵك وەك جەماوەر کەم بوو، بەڵام توانییان ڕێگە بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان لە ناو گەنجاندا بکەنەوەو ژمارەیەکی زۆر گەنج بخەنە ناو ڕێکخراوەکانی توندوتیژی خۆیانەوە، کە کۆتاییەکەی ئەوەبوو لە کاتی هاتنی داعشدا ئەو گەنجانەی کە لە کوردستانەوە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ببن بە داعش و دژی نیشتمانی خۆیان شەڕ بکەن، ئەو گەنجانەبوون کە لە ژێر کاریگەری پەروەردەی فیکری ئەو تایەفە یان ئەو جوغزە فراوانەی ئیسلامییەکانی کوردستان بوون.

**سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی بە ڕوانگەی جیاجیای توندڕەوانەی خۆیان کە هەیانبوو، توانییان ڕێگە بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان لە ناو گەنجاندا بکەنەوەو ژمارەیەکی زۆر گەنج بخەنە ناو ڕێکخراوەکانی توندوتیژی خۆیانەوە، کە کۆتاییەکەی ئەوەبوو لە کاتی هاتنی داعشدا ئەو گەنجانەی کە لە کوردستانەوە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی ببن بە داعش ئەو گەنجانەبوون کە لە ژێر کاریگەری پەروەردەی فیکری ئەو تایەفە یان ئەو جوغزە فراوانەی ئیسلامییەکانی کوردستان بوون**



پاتریک کلاوسن گەورە تۆژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# گرنگی ئازادکردنی شنگال تەنیا سەرکەوتنی سەربازی نەبوو بەڵکو سەلمێنرا گرووپە جیاوازەکان دەتوانن پێکەوە بژین

**پرۆفیسۆر پاتریك كلاوسن، توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، هەروەها بەڕێوبەری »دەستپێشخەری ئەمنی ئێران«ە لە هەمان ئامۆژگا، بە شێوەیەكی بەرفراوان ڕاوێژی پێدەكرێت و پتر لە ١٥٠ وتاری لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووری نێودەوڵەتی نووسیوەو چەندین كتێبی لەبارەی ئێرانەوە هەیە. گوڵان لە دیدارێكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێكرد كە تایبەت بوون بە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی داعش و گرنگی ئازادكردنی شنگال و بایەخی برەودان بە پێوەندیەكانی هەرێمی كوردستان بە وڵاتی سعودیەوە.**

*** ئێستا ڕووداو پەرەسەندن و گۆڕانكاریەكی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدەن، بارودۆخەكە تا دێت ئاڵۆزتر و سەختتر دەبێت و ئەگەری ئەوەی هەیە هەڵكشانی زیاتر بە خۆوە ببینێت، ئەمە بە شێوەیەكی تایبەت بۆ وڵاتی سوریا ڕاستە، كەواتە پرسیارەكە ئەوەیە چۆن لە بارودۆخەكە دەڕوانن؟**

- لەشەستەكاندا پێش ئەوەی ئەسەد دەسەڵاتی لەسوریادا بچەسپێنێت، سوریا وڵاتێک بوو کە زۆر لە هێزە دەرەکیەکان تێوەیگلابوون، ئێستا سیاسەتی سوریا لەزۆر ڕووەوە گەڕانەوەیە بۆ سیاسەتەکانی سالانی شەست و ناسەقامگیر. جیاوازیەکی گەورە ئەوەیە کە لە شەستەکاندا ئەو هێزە دەرەکیانەی دەستێوەردانیان لەسوریا کردبوو بەشێوەیەکی سەرەکی دەیانەویست نفووز لەناو سوریادا بەدەستبێنن، بەڵام ئێستا ئەو هێزە دەرەکیانەی دەستێوەردان لەسوریادا دەکەن بەشێوەیەکی سەرەکی دەیانەوێت توندوتیژیەکان بوەستێنن کە کاردەکاتە سەریان. بۆیە وەک دەبینین فەڕەنسیەکان لە سوریاوە تێوەگلاون لەبەرئەوە نا کە فەڕەنسا دەیەوێت بەشێوەیەکی سەرەکی نفووزی لەناو سوریادا هەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی نایەوێت سوریا ببێت بە شوێنێک کەلێوەی پەلاماری فەڕەنسا بدرێت. هەروەها ئەمەش هاندانێکی گرنگە بۆ سەرۆک پۆتین لە ڕووسیا. بۆیە سوریا بووەتە شوێنێک کە زلهێزەکان نیگەرانن لەوەی توندوتیژیەکانی سوریا کاریگەری هەبێت لەسەریان و ئەمەش هۆکاری تێوەگلانیانە.

*** هەڵسەنگاندنتان چییە بۆ ئەو ستراتیژیەتەی لە ئێستادا بۆ بەرەنگاربوونەوەو تێكشكاندنی داعش پیادە دەكرێت، ئایا تا چەند ئەم ستراتیژیەتە دەتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت لە لاوازكردن و لەناوبردنی داعشدا؟**

- ویلایەتە یەکگرتووەکان هیواخوازبووە کە ستراتیژی یەکەمی عێراق بێت بۆ هێرشکردنە سەر داعش و بۆ ناتۆی بەجێهێشتووە چیبکەن بۆ سوریا، بەڵام ئەمە دەرکەوت کاری پێناکرێت و دەرکەوت پێویستە هەڵمەتەکان لە عێراق و هەروەها سوریا هەبێت لە دژی داعش، بۆیە هەوڵەکان لەدژی داعش فراوانتر بووەو رووسیاو فەڕەنسا هەنگاویان ناو بڕیاریاندا کاراتر بن لە شەڕەکانی سوریا، بۆیە لەئەنجامدا شەڕەکە لە عێراق و سوریادا ڕوودەدات، نەک تەنیا لە عێراقدا.

*** باس لەوە دەكرێت كە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست كۆمەڵە كێشەیەكی ڕیشەییەوە گرفتارە، كە سەقامگیری و ئارامی ئەم ناوچەیەش پەیوەستە بە چارەسەركردنی ئەو هۆكارە ریشەییانەوە، بە چەشنێك دەووترێت داعش تەنیا دەرئەنجامی ئەو كێشانەیە نەك هۆكاری كێشەكان، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەگەر چارەسەرێكی ڕیشەیی بۆ ئەو تەنگژانە نەكرێت لە ئایندەدا گرووپی هاوشێوەی داعش دروست نابنەوە؟**

- ڕاستە نیگەرانیەکان ئەوەیە ئەگەر داعش تێکبشکێنرێت، ڕووبەڕووی ڕێکخراوێکی تر دەبنەوە، هەروەک چۆن تێکشکانی قاعیدە کێشەی جیهادیە ڕادیکاڵەکانی چارەسەرنەکرد، بۆیە دەبێت لەهەموو بوارەکاندا چارەسەری جیهادیە ڕادیکاڵیەکان بکرێت، نەک تەنها یەک ڕێکخراو، ئەمەش کاتی دەوێت، لەبەرئەوەی ناوچەکە کێشەی ڕیشەیی هەیەو بەداخەوە زۆر لە هێزەکان لەناوچەکەدا بڕیاریانداوە گرژیە ڕەگەزی و نەژادیەکان خراپتر بکەن، بۆیە زۆر کاراکتەر دەبینین لەناوچەکەدا هانی دروستبوونی گرژی ئاینی دەدەن، ئەمەش سالانێکی زۆر زۆری دەوێت کە هێور بکرێتەوە و چارەسەربکرێت، بۆیە ئەمە کێشەیەک نییە بە خێرایی بڕوات، تەنانەت ئەگەر داعشیش تێکبشکێنرێت.

*** بۆ ئەوەی داعش تێكبشكێنرێت دەبێت سوننەكانیش چالاكانە بەشداری لەم هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەیدا بكەن، ئەویش بەوە دەبێت كە پاڵنەری ئەوەیان بۆ دروست بكرێت كە بە تەواوی تواناكانیانەوە بێنە نێو شەڕەكەوە، هەندێ لە شرۆڤەكاران باس لەوە دەكەن پێویستە دەوڵەتێكی تایبەتیان بۆ دروست بكرێت لەو ناوچانەدا كە حاڵی حازر لە ژێر كۆنترۆڵی داعشەوەن،**

**پێشڕەویەكانی پێشمەرگە بۆ ئەو شوێنانەی كە نوێن لەلایەن عەرەبە سوننەكانەوە گومانیان لێدەكرێت، بۆ نموونە لە ئێستادا بەتایبەتی مەسەلەیەكی هەستیار هەیە لەسوریا لە عەفرین و شوێنانی تر، بۆیە ئەگەر پێشمەرگە پێشڕەوی بكات بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا ئەگەری ناكۆكی نەژادی مەترسیدار دەبێت و ئەمەش زۆر جێی داخ دەبێت**

**ئێوە لەم پرسە دەڕوانن؟**

- مێژووی جیهان پێمان دەڵێت دروستبوونی دەوڵەتی نەژادی پرۆسەیەکی زۆر قورس و ئاڵۆزە کە هەمیشە دەبێتە هۆی شەڕو تەنگژەی زۆر، بۆیە زۆر لەکەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەباشی ناگونجێن لەگەڵ ئەو سیستەمە تاکلایەنە تایەفیە، وەک ئێزیدیەکان بۆ نمونە، بۆیە دروستکردنی ئەو دەوڵەتە تاکلایە تایەفیە نەژادیانە پێویستی بەوەیە گرووپە بچوکەکان، ئەوانەی کە هەزارەها ساڵە لەو شوێنانەی خۆیاندا دەژین، دەوڵەتی فرە نەژادی و تایەفی دروستبکرێت، لەجیاتی دەوڵەتی تاکلایەنەی تایەفی، بۆیە پێویستە ڕێگەیەک بدۆزرێتەوە کە تیایدا ناوچەکە، سوننە عەرەبەکان هەستبکەن دەسەڵاتیان هەیەو دەنگیان لە سیاسەتدا هەیە، بەڵام هیوادارم هەوڵنەدرێت دەوڵەتێک دروستکرێت تەنیا بۆ عەرەبە سوننەکان، لەبەرئەوەی ئەمە پرۆسەیەکی زۆر قورس دەبێت و جەنگێکی زۆر دروست دەبێت لەسەر سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەو زۆر لە کەمینەکان کە تیایدا دەژین.

*** شەڕی شنگال و ئازادکردنی ئەو شارە بایەخ و گرنگی تایبەتی بە خۆی هەبوو، کە تێیدا داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی توانرا پاشەکشە بە داعش بکرێت و دوچاری شکستپێهێنانیش بوو، لە تێڕوانینی ئێوەدا ئەو بایەخ و گرنگیە لە چیدا خۆیدا دەبینێتەوە؟**

- ئەم شەڕە گرنگ بوو نەک تەنیا لەبەرئەوەی داعش تێکشکێنرا، بینیمان داعش لە تکریتیش تێکشکێنرا، بەڵکو لەبەرئەوەی پیشانیدا کە خەڵکی لە نەژادە جیاوازەکان دەتوانن پێکەوە کاربکەن، ئەمەش پەیامێکی زۆر گرنگە. بۆیە زۆر گرنگ دەبێت لە شەڕەکانی تر دژی داعش ئەوە پیشانبدرێت کە ئەم شەڕە تەنیا شەڕی گرووپێک نییە دژی گرووپێکی تر و تەنیا سەرکەوتن تۆمارناکرێت، بەڵکو دەبێت پێوەندی بە عەرەبە سوننەکانەوە بکرێت و پیشانیان بدرێت تەنانەت ئەگەر ئەوانەی دەیانەوێت لەگەڵ داعش کاربکەن، هێشتا لەناو کۆمەڵگەدا پێشوازی دەکرێن، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتی تێکەڵ ببنەوە.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پێتوایە دەبێت پاڵپشتی بکرێن لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە تا ببنە هێزی زەمینی و بەشێک لە ستراتیژی تێکشکان و لەناوبردنی داعش و تیرۆریزم؟**

- کێشەکە ئەوەیە پێشڕەویەکانی پێشمەرگە بۆ ئەو شوێنانەی کە نوێن لەلایەن عەرەبە سوننەکانەوە گومانیان لێدەکرێت، بۆ نموونە لە ئێستادا بەتایبەتی مەسەلەیەکی هەستیار هەیە لەسوریا لە عەفرین و شوێنانی تر، بۆیە ئەگەر پێشمەرگە پێشڕەوی بکات بۆ ئەو ناوچانە، ئەوا ئەگەری ناکۆکی نەژادی مەترسیدار دەبێت و ئەمەش زۆر جێی داخ دەبێت. بۆیە قورسە بۆ پێشمەرگە پێشرەوی بکات بۆ ئەو شوێنانەی کەلەودیو کۆنترۆڵی کوردەوەن، ئەگەر ئەوە بکات، ئەوا دەبێت لەگەڵ یەکەکانی تر بیکات و گرنگە کە ئەجێندای درێژخایەنی نەبێت لەو ناوچانەداو بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکانی ناوچە کوردیەکان.

*** لە عێراقدا شتێك نەماوە بە ناوی دەوڵەت و ئەوەی پێی دەووترێت دەوڵەتی عێراق سەروەری و یەکپارچەیی خاکی خۆی لە دەست داوە، لە نێو ئەم دۆخەشدا کورد نایەوێت چیتر باجی ئەو هەلومەرجە شکستخواردووە بدات، لەبەر ئەوە کار و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی ڕێگای تایبەت بە خۆی بگرێتەبەرو مومارەسەی مافی ڕەوای خۆی بکات کە بریتیە لە سەربەخۆیی، بیرو بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەجیهاندا لەماوەی بیست ساڵی ڕابردودا چەندین بارودۆخ هەبوون کە پەیوەست بوون بە چەمکی سەربەخۆیی و لەکۆمەڵگای نیودەوڵەتیدا بەکارهاتوون، ئیتر تەیموری ڕۆژهەڵات بێت یان بۆسنیا بێت، ئەوانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆیان دەوێت دەبێت بیسەلمێنن، بەشێکی گرنگ لەوەش ئەوەیە دەبێت پیشانی بدەن کە لە سیاسەتی ناوخۆدا سەقامگیرن و بەتەواوی ڕێز لەمافەکان مرۆڤ دەگرن، بۆیە پێموایە گرنگە بۆ کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بیانەوێت ئیعترافی زۆری نێودەوڵەتی بەدەستبێنن، ئەوا دەبێت کێشە ناوخۆیەکانی ناو حکومەتەکەیان چارەسەربکەن.

*** لە سەردانێکی گرنگدا بۆ عەرەبستانی سعودیە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، بە ڕێ و ڕەسمێکی گەورە و شایستە پێشوازی لێکرا، بایەخی ئەم سەردانە لە چیدایەو دەکرێت چ خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت ؟**

- زۆر گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندی باشی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا و ئەوە پیشانبدات کە دەیەوێت لەنزیکەوە کار لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبە سوننەکان بکات، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات کە دەیەوێت لەگەڵ هەموو کۆمەڵگە عەرەبە سوننەکانی دەوروبەری کوردستان کاربکات.

*** پێت وانییە کورد نابێت لایەنداری دابەشبوونی نێوان سوننە و شیعەکان بکات؟**

بەداخەوە لەودیو سنوورەوە لە سوریا تەنگژەیەکی زۆر هەیە لە نێوان یەپەگە و کۆمەڵگەی عەرەبە سوننەکان و هیوادارم ئەمە کارنەکاتە سەر پێوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**شەڕی ئازادکردنی شنگال گرنگ بوو نەک تەنیا لەبەرئەوەی داعش تێکشکێنرا، بەڵکو لەبەرئەوەی پیشانیدا کە خەڵکی لە نەژادە جیاوازەکان دەتوانن پێکەوە کاربکەن، ئەمەش پەیامێکی زۆر گرنگە. بۆیە زۆر گرنگتر دەبێت لە شەڕەکانی تر دژی داعش ئەوە پیشانبدرێت کە ئەم شەڕە تەنیا شەڕی گرووپێک نییە دژی گرووپێکی ترو تەنیا سەرکەوتن تۆمار ناکرێت**

**لە شەستەکاندا ئەو هێزە دەرەکیانەی دەستێوەردانیان لەسوریا کردبوو بەشێوەیەکی سەرەکی دەیانەویست نفووز لەناو سوریادا بەدەستبێنن، بەڵام ئێستا ئەو هێزە دەرەکیانەی دەستێوەردان لەسوریادا دەکەن بەشێوەیەکی سەرەکی دەیانەوێت توندوتیژیەکان بوەستێنن کە کاردەکاتە سەریان**

# تێکەڵکردنی ئایین بە ئەفسانە و دەمارگیریی سیاسی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

یەکێك لە رووالەتە دیارەکانی ئەم سەردەمە بریتییە لە تێکەڵکردنی ئایین بە ئەفسانە و دەمارگیریی سیاسی، ئەمەش زۆر هۆکاری هەیە، لەوانە:

یەکەم: هۆکاری دەروونی، کە ئەمەش لە هەستکردن بە لاوازییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە کاتێك باوەڕداران تێگەیشتنیان بۆ ئایین رێك بوویێت، هەمیشە هەستیان بە بەهێزی خۆیان کردووە و، تێگەیشتنەکانیشیان رێك و جوانتر بوون و خواپەرستێکی گەشبین بوون لە ژیاندا و خاوەن پەیامێکی ئینسانییش بوون بۆ خەڵکی، بۆیە لەم ساتەوەختەدا ئەفسانە، بوونی نەبووە، بەڵام کاتێك باوەڕداران دواکەوتووبوون و بەرگەی پێشکەوتنەکانی بەرامبەریان نەگرتووە، هەستیان بە لاوازی کردووە و، ئەوسا پەنایان بردۆتە بەر ئەفسانە.

دووەم: هۆکاری سیاسی: تێکەڵکردنی ئەفسانە و دەمارگیریی سیاسی بە ئایین لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆربەی نەتەوەکانی دەور و بەر بە فارس و رۆم و عەرەبەوە، لە رێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە پاڵپشتیی مەرامە سیاسییەکانیان کردووە، تەنانەت ئەگەر ناچاری هۆنینەوەی ئەفسانەش بووبن، بەمەش زۆرێك لە ئەفسانەی گەلان تێکەڵ بە خودی ئایین بووە.

سێیەم: هۆکاری دەمارگیری، ئەمەش پەیوەستە بە مەسەلەی دەمارگیری لە جیهانی ئیسلامیدا، کە بۆتە مایەی ئەوەی رێبازێکی ئایینی دیاریکراو لە بەرامبەر رێبازێکی دیکەی ئایینی دیاریکراودا ئەفسانە بۆ خۆی دروست بکات، لەبەرامبەر ئەوانی دیکەشدا بیخاتە ناو ئایینەوە، دواتریش کردوویانەتە مەسەلەیەکی ئایینی و خراوەتە ناو ئایینەوە.

چوارەم: هۆکاری حزبی، بەپەیدابوونی حزی سیاسیی ئایینی، بە شێوەیەکی خێرا هەموو چاوەکان کەوتنە سەر بواری سیاسی، بەمەش کاری ئایینیی راستەقینە پووکایەوە، لەلایەك کێڵگەی وشکی سیاسەت ناخی مرۆڤەکانی بەرەو دنیاگەری برد، لەولاشەوە بواری تەسەوفی راستەقینە نەما بۆ ئەوەی رۆحی مرۆڤەکان تێرئاو بکات.

بۆیە ئایین بە شێوەیەکی ئاسۆیی پەرەی سەندو، زیاتریش بایەخی بە رووخسار و شکڵی دەرەوەی مرۆڤ داوە و، پانتایی و رووبەرێکی ئاسۆیی گرتووە لە ژیانی تاکەکان و لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لە رووی ستوونی و لە رووی تێگەیشتن و وردبوونەوە و تێگەیشتنی ورد لە دەقی ئایینیدا تووشی وەستان بۆتەوە.

بۆیە بە هاتنەئارای حزبی سیاسیی ئایینی دەتوانین بڵێین شێوازی دەرەکی ئایین و شتە رووکەشییەکانی ئایین و دەستگرتن بە شێواز و سرووتە ئاینییەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی زیاتر بووە، بەڵام لە پێش پەیدابوونی حزبی سیاسیی ئایینیدا، دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی وردتر و قووڵتر هەبووە دەربارەی دەقە ئایینییەکان.

لەبەر ئەوەی ئێمە بەشێك بووین لە عێراق و عێراقیش بەشێك بووە لە (نیشتمانی عەرەبی) و نیشتمانی عەرەبیش بە بەردەوامی لە شکستدا بووە، ئەوەش کە پێی دەگوترا قوتابخانە هزرییەکانی نەتەوایەتی عەرەبی و کۆمۆنیستی عەرەبی بەرگەی ئەم هەموو شکستەیان نەگرتووە، بۆیە ئەوان پەنایان بردۆتە بەر ئایین بە مۆدێلە سیاسییەکەی، مۆدێلی سیاسییش ئەوەندەی دیعایەیە، ئەوەندە دەعوە نییە، ئەوەندەی رووکەشی و رووبەریی و ئاسۆیییە، ئەوەندە ستوونی و رۆچوون نییە بە ناخی مرۆڤەکاندا، بۆیە دەبینین ئایین لە نیشتمانی عەرەبیدا کراوەتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کەفوکوڵ و حەماسەتکردن بە بەری مرۆڤەکاندا بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی وڵاتی خۆیاندا.

ئەم جۆرە گوتارەش پەڕیوەتەوە بۆ نێو عێراق و دواتریش بۆ ناو کوردستان، ئەوەش وایکردووە زیاتر مۆرکی سیاسی و مۆرکی رووکەشی پێوە زاڵ بێت تا قووڵبوونەوە و عیرفانیەت و تەسەوفی حەقیقی و دروستکردنی پردی پێوەندیی راستگۆیانە لەنێوان تاکەکان و خودادا.

بۆیە لە بەرامبەر ئەم حاڵەتانەشدا پێویستە ئایین بەرزتر بێت لە هەموو جۆرەکانی ئەفسانە و دەمارگیری و دەبێت ئایین بەرزتر بێت لە هەموو بۆچوونێکی سیاسی و تێڕوانینێکی تەسکی حزبی و دەبێت ئایین هەمیشە باری دەروونی مرۆڤەکانی بەرزتر راگرتبێت و، فێری جواندۆستی و گەشبینییان بکات، نەك هاندەریان بێت بۆ پەنابردنە بەر ئەفسانە و دەمارگیریی حزبی بەناوی ئایینەوە.



د.نوری عوسمان بۆ گوڵان:

# کێشەی سەرەکی لە ناساندنی ژینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەوەیە عێراق ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە

**داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە و ئەو رەفتارە وەحشییانەی لەگەڵ کوردانی ئێزدی کردیان، زامێك بوو لە جەستەی هەر تاكێكی كوردستاندا، لەدوای ئەم كارەساتە سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری مان و نەمانی لە دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند و بەڵێنی بە شنگالییەكان دا كە شنگال هەر دەبێت ئازاد بكرێتەوە، ئەم بەڵێنەش بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی بەجێگەیەندرا و رزگاركردنی شنگال لە ژێردەستی داعش برینی جەستەی كوردی سارێژ كرد. بۆ قسەكردن لەسەر ئەو كارەساتە گەورەیە و گرنگیی ئازادكردنەوەی شنگال، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.نوری عوسمان شنگالی نوێنەری تایبەتی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ كەیسی ئاوارەكانی شنگال ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە دوای كارەساتی داگیركردنی شنگال و هاتنی ئاوارەیەكی زۆر بۆ دهۆك، ئێوە وەك نوێنەری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرپەرشتی كەیسی ئاوارەكانی دهۆك و هەروەها خەڵكە بێسەروشوێنەكەی ئێزیدییەكانتان كردووە، ئایا چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەو بارودۆخە قورسە كردووە؟**

- ئەوەی لە ئابی ٢٠١٤ روویدا كارەساتێكی هێجگار تراژیدی بوو، لە ماوەی كەمتر لە دوو هەفتە نزیكەی ٨٠٠ هەزار ئاوارە و دەربەدەر روویان لە هەرێمی كوردستان كرد، بەشی زۆری ئەم ئاوارانە روویان لە دهۆك كرد، بۆیە لەو كاتەدا بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان منی راسپارد كە بە نوێنەرایەتی بەڕێزیان بچمە دهۆك و سەرپەرشتی ئەو كەیسە بكەم، ئەركی ئێمە بریتی بوو لەوەی چۆن بە دەنگ ئەو خەڵكە ئاوارەیەوە بچین و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بكەین. من ماوەی ٦مانگ لەوێ مامەوە، ئێستا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پلاندانان سەرپەرشتی ئەو كەیسە دەكەن. سەبارەت بە گەورەیی قەبارەی ئەو كارەساتە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم، ئەو كارەساتە لە كاتێكدا بە سەر كوردستان هات، پێشتر خۆی بۆ ئامادە نەكردبوو. خۆمان وەك حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ژێر ئابلۆقەیەكی گەورەی حكومەتی عێراقدا بووین، ئەو شەڕە گەورەی تیرۆریستانی داعشمان بە سەردا سەپێندرابوو، لەم بارودۆخەدا نزیكەی یەك ملیۆن و نیو ئاوارە رووی لە كوردستان كرد، پێشتریش ٤٠٠ هەزار پەنابەری كوردستانی رۆژئاوا هاتبوونە هەرێمی كوردستان، واتە نزیكەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر هاتنە كوردستان، ئەم ژمارەیە هەر بەدەم خۆشە، خۆتان ئاگادارن هەر لەم ماوەیە دوو سێ ملیۆن پەناخواز روویان كردە یەكێتی ئەوروپا كە ٢٨ دەوڵەتن و ئەو هەموو ئیمكانیاتەشیان لەبەردەستە، كەچی بینیمان بوو بە چ كێشەیەك، بە پەلەپەل ٣ ملیار یۆرۆیان بۆ توركیا نارد بۆ ئەوەی رێگە لە شاڵاوی پەنابەران بگرێت، بەڵام وێڕای ئەو بارودۆخە سەختەی هەرێمی كوردستان، حكومەتی عێراق بە ئەركی یاسایی و دەستووری خۆی هەڵنەستاوە و ئەوانەی روویان كردبووە هەرێمی كوردستان وەك هاووڵاتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەكردن، لەسەرەتاوە یارمەتی زۆر كەمی نارد، بەڵام دواتر ئەوەشی بڕی، بۆیە بە پەنابردنمان بۆ رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و ئاژانسی نەتەوە یەكگرتووەكان توانیمان مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە قورسە بكەین، بەڵام وەك كەسێك كە لەناو ئەو بارودۆخە بووم، وێڕای ئەو هەموو قەیران و سەختییانە بەڕێزان سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پەیامیان ئەوە بوو دەرگای كوردستان واڵا بكرێت بۆ ئەو ئاوارە و لێقەوماوانەی روودەكەنە كوردستان، ئەمانە هەمووی لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە كێشەیەكی زۆر ئاڵۆزمان هەبوو، ئەویش بوونی ئەو هەموو خەڵكە بوو لە سەر چیای شنگال ئێمەش هیچ رێگەیەكی زەمینیمان لەگەڵ ئەو چیایە نەبوو، بۆیە ناچار بووین بە رێگەی هەلیكۆپتەر، یان فڕۆكەكانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە ئازووقە و چەك و تەقەمەنییان بۆ بنێرین. بارودۆخی چیای شنگال

**سەرۆک بارزانی بە داگیرکردنی شنگال و ئەو کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، زۆر زۆر نیگەران بوو، هەر بۆیە دوای ئەم کارەساتە بە شەخسی خۆی هاتە ناو بەرەکانی شەڕ و شەڕی سەرتاسەری راگەیاند و هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بوو**

**هەرێمی کوردستان بە تەنیا نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەری لەخۆی گرتووە کەچی دوو سێ ملیۆن پەناخواز روویان کردە یەکێتی ئەوروپا کە ٢٨ دەوڵەتن و ئەو هەموو ئیمکانیاتەشیان لەبەردەستە، کەچی بینیمان بوو بە چ کێشەیەک، بە پەلەپەل ٣ ملیار یۆرۆیان بۆ تورکیا نارد بۆ ئەوەی رێگە لە شاڵاوی پەنابەران بگرێت**

بەو جۆرە بوو هەتا بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە بازووی پێشمەرگە قارەمانەکان توانرا ئەو ناوچانە هەمووی ئازاد بکرێن و بگەینە سەر چیای شنگال و سەرۆك بارزانی بە شەخسی لەسەر چیای شنگالەوە ئەم سەرکەوتنەی راگەیاند و رێگەی زەمینی لەگەڵ چیای شنگال کرایەوە.

*** زۆر جار کە باسی ئاوارەکانی دهۆك دەکرێت، زیاتر ئاماژە بۆ ئاوارەبوونی خوشك و برا ئێزدییەکان دەکرێت، ئایا ئەو ئاوارانە هەموویان ئێزدی بوون، یان خەڵکی دیکەشیان لەناودابوو؟**

- ئەو ئاوارانەی روویان کردبۆوە کوردستان، لە هەموو عێراقەوە هاتبوون، وەك پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغدا، رومادی، موسڵ، دیالە، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو ئاوارانەی روویان لە دهۆك کردبوو، بەشی زۆریان ئیزدی بوون. سەبارەت بە پێکهاتەی شنگالیش، بەدرێژایی مێژوو شنگال دەڤەری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بووە، لە شنگالدا سێ ئایینی سەرەکی هەن کە بریتین لە ئیسلام (بە سوننە و شیعەوە)، کریستیان و ئێزدی، لەناو قەزای شنگال سێ کەنیسەی کریستیانەکان هەیە، موسڵمانەکانی شنگال لە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننەن و رێژەشیان وەك یەکە، بەڵام لەناو سەنتەری قەزای شنگال نزیکەی ٨٠٪یان ئێزیدین، ئەو کارەساتەی بەسەر شنگال هات لە دوو دەڤەر بوو، کە ئێمەی شنگالی لە خوار چیای شنگالەوە پێی دەڵێین قیبلە، واتە بەشی باکوور، ئەو دیوی چیای شنگال پێی دەڵێن باشوور و دەچێتەوە بۆ لای سنووری سووریا. کارەساتی گەورە لە بەشی باکوور روویدا، داعش کە هێرشیان کردە سەر شنگال خەڵکێکی زۆری ئێزیدییان کوشت و ژمارەیەکی زۆریشیان رفاند، لە موسڵمانە شیعەکانیش زۆریان کوشت، تەنانەت هەندێکیان هەتا ئێستا بێسەر و شوێنن و سۆراغیان دیار نییە، لە بەشی باشوورەکە دیارە گوندەکانی دەوروبەری شنگال پێشتر زۆر زۆر بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧ رژێمی سەدام حوسێن ٣٦٩ گوندی ئێزیدییەکانی لە دەوروبەری شنگال خاپوور کرد و دانیشتووانەکەی لە کۆمەڵگەی زۆرەملێ نیشتەجێ کردن، ئەو کۆمەڵگەیانە زیانی زۆریان پێگەیشت، بەڵام زیانی هەرە گەورە لەو ناوچەیە بەر ناوچەی حەردان کەوت، تەنیا لەو ناوچەیە تیرۆریستان ٤٨١ کەسیان رفاند و خەڵکێکی زۆریشیان کوشت، هەروەها لە شوێنی دیکەش خەڵکی دیکەیان رفاندبوو، بەگشتی لەو هێرشەی داعشدا نزیکەی ٧٠٠٠ کوردی ئێزیدی بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ و لە هەموو تەمەنەکاندا بێسەروشوێن بوون، لەم رێژەیە ژمارەیەکیان کوژراون و لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا شاردراونەتەوە، ئێستاش چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە و دەبێت تیمێکی تایبەت ئەو گۆڕانە هەڵبداتەوە و چارەنووسیان ئاشکرا بکات، هەروەها تیرۆریستانی داعش ٥٨٣٨ کەسیان لەهەر دوو رەگەزی نێر و مێ رفاندووە ئەو ئامارەی سەبارەت بە رزگاربووانی داعش لای من هەیە، هەتا بەرواری ١٨ی ١١ی ٢٠١٥ توانیومانە ٢٢٧٢ کەس لە دەستی داعش رزگار بکەین، لەم ژمارەیەش ٨٥٠ کەسیان ئافرەت بوون، ٣١٣ پیاو بوون، ٥٣٥ یشیان کچی منداڵ و ٥٧٤یشیان کوڕی منداڵ بوون.

*** ئەگەر سەبارەت بەو خەڵکە رزگابووە قسە بکەین، دیارە ئەو خەڵکەی لە دەستی داعش رزگاری بووە، کارەسات و نەهامەتی زۆریان بینیوە، ئەمانە پێویستیان بە جۆرێك لەمامەڵەی تایبەت هەیە، ئایا لەمبارەوە هیچتان بۆ کردوون؟**

- بێگومان ئەو خەڵکەی لە دەستی داعش رزگارمان کردوون، بەشێکیان هەر بە جەستە بریندار بوون و هەمووشیان لە رووی باری دەروونییەوە بارودۆخیان خراپ بوو، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارە ناخۆشە ئێمە سەنتەرێکمان دروستکرد، کە هەم پزیشکی دەروونی و هەمیش پزیشکی دیکەی لەو سەنتەرە هەن، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە چارەسەر بکەن. بەتایبەتی چارەسەری دەروونی، لەمەش زیاتر رێککەوتنێکمان لەگەڵ هەرێمێکی ئەڵمانیا کردووە، بۆ ئەوەی ١٠٠٠ کەس بۆ چارەسەری دەروونی بنێرینە ئەڵمانیا، رێککەوتنەکە بەوشێوەیە ئەگەر هەر یەکێك لەوانە تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون، بیانەوێت لەوێ بمێننەوە، رێگەیان پێدەدرێت، ئەم ١٠٠٠ کەسەی لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتنە دەیانێرینە ئەڵمانیا، بە تەنیا بۆ ئێزیدییەکان نییە، بەڵکو تورکمان و کریستیان و ئەو پێشمەرگانەش دەگرێتەوە کە لە بەرەکانی شەڕ و تووشی حاڵەتی نائاسایی دەروونی دەبن، بۆ ئەمەش لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە نوێنەری وەزارەتەکانی (ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی) هەروەها نوێنەرانی تورکمان و کریستیان و هەر دوو بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کریستیان و ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدارن. لەمەش زیاتر کۆمەڵێك پزیشکی

**پێوەندیمان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کردووە بۆ ئەوەی لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال هاوکاریمان بکەن. لەچەند رۆژی رابردوو شاندێکی ئەمریکی هاتبوون سەردانی شنگال بکەن، بۆ ئەوەی بزانن بۆ ئێستا شنگال چی پێویستە و بۆ ئایندە چی پێویستە، هەروەها لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بە گشتی و زانکۆی دهۆك بە تایبەتی هەماهەنگیمان دروستکردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن لە دانانی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال**

دەروونـی ئەڵمانی هاتـوون، بێجگە لەوەی راسـتەوخۆ چارەسـەری نەخۆشـەکان دەکەن، لە هەمانکاتدا مەشق و راهێنـان بـە پزیشـکە دەروونییەکانی کوردسـتانیش دەکەن.

*** ئایـا گرنگـی و سـتراتیژیەتی شـنگال بـە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ ناوچەکـە و بـۆ کوردستان چییـە؟ بەتایبەتـی کـە شـنگال پێشـتر دابڕابـوو لە کوردسـتان، ئێسـتا کە ئازاد کراوە، ئایـا چ بایەخێکی بـۆ کوردسـتان هەیە؟**

- شـنگال نـەک ئێسـتا، بەڵکـو بە درێژایـی مێژوو ناوچەیەکی سـتراتیژی بووە، نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکو لە سەردەمی یۆنانی و رۆمانی و فارسەکانیشەوە هەموو کات شـەڕی سـەرەکی لە سـەر شـنگال بووە، لـەم ناوچەیە تەنها شـنگال شـوێنی شارسـتانی بووە، لەبـەر ئـەوەی ئەگەر سـەرنج بدەین، لـەو ناوچەیە کە هەمـووی دەشـتاییەکی فراوانە تەنیا قەزای شـنگالە کـە ئاوی لێ بێـت و بتوانرێت ژیانی لێ هەبێت، هەتا ئێسـتاش لەناو شـنگال شـوێنەوارێکی زۆر مێژوویی هەیە، هێشـتا شـوێنەواری دیواری رۆمانییەکان لەوێ هەیە، تەنانەت لە سـەردەمی سـەلاحەددینی ئەیووبی -یـش لـە سـەر شـنگال شـەڕکراوە، ئەمـەش مانای ئەوەیـە بـە درێژایـی مێـژوو هـەر کـەس و لایەنێـك توانیبێتـی شـنگال کۆنترۆڵ بکات، واتـە توانیویەتی ناوچەیەکـی زۆر فـراوان کۆنتـرۆڵ بـکات، شـوێنی جوگرافـی شـنگال وا هەڵکەوتـووە کـە هاوسـنوورە لەگـەڵ تورکیـا و سـووریا، پێشـتر کاری بازرگانـی خەڵکی شـنگال لەگەڵ نسـێبین و جەزیرە بووە، بەڵام شـنگال بـە درێژایی مێژوو کورد و کوردسـتانی بووە، لەسـەردەمی رژێمـە یـەك لـە دوایەکانـی عێـراق بە مەبەسـتی بەعەرەبکردنی شـنگال ژمارەیـەك عەرەب لەو شـارە نیشـتەجێ کراون، شـنگال عێراق و سـووریا پێکـەوە گرێدەداتـەوە، هەربۆیـە بـە ئازادکردنـەوەی شـنگال زەبرێکـی گـەورە بـەر تیرۆریسـتانی داعش کـەوت، لەنـاو سـەنتەری شـنگالەوە بـە کاتژمێرێـك دەچیتـە سـووریا، لـەو دیـوی چیاکەشـەوە هەمووی دەشـتاییە جاری واهەیـە نازانی کامـە خاکی عێراق، یـان سـوورییایە. ئـەم ناوچەیـە دەوڵەمەندە بـە کانزا و نـەوت و گازێکـی زۆر، پێشـتر لە سـەردەمی سـەدام حوسـێن چەنـد بیرێکـی نـەوت لێدرابوو، بـەڵام لەبەر ئـەوەی ئەم شـارە شـارێکی کوردییە، رژێمی سـەدام بیرەکانی پڕکردبـۆوە، بەڵام وەك بەرێوەبەرایەتی نەوتی باکوور پرسـیارم کـردووە، رێژەیەکـی زۆر نەوت و گاز لە شـنگال بوونـی هەیە.

*** سـەرۆك بارزانـی بە داگیرکردنی شـنگال و ئەو کارەسـاتەی بەسـەر ژنـان و کچانـی ئێزیـدی هات، زۆر نیگـەران بـوو، بۆیـە دوای داگیرکردنی شـنگال شـەڕی سەرتاسـەری و کوردسـتان یان نەمانی دژی تیرۆریسـتانی داعـش راگەیانـد، هەروەهـا بەڵێنـی دا بـە سەرپەرشـتی خـۆی شـنگال ئـازاد بکرێـت و بەڵێنەکـەی بەجێهێنا. ئایا تاچەند ئازادکردنی شـنگال بۆ شـنگالیەکان گرنگ بوو؟ تاچەند ئەم سـەرکەوتنە دەبێتـە هۆکاری ئـەوەی رۆژی رزگارکردنی شـنگال وەك جەژنێـك بێت بـۆ هەموو شـنگالییەکان؟**

- سـەرۆك بارزانـی بـە داگیرکردنـی شـنگال و ئەو کارەسـاتەی بەسـەر کوردانی ئێزیدی هـات، زۆر زۆر نیگـەران بـوو، هـەر بۆیـە دوای ئـەم کارەسـاتە بـە شەخسـی خـۆی هاتـە ناو بەرەکانی شـەڕ و شـەڕی سەرتاسـەری راگەیانـد و هاوشـانی پێشـمەرگە لـە بەرەکانـی شـەڕدا بـوو. سـەرۆك بارزانـی بەڵێنی بە ئێمـەی شـنگالی دا و بەڵێنەکـەی جێبەجـێ کرد، بە نیسـبەتی ئێمەی شـنگالی رۆژی ئازادکردنی شنگال جەژنێکـی گەورەیـە، مـن وەك خـۆم زۆر لە شـنگال نەژیـاوم زیاتـر لـە ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بـووم، بـەڵام کـە شـنگال داگیرکرا هەسـتم کـرد لە ریشـەوە هەڵکێشـراوم، لەبەر ئەوەی شنگال زێدی باب و باپیرمانـە، بۆیـە لای ئێمـە داگیرکردنـی شـنگال وەك لە ریشـە هەڵکێشـانی دارێك بوو، ئازادکردنیشـی لای ئێمـە دووبـارە چاندنـەوەی رەگ و ریشـەی ئەو دارەیە بەدەسـتی سـەرۆك بارزانی، ئێمەی شـەنگالی لـەوە نیگەرانیـن کە نازانین چۆن سوپاسـی سـەرۆك بارزانی بکەین، نازانین چ وشـەیەك بۆ ئەو هەڵوێسـتە بـەرزەی سـەرۆك بارزانـی دەربڕیـن، من بـۆ مێژوو ئـەو شـاهیدییە دەدەم کە سـەرۆك بارزانـی لە پێناوی ئازادکردنـی شـنگال و تێکشـکاندنی تیرۆریسـتانی داعـش مـاوەی سـاڵێك زیاتـر خـۆی و کوڕەکانی و بـرا و برازاکانی لە ریزی پێشـەوەی بەرەکانی شـەڕن، هەتـا شـنگال ئازادکرایـەوە، بـە چـاوی خـۆم ئـەم هەقیقەتـەم بینیوە.

*** پرۆسـەی ئازادکردنـی شـنگال بـووە هـۆکاری وەرچەرخـان لە شـەڕی هاوپەیمانان لـە دژی داعش، ئایـا ئـەو هۆکارانە چی بـوون کە بوونـە یاریدەدەر بۆ ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیە؟**

- لە ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنی شنگالدا، کۆمەڵێك فاکتـەر بوونـە هـۆکاری ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیە، فاکتـەری هەرە سـەرەکی ئەو پلانە تۆکمە سـەربازییە بـوو کـە لەلایـەن سـەرۆك بارزانی-ـەوە داڕێژرابوو،

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی زۆر سەخت بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ئێستاوە هەنگاو بۆ کۆمەڵێک چاکسازی هەڵگیراوە بۆ ئەوەی خۆمان لەگەڵ بارودۆخە سەختە بگونجێنین و ئەو بارودۆخە سەختە تێپەڕێنین. بارودۆخی کوردستان بە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار و هەستیاردا تێدەپەڕێت**

**ئازادکردنی شنگال سەرەتای کۆتاییهاتنی تیرۆریستانی داعشە و سەلماندنی تەنیا هێز کە بتوانێت داعش تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. لەمیانەی سەردانەکانی بارزانی بۆ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان، ئەو راستییە دەبینین کە ئێستا لەسەر ئاستی دەوڵەتان سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی نەتەوەی کورد پێشوازی لێدەکرێت، نەک تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەموو خێزانێکی شنگالی مێژوویەکی تایبەتی لەگەڵ کوردایەتی و پارتی و شۆڕشی کوردستان هەیە، هەر بۆیە شنگال بۆ پارتی هەموو کات لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هێزێکی مەعنەوی و ناوچەیەکی ستراتیژی بووە**

**لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگالدا، کۆمەڵێک فاکتەر بوونە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، فاکتەری هەرە سەرەکی ئەو پلانە تۆکمە سەربازییە بوو کە لەلایەن سەرۆک بارزانی-ەوە داڕێژرابوو، بە سەرپەرشتی راستەخۆی بەڕێزیشیان بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرا**

**ئێمەی شەنگالی لەوە نیگەرانین کە نازانین چۆن سوپاسی سەرۆک بارزانی بکەین، نازانین چ وشەیەک بۆ ئەو هەڵوێستە بەرزەی سەرۆک بارزانی دەرببڕین**

**سەرۆک بارزانی لە پێناوی ئازادکردنی شنگال و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش ماوەی ساڵێک زیاترە خۆی و کوڕەکانی و برا و برازاکانی لە ریزی پێشەوەی بەرەکانی شەڕن**

بە سەرپەرشتی راستەخۆی بەڕێزیشیان بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرا. فاکتەرێکی دیکە ئەوە بوو هەماهەنگییەکی زۆر باش لەگەڵ هاوپەیمانان کرابوو، بەتایبەتی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان، فاکتەرێکی دیکەی گرنگ، ئەویش رۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان بوو، بەڕاستی ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبوو، بەتایبەتی لە پێدانی زانیاری هەواڵگری زۆر گرنگ، ئەمەش نەك هەر لەسەر تیرۆریستانی داعش لەناو شنگال، بەڵکو لەسەر بارودۆخی موسڵ و رەققەش، بۆیە ئەم شەڕە بۆ تیرۆریستانی داعش هێدمە بوو، سەریان لێتکچوو، نەیانتوانی هیچ بکەن، بە پێچەوانەی مەزندە سەربازی و هەواڵگرییەکان کە مەزندەیان دەکرد شەڕێکی درێژخایەن بێت، بەڵام راستە شەڕەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام درێژخایەن نەبوو، داعش نەیتوانی خۆی لەبەردەم هێزی پێشمەرگە بگرێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورە بێتەئاراوە. بە بڕوای من ئازادکردنی شنگال سەرەتای کۆتاییهاتنی تیرۆریستانی داعشە و سەلماندنی تەنیا هێز کە بتوانیت داعش تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. لەمیانەی سەردانەکانی بارزانی بۆ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان، ئەو راستییە دەبینین کە ئێستا لەسەر ئاستی دەوڵەتان سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی نەتەوەی کورد پێشوازی لێدەکرێت، نەك تەنیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

*** ئەگەر باسی شنگال و کوردایەتی و شنگال و پارتی بکەین، ئایا شنگال مێژوویەکی نەپساوەی لەگەڵ کوردایەتی و پارتی هەیە؟**

- شنگال و کورد و کوردستان لە یەکتری جیاناکرێنەوە. من سەبارەت بە شنگال تەنیا مێژووی بنەماڵەی خۆمان دەگێڕمەوە، لە ساڵی ١٩٣٨ باپیری من ئەندامی حزبی هیوا بووە، هەر باپیرم لە ساڵی ١٩٤٦ یەکەم شانەی رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ مامۆستا ساڵح یوسفی درووست کردووە و سەرپەرشتی کردووە، دوو کەس لە ئەندامانی ئەو شانەیەی پارتی ئێستا لە ژیاندا ماوون و تەمەنیان لە سەرووی ٩٠ ساڵە و هیوای تەمەندرێژییان بۆ دەخوازم، ئەو دوو کەسەش بریتین لە (حاجی عەلی خدر کە ئێستا لە دهۆك نیشتەجێیە، هەروەها مامۆستا حەسەن حوسێن کە ئێستا لە کەنەدایە)، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولیشەوە شنگال پێوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە بە سەرۆکایەتی جەنابی بارزانی نەمر، باوکم و شەهید سامی عەبدولڕەحمان کە مامە، لە سەرەتای شەستەکانەوە پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە. بەڕێز کەریم شنگالی کە ئێستا وەزیری ناوخۆیە و حوسێن شنگالی کە ئێستا باڵیۆزی عێراقە رۆمانیا، هەردووکیان ئاموازامن و نەوەی دووەمی شەنگالییەکانن کە پێوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە، بۆیە هەموو خێزانێکی شنگالی مێژوویەکی تایبەتی لەگەڵ کوردایەتی و پارتی و شۆڕشی کوردستان هەیە، هەر بۆیە شنگال بۆ پارتی هەموو کات لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هێزێکی مەعنەوی و ناوچەیەکی ستراتیژی بووە.

*** نێچیرڤان بارزانی دوای ئازادکردنی چیای شنگال بە شەخسی سەردانی مەزاری شێخ شەرەفەدینی کرد، دوای ئازادکردنی شنگالیش دیسان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شنگال جوانتر دروست دەکەنەوە، ئێمە دەزانین لە ئێستادا ئەو ئیمکانیاتە لەبەر دەست نییە، بەڵام وەك بەرنامە و نییەت ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بۆ ئایندەی شنگال چییە؟**

- پێش هەموو شت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی زۆر سەخت بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ئێستاوە هەنگاو بۆ کۆمەڵێك چاکسازی هەڵگیراوە بۆ ئەوەی خۆمان لەگەڵ بارودۆخە سەختە بگونجێنین و ئەو بارودۆخە سەختە تێپەڕێنین. بارودۆخی کوردستان بە قۆناخێکی زۆر مەترسیدار و هەستیاردا تێدەپەڕێت، لەم بارودۆخەدا تەحەددای سەرەکی ئەو قەیرانە داراییەیە. راستە ئێمە لە شەڕێکی گەورەداین، بەڵام بە پشتیوانی خوا و لە سایەی سەرکردایەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی و هێزی دەست و بازووی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان سەرکەتووین و هەموو جیهانی ئازادیش بە هانامانەوە هاتوون و پشتگیریمان دەکەن، لە ئێستا جیا لەوەی پێویستمان بە چەکی پێشکەوتووی زیاتر و تەقەمەنی بۆ شەڕەکە هەیە، پێویستمان بە هاوکارییەکی گەورەی ئابووریش هەیە، بەڵام وێڕای ئەم بارودۆخە سەختەش، هەم جەنابی سەرۆك بارزانی و هەمیش جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڵێنیان داوە شنگال ئاوەدان بکەنەوە، بۆیە لەم راستەوە دەبێت باس لەو پلانە بکەین کە لەبەر دەستە، بۆ ئێستا بەنیازین لیژنەیەکی وەزاری پێکبهێنین، بۆ ئەوەی پلانێك بۆ ئاوادانکردنەوەی شنگال ئامادەبکەین، ٦٥٪ی ناوچەی

شنگال بە تەواوەتی کاول بووە، ناو سەنتەری قەزای شنگال ڕێژەی کاولبوون زیاترە و دەگاتە ٪۷۵، بۆیە لەسەر ئەم ژێرخانە کاولبووە لە ئاکامی تیرۆریسانی داعش و شەڕەکەوە، دەبێت زەمینەی ئەوە بڕەخسێنین کە خەڵکەکە بگەڕێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دەست پێبکات، دابینکردنی خزمەتگوزاری دەست پێبکات، سەرچاوەیەك بۆ بووژاندنەوەی ئەو ناوچەیە دابین بکەین، بە مەزندەی من تەنیا پرۆژەیەکی ستراتیژی بتوانێت ناوچەی شنگال ببووژێنێتەوە، تەواوکردنی پرۆژەی ئاودێری جەزیرەیە، ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن دەستی پێکراوە و ئاوی گەیاندۆتە تەلەعفەر و باشووری شنگال، بەڵام نەیگەیاندۆتە گوندە کوردەکانی ناوچەکە و دەچێتەوە تەلەعفەر و بە باشووری شنگالدا دەڕوات، بۆیە لە ئێستادا گرنگە بەرنامە بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە دابنێین، بەڵام ئەم پرۆژەیەش نزیکەی یەك ملیار دۆلاری تێدەچێت و لە ئێستا کە ئەم قەیرانە داراییەمان هەیە لەوانەیە قورس بێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆژەیە بکەن و ئاو بگەیەننە گوندە کوردەکان، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی کشت و کاڵییە، دەتوانن ئاوەکەی بۆ خواردنەوە و ئاودێریش بەکار بهێنن، هەروەها هەوڵدراوە و پێوەندیمان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کردووە بۆ ئەوەی لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال هاوکاریمان بکەن. لەچەند ڕۆژی ڕابردوو شاندێکی ئەمریکی هاتبوون بۆ ئەوەی سەردانی شنگال بکەن، بۆ ئەوەی بزانن بۆ ئێستا شنگال چی پێویستە و بۆ ئایندە چی پێویستە، هەروەها لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بە گشتی و زانکۆی دهۆك بە تایبەتی هەماهەنگیمان دروستکردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن لە دانانی پلانێکی سەرکەتوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال، لای هەمووان ئاشکرایە کە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شنگال پرۆسەیەکی درێژخایەن دەبێت، بەڵام دڵنیام و ئەوە گومانی تێدا نییە ئاوەدان دەکرێتەوە، چونکە سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەت بەڵێنیان داوە شنگال ئاوەدان بکرێتەوە، ئەوا چۆ ن لە ئازادکردنەوەی شنگال بەڵێنی خۆیان جێبەجێ کرد، لە ئاوەدانکردنەوەشیدا جێبەجێی دەکەن.

*** لایەنێکی دیکەی کارەساتی کوردانی ئێزدی کە پێویستە بەردەوام ئیشی لەسەر بکرێت، هەوڵدانە بۆ ناسینی ئەم کارەساتە بە ژینۆساید، ئایا هەوڵەکانتان لەگەڵ دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی جەنگ**

**چی بووە بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە بە ژینۆساید بناسرێت؟**

- بۆ پرۆسەی ناسینی کارەساتی شنگال بە ژینۆساید، لیژنەیەکی وەزاری پێکهاتووە لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوە)، ئەم لیژنە وەزارییە ماوەیەکی زۆرە کاردەکەن و هەموو بەڵگەکانیان کۆکردۆتەوە و قۆناخی زۆر باشیان بڕیوە، بەڵام ئەم پرسەش هەر ئەوەندە نییە بڵێین بەڵگەکان ئامادەکەین و تەواو، بەڵکو ئەمیش پرۆسەیەکی بەردەوامە و دەبێت گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵبدەینەوە و چارەنووسی تەواوی بێسەروشوێنەکان یەکلایی بکەینەوە، ماوەیەك لەمەوبەر یەکێك لە ئەندامانی دادگای لاهای کە کاری داواکاری گشتییە لەو دادگایە و بە ڕەگەز ئەرژەنتینییە، هاتە کوردستان بۆ ئەوەی لەم پرسەدا هاوکاریمان بکات، هەروەها چەند پسپۆڕێکمان لە دەرەوە هێناوە بۆ ئەوەی لەم پرۆسەیە هاوکاریمان بکەن، چەند ڕێکخراوێکی ناحکوومی و نێودەوڵەتیش هاتوون و هەموو پێکەوە لەسەر ئەم پرسە کاردەکەین، یەك دوو سەردانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ لاهای کراوە، بۆیە بەڵگەکان ئامادەکراون و شاهیدی زیندووشمان هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کێشەی سەرەکی ئێمە لەم پرسەدا چییە؟ بێگومان کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە عێراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای، لەم حاڵەتەدا پرسەکە دەکەوێتە بەردەم دوو حاڵەت، یان دەبێت دەوڵەتێکی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش داوا لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات، لەسەر ئەم پرسە کار بکات، یان دەبێت حکومەتی عێراق داوایەکی تایبەتی بۆ کارکردن لەسەر ئەم پرسە بکات، هەروەك چۆن داواکاری تایبەتی کرد بۆ پێکهێنانی دادگایەك بۆ دادگاییکردنی سەدام و سەرکردەکانی دیکەی حزبی بەعس، بۆ مەسەلەی هەوڵدان بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هاوکارمان بن، سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لەمیانەی دیدار و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوەی ئەو وڵاتە، چ ئەوانەی هاتبن بۆ کوردستان، یان ئەوان سەردانیان کردبن، ئەم پرسەیان لەگەڵ باس کراوە، بۆیە ئێستا ئێمە لە چاوەڕێی ئەوەداین عێراق ئەو داواکارییە تایبەتە پێشکەش بکات، ئەگەرنا هەوڵدەدەین دەوڵەتێکی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو داوایە بکات.

**ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ هەرێمێکی ئەڵمانیا کردووە، بۆ ئەوەی ۱۰۰۰ کەس بۆ چارەسەری دەروونی بنێرینە ئەڵمانیا، ڕێککەوتنەکە بەوشێوەیە ئەگەر هەر یەکێک لەوانە تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون، بیانەوێت لەوێ بمێننەوە، ڕێگەیان پێدەدرێت**

**توانیومانە ۲۲۷۲ کەس لە دەستی داعش ڕزگار بکەین، لەم ژمارەیەش ۸۵۰ کەسیان ئافرەت بوون، ۳۱۳ پیاو بوون، ۵۳۵ یشیان کچی منداڵ و ۵۷٤یشیان کوڕی منداڵ بوون**

**لەو هێرشەی داعشدا نزیکەی ۷۰۰۰ کوردی ئێزدی بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و لە هەموو تەمەنەکاندا بێسەروشوێن بوون، لەم ڕێژەیە ژمارەیەکیان کوژراون و لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا شاردراونەتەوە**

**لە ساڵی ۱۹۷۷ ڕژێمی سەدام حوسێن ۳٦۹ گوندی ئێزدییەکانی لە دەوربەری شنگال خاپوور کرد و دانیشتووانەکەی لە کۆمەڵگەی زۆرەملێ نیشتەجێ کردن**

دیڤید رۆمانۆ نووسەر و تۆژەر لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کارێکی ژیرانەیە هەرێمی کوردستان پێوەندی باش لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی عەرەبی کەنداودا بهێڵێتەوە

*** بۆ وڵاتانی زلهێز، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی سوریا بووەتە شوێنێک بۆ فراوانکردنی نفووز و کاریگەریان لەسەر حسابی خەڵکی ناوچەکە، ئەمەش تەنها مەسەلەکانی خراپترکردووەو کاتێک هەوڵدەدەن رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، ناتوانن بگەن بە رێکەوتن یان نەخشەرێگەیەک، پێت وا نییە ئەمە ئاڵۆزی و پاشەگەردانیەکان زیاتر بکات و هەروەها دەبێت ئەو زلهێزانە بەرپرسیانەتر مامەڵە بکەن؟**

- هاوڕاتم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەس نازانێت «بەرپرسیارانەتر مامەڵە بکەن» واتەی چییە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتیەکانی بۆ شۆڕشگێڕان ڕابگرێت لە ناویشیاندا کوردی سوریا ئەوا داعش یان ئەسەد شەڕەکە دەبەنەوە. ئەگەر رووسیاش پاڵپشتیکردنی ئەسەد ڕابگرێت، ئەوا داعش یان بەرهەڵستکارانی تر شەڕەکە دەبەنەوە. ئەگەر داعش یان ئیسلامیەکانی تریش دەسەڵاتیان هەبێت، ئەوا کۆمەڵکوژیەکی گەورە بۆ عەلەوی و مەسیحیەکان و درووز و کورد دروست دەکەن.

*** لەئێستادا شەڕی دژی داعش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەم ڕێکخراوە ئەوەی سەلماندووە کە هەڕەشەیەکی جیدیە بۆ جیهان و پێویستی بەوەیە کە لەئاستی جیهانی وەڵام بدرێتەوە، کەواتە چۆن ستراتیژی لاوازکردن و تێکشکانی دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە دابنرێت بۆئەوەی لەئاستی ئەرکەکەدا بێت؟**

- پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا پاڵپشتی هێزە دیموکراتیەکانی سوریا -بەسەرکردایەتی پارتی یەکێتی دیموکرات- و هەروەها دامەزراندنی کانتۆنی زیاتر بکەن، کە لەو شوێنانەدا نە جیهادیەکان و نە ئەسەد کۆنترۆڵیان نییە. ئەمەش دەتوانێت وەك پەناگەیەکی ئارام لێشاوی پەنابەران لەخۆبگرێت و شەڕەکە هێوربکاتەوە بۆئەوەی ببێتە رێخۆشکەر بۆ ڕێکەوتنێکی سیاسی. دەبێت ڕاشکاوانە  بە تورکیا بوترێت دەستێوەردان نەکات کاتێک هێزە دیموکراتیەکانی سوریا لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات پێشڕەوی دەکەن. لە باشووریشەوە، شۆڕشگێڕانی میانڕەو دەتوانن لاسایی کانتۆنەکانی هێزە دیموکراتەکانی سوریا بکەنەوە بە پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەردەن. دیمەشق و لازقیەو چەند ناوچەیەکی کەمی تر بەشێوەیەکی کاریگەرانە ئەو کانتۆنانە دەبن کە لەژێر دەستی ئەسەددان.

لەعێراقدا، کاتێك کە یارمەتی سەربازی بۆ بەغداد دەوەستێنرێت، ئەوا پێویستە پاڵپشتی لە پێشمەرگەو ئەو گرووپە سوننیە عەرەبانە بکرێت کە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. میلیشیا شیعەکان سەلماندویانە کە هێندە ڕادیکاڵ و ترسناکن ناتوانن بەردەوام لەڕووی سەربازییەوە پاڵپشتی بەغداد بکەن. ئەمەش بە دڵنیایەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی عێراق، بەڵام ئەمە باشترە لەوەی میلیشیا ڕادیکاڵە شیعەکان ببنە دیکتاتۆر لە بەغداد و هەوڵبدەن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرجەم بەشەکانی وڵاتدا بسەپێنن.

*** لەنێو توێژەراندا کۆدەنگیەک هەیە بەوەی داعش دەرکەوتەی کێشەگەلێکی بونیادی قووڵترە لەناوچەکەداو گەلانی ناوچەکە لەنێوان دەوڵەتانی لاواز و ناکارا و توندوتیژیە تایەفیەکان و بزووتنەوە ڕادیکاڵە ئاینیەکاندا گیریان خواردووە. ئەگەری دەرکەوتنی جۆر و ڕەنگی جیاوازی ئاڕاستە ڕادیکاڵە ئاینیەکان لەداهاتوودا چییە لەحاڵەتی شکستیی بۆ چارەسەرکردنی هۆکاری بنەڕەتی کێشەکاندا؟**

- ناوچەکە گرووپی زیاتری وەک داعش بەخۆوە دەبینێت و هەریەکیان پێویستە تێکبشکێنرێن و لەهەمانکاتدا دەوڵەت و حکومەتە شەرعی و لیبراڵەکان کە بەڕاستی دەرهاویشتەی دانیشتووانەکانیانن پاڵپشتی بکرێن. کەهەر بزووتنەوەیەکی جیهادی تێکشکێنرا، ئەوا خەونی شێتانەی توندڕەوەکان لەناودەچێت، هەموو ئەمانەش پێویستی بەهەوڵ و کات هەیە.

**«ستراتیژی پشتبەستن بە کورد» لەڕۆژئاوادا پاڵپشتی بەدەست دەهێنێت لەئەنجامی ڕزگارکردنی شنگال و کۆبانێ و گردەسپی. لەئێستادا پاڵپشتی زیاترو باشتر بۆ کوردی سوریا و عێراق بەڕێوەیە. کورد خۆیشیان دەتوانن ئەم پرۆسەیە خێراتربکەن ئەگەر زیاتر دامەزراوەکانیان بەدیموکراتی بکەن و ناکۆکیە ناوخۆییەکانیان وەلابخەن**



**پرۆفیسۆر دەیڤید ڕۆمانۆ، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی تۆرنتۆ، وانەبێژی بوارەکانی سیاسەت و حکومەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیۆرەکانی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان، سیاسەتە دەرەکیەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توندوتیژی سیاسی و تیرۆریزمە. لە میانەی دیدارێکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد بۆ ئاشنابوون بە بیروبۆچوونەکان لەبارەی دوایین پەرەسەندنەکانی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی داعش و سەنگ و قورسایی کورد لەم شەڕەداو گرنگی سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتی سعودیە. ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.**

*** هەندێک پێشنیاری ئەوە دەکەن بۆئەوەی وا لە سوننەکان بکرێن لەدژی داعش بوەستنەوە و دەوڵەتانی سونی کاریگەرانە لەشەڕی دژی داعش تێوەبگلێن، ئەوا دەبێت بەشی زۆریان لەدەرئەنجامەکانی شەڕەکە بەرکەوێت، واتە دەبێت دەوڵەتی سونی دروستبکرێت لەو ناوچانەی داعش دەستی بەسەردا گرتوون بۆ سوننەکان لەعێراق و سووریادا، تا چەند ئەم بژارەیە دەکرێت و واقیعیە؟**

- ئەمە ئەوەیە کە داعش هەوڵیداوە بیکات و هەندێک سەرکەوتنی تیادا بەدەستهێناوە. پاش تێکشکانی ئەم هەوڵەی داعش، ناوچەی زیاتری میانڕەوی سونی یان تەنانەت دەوڵەتیش لەناوچەکەدا لەوانەیە دەربکەوێت. دەبێت پاش تێکشکانی داعش ڕاوێژ بە سوننەکان خۆیان بکرێت لەبەرئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێوەندیدارن بەم پێشنیارەوە.

*** ڕزگارکردنی شنگال گۆڕانکارییەکی گرنگ بوو لە شەڕی دژی داعشدا و پیشانیدا کە نەبەزینی ئەم ڕێکخراوە دەتوانرێت درزی تێبخرێت، چۆن لێکەوتەکانی ئەم سەرکەوتنە دەبینی و ئایا پێتوایە ستراتیژی نێودەوڵەتی دژە داعش پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە پاش ئەم شەڕە؟**

- بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ و دواجار «ستراتیژی پشتبەستن بە کورد» لەڕۆژئاوادا پاڵپشتی بەدەست دەهێنێت لەئەنجامی ڕزگارکردنی شنگال و کۆبانێ و گردەسپی. لەئێستادا پاڵپشتی زیاترو باشتر بۆ کوردی سوریا و عێراق بەڕێوەیە. کورد خۆیشیان دەتوانن ئەم پرۆسەیە خێراتربکەن ئەگەر زیاتر دامەزراوەکانیان بەدیموکراتی بکەن و ناکۆکیە ناوخۆییەکانیان وەلابخەن.

*** کوردی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پرۆسەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەمێژە دەستییپێکردووە، لەبەرئەوەی چیتر نایەنەوێت بەو دەوڵەتە لاوازەوە بمێننەو و باجی شکستیی حکومەتی عێراقی بدەن. لەلایەکی ترەوە کورد ئەوەیان دەرخستووە کە پابەندن و کاراکتەرێکی بەتوانان لە شەڕی تیرۆریزم و بەڕێوەبردنی خۆدا بەشێوەیەکی کاریگەر، کەواتە پێویستە کورد چی بکەن بۆئەوەی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و ئیعتراف بەدەستبهێنن لەحاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا؟**

- پێویستە ئەوە بکەن کە بەردەوام کردویانە وەک پاراستنی کەمینەکانی وەک ئێزیدی و مەسیحیەکان و هەروەها پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لەدژی عەرەب و پەنابەرانی میوان نەکەن و پیشانی بدەن کە بەرپرسیارن و کاراکتەری مۆڕاڵی و دیموکراتین. بەڵام بەمزووانە و لە قۆناغێکدا کوردی عێراق لەوانەیە بازبهاون بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خۆیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوچەکە بخەنە بەردەم ئەمرێکی واقیعی وا کە قبوڵی بکەن نەوەکو هەڵمەتی دژی داعش هەرەسبهێنێت لەبەر نەبوونی جێگرەوەی ناوخۆیی کاریگەر لەسەرزەمین. هەروەها لەگەڵ پێویستی تورکیاش بە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی نەوت و غازو بە زیادبوونی کێشەکانی لەگەڵ روسیادا، ڕازیبوونی گرنگی ئەنقەرە بۆ ڕاگەیاندنێکی ئاوا لەوانەیە زۆر لەهەر کاتێکی تر بێتەئاراوە.

*** سەرۆک مسعود بارزانی سەردانێکی ئاست بەرزی بۆ سعودیە ئەنجامداو لەلایەن شا سەلمانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، بەپێی ڕاپۆرتە میدیایەکان مەسەلەکانی بایەخی هاوبەشیان تاوتێکردووە. چۆن گرنگی ئەم سەردانەو ئاسۆکانی بەرەوپێشچوونی پێوەندیە دوولایەنەکان لە داهاتوودا دەبینی، هەروەها گرنگی دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەتی سعودیە بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- کارێکی ژیرانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندی باش لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی عەرەبی کەنداودا بهێڵێتەوە، بەڵام ناتوانن زۆر نزیک بنەوە لەبەرئەوەی ئێران هەمیشە دراوسێی بەردەم کوردستانە. پێوەندی نێوان هەموو ئەو لایەنانە دەبێت بەوریایی و هاوسەنگی ڕابگیرێت.

**لەعێراقدا، کاتێک کە یارمەتی سەربازی بۆ بەغداد دەوەستێنرێت، ئەوا پێویستە پاڵپشتی لە پێشمەرگەو ئەو گرووپە سوننیە عەرەبانە بکرێت کە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. میلیشیا شیعەکان سەلماندویانە کە هێندە ڕادیکاڵ و ترسناکن ناتوانن بەردەوام لەڕووی سەربازییەوە پاڵپشتی بەغداد بکەن**



## دکتۆر فالح عەبدولجەبار بۆ گوڵان:

# مالیکی وەک دڕکێکە لە ناو گەرووی عێراقدا و کۆمەڵێک میراتی خراپ و قاسەیەکی بەتاڵی بۆ حکومەتی دوای خۆی جێهێشتووە

زۆر لـە چاودێرانـی سیاسـی گەیشـتوونە ئـەو قەناعەتـەی عێـراق سـیفەتی دەوڵەتـی لەدەسـتداوە، لەبـەر ئـەوەی نە سـوپاکەی دەتوانێت خاکەکـەی بپارێزێت، نە حکومەتێـك دەتوانێت هەموو پێکهاتـەکان کۆبکاتەوە، نە حکومەتەکەشـی ئەرکـی یاسـایی و دەسـتووریی خـۆی بەرامبەر هاووڵاتیانـی جێبەجێ دەکات، ئـەم بارودۆخە وایکـردووە هەمـوو کـەس بپرسـێت ئایا ئایندەی عێـراق وەك دەوڵەت تـەواو کۆتایی هات؟ یان پێکهاتەی شـیعە دەیەوێـت دەسـەڵاتی خۆی بەسـەر پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بسـەپێنێت؟ بۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم واقیعەی عێـراق، ئـەم وتووێژەمان لەگەڵ نووسـەر و رۆشـنبیری عێراقی د.فالـح عەبدولجەبار ئەنجامـداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خسـتەڕوو.

*** لە بەراییدا دەمانەوێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، ئایا دۆخی عێراق هەمووی دارماوە، یان ئەمەی لە عێراقدا ڕوو دەدات هیچ تروسکاییەکی بۆ ژیان تێدا نەماوەتەوە، لەم دۆخە ئاڵۆزکاوەدا کە ئاسایش و سیاسەت، تەنانەت باری کۆمەڵایەتی تێی کەوتووە، چ ئومێدێك بۆ چاکبوونیی هەیە؟**

ـ لەگەڵ وشەی دارمانی تەواودا نیم، یەکێك لە خاڵەکانی کە زیانی گەورەی بە عێراق گەیاندووە بریتییە لە حیساب بۆکردنی برادەرایەتی و شاندکردن و دەرماڵەپێدان و خەرجکردنی موچەی وەهمی لە ڕووی داراییەوە و هەروەها ئەو پارە دزراوانەشی کە لە قۆناغەکانی پێشووی سەردەمی مالیکی دیارنەمابوون، ئەمەیە کە دارمانی دارایی لە عیراق دروست کردووە، بە پێچەوانەشەوە دارمانێکی تەواو لە بەرەی سەربازیدا شك نابەم، بەڵام بەراورد بە کوردستان، دەبینین پێشمەرگە بە خێراتر شنگالیان بە هاریکاری ئاسمانی هاوپەیمانان ئازادکردەوە، کەچی پێشوەچوونی سەربازی لە ناوچەکانی تری عێراقدا خاووخلیچکە، لەگەڵ ئەوەشی کە بێجی و تکریت و دەوربەری ڕومادی هاتونەتەوە دەست سوپا، لانی کەم دەتوانین بڵێین لە عێراقدا سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەسەر داعشدا هەیە، کشانێکی سەربازی خاو بەرەو دوورخستنەوەی داعش بەردەوامی هەیە، بەڵام کێشە بنەڕەتیەکە لە بواری سیاسیدایە، کە بۆشایی دروست کردووە، وای کردووە وڵاتانی تر دەستێوەردان لە ناو عێراق بکەن، بە نموونە هاتنەژوورەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق، حکومەتی عێراقی دەنووزێنێت و دەڵێت ئێمە دژی ئەم کارە دەوەستینەوە، بەڵام پێشوازی لە دەستێوەردانی ڕووسیا دەکات لەبەرهۆکارگەلی جیاواز، ناوچەکە وەك ناوچەی ژمارە یەك قووڵاییەکی گرنگی هەیە بۆ ڕووسیاش، بەڵام دەوڵەتی عێراق زیاتر پێویستی بە دامودەزگای زانستی و ئاسایشی و مەدەنی هەیە تا فەرمانڕەوایەتی دروست بکات، ئەگەر ئەمانەی نەبێت ناتوانێت بەڕێوە بچێت و وەك لیبیای لێ دێت، دواتر چەوتییەك هەیە لە هەڵگرتنی هەنگاوەکان و دەڵێن پاش ئەوەی داعش لەناوببرێت ئینجا چاکسازی ئەنجام دەدەین، چاکسازی تەنیا وشەیەکە بێ ئەوەی ماناکەی شیکرابێتەوە، پێویستە ڕووسیا بڵێت چاکسازی پرۆسەیەکە مەبەستمان لێی کۆتاییهێنانە بە ڕژێمی تاکحزبی سەرکردەیی لە سووریادا، ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە دیاری نەکەن، هیچ مانایەك بۆ چاکسازی نامێنێتەوە، بەڵام ئەو چاکسازییەی ڕووسیا داوای دەکات کەموکورتی زۆری هەیەو خاڵیە لە هەر ناواخن و داخوازییەکی سیاسی بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئێستای سووریا، خاڵێکی تری هەڵە لەو ستراتیژیەتەی ڕووسیادا ئەوەیە کە دەڵێت پێویستە پاش لەناوبردنی داعش پرۆسەی چاکسازیی بهێنرێتەئاراوە لە سووریا، ئەگەر ئێستا ڕژێمی ئەسەد لاوازەو ناشیەوێت دانوستاندن بکات، ئەی ئەگەر بەهێز بێتەوە چۆن دانوستاندن دەکات.

*** ڕەخنەگرتنی ئەمەریکایی لەم بارەیەوە بە ئاڕاستەی ستراتیژیەتی ڕووسیایە یان لاوەکیە؟**

- لەبەرانبەردا ستراتیژیەتی ئەمەریکا پێش هەموو شت وەك رووسیا لەناوبردنی داعشە، دووەمیان ئەوەیە دەڵێت ڕژێمی ئەسەد پێویستە بگۆڕدرێت و چاکسازیی لە سیستمدا بکرێت، سێیەم دەڵێت ئەگەر چاکسازیی سیاسی لە ناوچەکەدا نەکرێت پاش داعشیش هێزگەلی تیرۆریستی تر دروست دەبێتەوە، هەڵەکەی ئەمەریکا لە کوێدایە، داعش ئێستا دەوڵەتە، نەك بزووتنەوەیەکی سیاسی یان گرووپ و ڕێکخراوێك بڕوایان بە خۆپیشاندان و مانگرتن بێت لە پێناوی چاکسازی سیاسیدا، چارەسەرەکە ڕاستە تەنیا سەربازیی نییە، بەڵام لە حاڵەتی داعشدا شتێك هەیە کیانی جیۆگرافیایی بۆ خۆی دروست کردووە، پایتەخت و بودجەو سەربازگەو لەشکری هەیە، دەزگای ئیداری بەهێزتری هەیە لەوەی عێراق و سووریا، دەوڵەتێکی بەهێزە لەڕووی جێبەجێکردنی فەرمانداری و بڕیاردانەوە، ئۆباما هەڵەکەی لەوەدایە بە هەمان چاوی ئەو بزاڤانەی کە بچوکن و پێشێلکاری لە مافی مرۆڤ دەکەن، دەڕوانێتە داعشێك کە بۆتە دەوڵەتێکی گەورەو زل لە ناوچەکەدا، هەڵەی زەقتر لە ستراتیژیەتی ئەمەریکا نەکرانەوەیەتی بە ڕووی ڕووسیادا، پێویستە پێی بڵێن، بەڵێ پێویستە دامودەزگاکانی دەوڵەت بپارێزرێت و ئێوە لەسەر حەقن، وەك چۆن لەوەشدا لەسەر حەق دەبن، کە مەترسی ژمارە یەك داعش بێت، بەڵام ئێوە لەوەدا بە هەڵەدا چوون کە دەتانەوێت پرۆسەی چاکسازی دوابخەن بۆ پاش لەناوبردنی داعش، ئەم تەلزگەیە لێرەدا بۆ خۆی ڕایەڵەکانی هاریکاری و تەنسیقی نێوان هەردوو زلهێزەکە زیاتر دەکات، لەحاڵەتی ڕێکنەکەوتنی ئەو دوو زلهێزە لەسەر چارەسەرەکانی ئەم کێشانەی ناوچەکە، بۆ خۆی ناوچەکە وەك ئەو ماشێنەی لێ دێت کە بە داگرتنی زۆری سکرێتەرەکەی هەر لە شوێنی خۆی تایەکانی پەنتەرناش بکات و نەچێتە پێشەوە، کلیلی چارەسەر بۆ گرفتەکان تێگەشتنی نێوان ئەمەریکاو ڕووسیایە لەسەر ستراتیژیەتێکی دووجەمسەرییانە بۆ لێدانی داعش و بەکارهێنانی چەند هێزێکی وشکانی لە دژیی، هاوکات دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازی بە هاوسەنگی و هاوزەمان لەگەڵ لەناوبردنی داعش نەك دواخستنی، ئەمە سەری لە کوردی سوریاش شێواندووەو ئەوانیش تووشی جۆرێك لە شیزۆفرینیا بوون، لە لایەکەوە کێشەی سیستمێکی سیاسی بەرۆکی گرتوون کە ناهێڵێت تەنانەت بە ناوی کوردی خۆیانەوە منداڵەکانیشیان ناولێبنێن، لە لایەکی تریشەوە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ئێستا هەیە چەقبەستووی ئەتنیەو بە زەحمەت کوردی پێ قبوڵ دەکرێت و لە ناوخۆیاندا دەڵێن کورد مەترسیە بۆ

**پێشمەرگە بە هاریکاری ئاسمانی هاوپەیمانان خێراتر شنگالیان ئازادکردەوە، کەچی پێشوەچوونی سەربازی لە ناوچەکانی تری عێراقدا خاووخلیچکە، لانی کەم دەتوانین بڵێین لە عێراقدا سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەسەر داعشدا هەیە، کشانێکی سەربازی خاو بەرەو دوورخستنەوەی داعش بەردەوامیی هەیە**

**بۆهاتنەژوورەوەی سوپای تورکیا بەرەو ناو خاکی عێراق، حکومەتی عێراقی دەنووزێنێت و دەڵێت ئێمە دژی ئەم کارە دەوەستینەوە، بەڵام پێشوازی لە دەستێوەردانی ڕووسیا دەکات لەبەرهۆکارگەلی جیاواز**

**کوردی سوریا تووشی جۆرێك لە شیزۆفرینیا بوون، لە لایەکەوە کێشەی سیستمێکی سیاسی ئەسەدی بەرۆکی گرتوون کە ناهێڵێت تەنانەت بە ناوی کوردی خۆیانەوە منداڵەکانیشیان ناولێبنێن، لە لایەکی تریشەوە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی ئێستا هەیە چەقبەستووی ئەتنیەو بە زەحمەت کوردی پێ قبوڵ دەکرێت**

**ئێران بە ڕوانگەی دەوڵەت و سیاسەت تەماشای شیعەی عێراق ناکات بەڵکو بە ڕوانگەیەکی مەزەبی و ئاینی چەقبەستووانەوە بۆیان دەڕوانێت، ئێران حاکمێکی شیعی ئیسلامی متمانەپێکراوی خۆی لە عێراقدا دەوێت کە کاربەڕێوەبەرێت**

ئایندەی سووریا لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەوەندی کورد شێلگیرانە لەبەرانبەر مەترسی داعش وەستاوەتەوە بە هەموو عەرەبی ناوچەکەوە نیوەی کوردیان بە داعش نەکردووە، کورد لە ناوچەکانی خۆیاندا داعشیان بەزاندووە، لە کاتێکدا ئەم دۆخەی ناوچەکە کێشەکەی ئەوانیشی ئاڵۆزتر کردووە.

*** سەبارەت بە دۆخی ناو عێراق هەندێك ئاماژە بەو میراتیە کەڵەکەبووەی مالیکی دەکەن کە لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە کە گوایە ئەوەیە داعشی دروست کردووەو تا ئەو میراتەش بەردەوام بێت داعش بەهێزتر دەبێت؟**

- یەکێك لەو میراتیە گەورانەی مالیکی بەجێیهێشتووە وەك درکێك لە گەرووی عێراقدایە، دواتر سیستانی فەتوایەکی دەرکرد بۆ خۆبەخشکردنی هەموو خەڵکی لە دەرەوەی سوپادا، مالیکی ئەمەی قۆستەوەو جێبەجێیکرد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی میلیشیایی حەشدی شەعبی، زاڵبوونی میلیشیای حەشد بەسەر سوپادا بە واتای بەردەوامیی ناسەقامگیربوون لە وڵاتدا، میلیشیا هێزێکی نارێکخراوەو خۆی نابەستێتەوە بە دەزگای دەوڵەتیەوە، سەرکردەکانی میلیشیا بەرژەوەندیەکانیان وێك نایەتەوە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا، ئیتر حەقم نییە لەسەر نیەتی خراپ یان باشی میلیشیاکە چییە، میراتیەکەی دووەمی مالیکی کە قوڕی بۆ عێراق خەستتر کردەوە، خەزێنەیەکی بەتاڵ و حەتاڵی لەپاش خۆی بەجێهێشت، میراتی مەترسیدارتری سێیەم هێشتنەوەی ئەو دارودەستە گەندەڵکارانەی خۆیەتی لە دەزگاکاندا کە کارەساتی گەورەیان بەسەر عێراقدا هێناوە، ئەم میراتانەی مالیکی بەجێی هێشتوون دەیان ساڵی دەوێت تا چارەسەر بکرێن.

**لەحاڵەتی ڕێکنەکەوتنی ڕووسیاو ئەمەریکا لەسەر چارەسەرەکانی ئەم کێشانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ خۆی ناوچەکە وەک ئەو ماشێنەی لێ دێت کە بە داگرتنی زۆری سکرێتەرەکەی هەر لە شوێنی خۆی تایەکانی پەنتەرناش بکات و ناچێتە پێشەوە**

*** دەڵێن مالیکی دەوڵەتی عێراقی وەرچەرخاندووە بۆ خزمەتیی شیعەو ئێران، ڕات چییە لەسەر ئەم قسەیە؟**

ـــ ڕاستە ئێران دەسەڵاتێکی گەورەی لە عێراقدایە، دەوڵەتی عێراق ڕەزامەندە بە زۆربەی ئەو ئامانجانەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندایە بۆ ناوچەکە هەیەتی، بەڵام ڕێکناکەوێت لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی کەنداودا، تەنانەت پێوەندیەکانی عێراقی لاواز کردووە لە ڕووی بازرگانی و پیشەسازی و زانستیەوە لەگەڵ تورکیاداو پێوەندیەکانی عێراق بە ئەمەریکاوەی سست کردووە، گرفتەکە لەوەدایە ئێران تەماشای شیعەی عێراق ناکات بە ڕوانگەی دەوڵەت و سیاسەت بەڵکو بە ڕوانگەیەکی مەزەبی و ئاینی چەقبەستووانەوە بۆیان دەڕوانێت، ئێران حاکمێکی شیعی ئیسلامی متمانەپێکراوی خۆی لە عێراقدا دەوێت کە کاربەڕێوەبەرێت، چەندین کاندیدی ئیسلامی شیعیی هەبوون لە عێراق کە ئێران پێی خۆش نەبوو ببنە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی، ئێران دەیەوێت ئیسلامییە شیعەکان سەربخات نەك شیعە، چونکە لە فەزای شیعەکاندا، شیعەی مارکسی و لیبرالی و یەعروبی و نەتەوەییش هەیە، کە ئێران نایەوێت ئەوانە لە حوکمدا بن.

*** ئایا لەو بڕوایەدای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت یان تێکەڵاوکردنیان هۆکارێکە بۆ ئەم دۆخەی عێراق بەسەری دەبات؟**

ــ ئیسلامی سیاسی تۆمەتبار دەکرێت بەو حاڵەتە، ئیسلامی سیاسی بناغەی داعش و بزووتنەوە سونیە ئیسلامیەکانی ترە، تەنانەت بناغەی بزاڤە شیعیەکانیشە کە لەسەر سامان لە نێو یەکتردا لە ململانێی توندوتیژدان، دەزگای ئاینی کەمێك ماندوو بووە لەو پارتانەو لەم دواییانەدا هەندێ هەڵوێستی بێلایانەی تەبەنا کردووە، بە گشتی ڕۆڵی ئایین لەم کێشانەی عێراقدا ڕۆڵێکی نەرێیانەیە، زۆربەی ئەو دەسەڵاتدارانەی چمکی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە ئایین بەکاردەهێنن تا پێگەو پۆستەکانی خۆیان بەهێز بکەن بە هۆیەوە، وەك ئامرازێك بەکاری دەهێنن تا شەرعیەتێ بدەن بە مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، ئەوانن کە بە خراپترین شێوە ئایین بۆ خزمەتی سیاسەت بەکاردێنن نەك بە پێچەوانەوە.

*** ڕۆڵی سونە لە عێراقدا ئایا بەرەو لێژایی دەچێت یان خەریکە بەرەو باشی بچێتەوە یان کەوتۆتە نێوان دوڕیانێك و دابڕانێکەوە چۆن بۆی دەڕوانیت؟**

ـــ ڕۆڵێکی هەڵوەشاوەیان هەیە، بەهۆی خاوەن و سەرکردایەتیەکانیەوە، کێشەکەیان لەوەدایە بە پێی پارێزگاکان دابەشبوون و پارچە پارچەن، فراکسیۆنەکانیشیان دابەش بوون بەسەر پارێزگاکانداو زەعامەتی ناوچاییان هەیەو کێبەرکێیان لە نێوان خۆیاندا هەیە، بەرژەوەندیەکانیان پەرت و بڵاون وەك ڕەوتەکانیان وان، کە پێکرا یەکبوونێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو کۆیان ناکاتەوە، لایەنێك بەرنامەیەکی داخوازی هەیەو یەکێکی تریان بە پێچەوانەی ئەمەو داخوازی جیاواز لەوی تر پێشکەش دەکات و ئەمانەشمان بە ڕاشکاوی بینی لە ماوەی بزاڤی میللیانەی ئەنباردا، کۆنگرەکانیشیان کە لە دەرەوەی وڵات ساز دەکرد هیچ ئەنجامیان نەدەبوو، حکومەتی ئیتیحادی بە کەیفی خۆی کەوتبووە گەمەپێکردنیان، چەندین سەرکردە هەبوون لەناویان شایەنی سەرکردایەتی نین، ناوەندی سونە بەو شێوەیەیە ئیتر هەندێك لە سەرکردەکانیشیان گەرچی ئیعتراف بە شوناسی مەزهەبی ناکەن بەڵکو ئیعتراف بە ناسنامەی عێراقی دەکەن، ئەمەش وای لێکردون بە شێوەی گشتی لێکترازاو بن و واقیعبین نەبن لە داخوازیەکانیاندا، ڕوانینی ستراتیژیانەیان بۆ چارەسەری کێشەکانی ناو عێراق پێ نییە، تەنانەت لە ناو یەکتردا متمانەیان بە یەکتر نییە، ترس و دڵەڕاوکێ کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هەر یەکەیان بە گوتارێکی جیاواز ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە، ئەو متمانەیەی لە دەستیان داوە بە پێنج دەقیقە ناگەڕێتەوە بەڵکو پێویستی بە چەندین ساڵە تا بینابکرێتەوە.

# فیدراڵییەت و هەرێمەکان واتاو بنیاد



عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

فیدراڵییەت بەپێی دەستووری عێراق، بەشێوەیەکی فراوان و کراوە و فرەدەسەڵات باسی لێوەکراوە، بەپێچەوانەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ کە تەنیا چەند دەروازەیەکی دیاریکراو دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر ناکۆکی لە نێوان دەستووری فیدراڵ و دەستووری هەرێم بێتەئاراوە، ئەوا یەکەمیان گوێڕایەڵی دووەم دەبێت، نەك بە پێچەوانەوە، هەروەك چۆن لە زۆرینەی زۆری فیدراڵییەکانی جیهانیش هەر وایە، بۆیە فەرماندەیی سوپا بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیشەوە بۆیان نییە لە لایەن خۆیانەوە پێکهاتە سەربازییەکان بگوازنەوە، یان جووڵەی پێ بکەن بۆ هەرێمەکان، تەنیا بە ڕەزامەندیی ئەو هەرێمانە نەبێت. بەپێی دەستوور بێت، هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە نوێنەرایەتیی خۆیان لە باڵوێزخانەکانی عێراقی لە دەرەوە بکەنەوە بۆ بەدواداچوونی پرسەکانی پەرەپێدان و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی.

ئەگەر لە ڕووی یاساوە خوێندنەوەیەك بکەین ئەوا ئەم جۆرە بارودۆخە دەبێتە ناوکی دەوڵەتۆکەیەك لە ناو دەوڵەتێك بە چاوپۆشی لە نیازو مەرامەکان، مادامەکی دەستکەوت و دەسەڵات هەبن ئەوا ناکرێ لەم حاڵەتەدا تەنیا پێوەی پابەند نەبن، چونکە دەبنە مافگەلێکی وەدەستهێنراو، بەتایبەتیش کە لە دەستووردا هاتووە، زۆر دووریش لەمە نا (پێوەندییە دەرەکی و ئابوورییەکان و کێشەکانی نەوت) هەر لە بەرهەمهێنانەوە تا هەناردەکردن، هەروەها لە گرێبەستکردن تا دابەشکردن و پێوەندیی دەسەڵاتی فیدراڵ بە دەسەڵاتی هەرێمەوە، چ بە هەماهەنگی یان بە سەرپەرشتی یانیش بە ڕەزامەندی، ئەم قەیرانە لەوەتەی چەند ساڵێکە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان سەری هەڵداوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرباری هەوڵی زۆر بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەم قەیرانە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، پێموایە کە هۆی ئەم کێشەیە لە هەردوو ماددەی ١١١ و ١١٢ ی دەستووردایە کە بەدەق دەڵێن:

ماددەی ١١١- نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقن لە گشت هەرێم و پارێزگاکاندا.

ماددەی ١١٢- یەکەم:- حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان بەڕێوەبردنی نەوت و غازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستادا لەئەستۆ دەگرن بە مەرجێ داهاتەکانیان بە شێوەیەکی یەکسان کە بگونجێ لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووان لە سەرتاسەری وڵات دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشکێك بۆ هەرێمە زیان لێکەوتووەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەوانەی کە لە لایەن ڕژێمی پێشوو بە ناحەق لێی بێ بەش بووبوون، کە دواتر زیانیان لێکەوت، بەو شێوەیەی کە پەرەپێدانی هاوسەنگ بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات دابین بکات،کە ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم : - حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە نەخشەی سیاسەتە ستراتیژییەکان دەکێشن کە پێویستە بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و غاز، بە شێوەیەك کە بەزرترین سوود بە گەلی عێراق بگەیەنێت، بە پشت بەستن بە تازەترین تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاڕ و

**بەپێی دەستوور بێت هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە بۆ بەدواداچوونی پرسەکانی پەرەپێدان و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتیی خۆیان لە باڵوێزخانەکانی عێراقی لە دەرەوە بکەنەوە**

هاندانـی وەبەرهێنـان.

ئەگـەر حکومەتـی فیـدراڵ لـە کێڵگەکانـی ئێسـتادا ئیـدارەی نـەوت و غـاز بـکات، ئـەوا نـەوت و غـازی دەرنەهێنـراو لەلایـەن هەرێمەکانـەوە بـە هەماهەنگـی و هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـەوە ئیـدارە دەکرێـن، نموونـەی ئـەم دەقانـەش هـۆکاری بۆچـوون و لێکدانـەوەی جیاجیـاو هەمەجـۆر بـوون، تەنانـەت جیاوازیـش بـوون و هەرێمـی کوردسـتانیش لێکدانـەوەی خـۆی هەیـە، هـەروەك چـۆن حکومەتـی فیـدراڵ لێکدانـەوەی خـۆی هەیـە.

ئـەم کێشـانە وای لـە پرەنسـیبی فیدراڵییـەت، یـان هەرێمـەکان کـرد کـە ببێتـە ئامرازێك بۆ دەربازبـوون لـە هەژموونـی ناوەندیـی دەوڵـەت و یاداشـتە بەئازارەکانـی، بەتایبەتیـش بۆ کـورد، نەخاسـمە لـە سـەردەمی ڕژێمـی ستەمکاردا، بـەڵام بەکردەنـی دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی دەوڵـەت و دەسـەڵاتی فیدراڵـی لـە بەرژەوەندیـی هەرێمەکاندا، یـان فیدراڵییـەت بە دێوەزمەیەکی ترسناك دابنێـت بـەو نـاوەی کـە ڕێگایەکـە بـۆ جیابوونـەوەو دابەشبوون، کـە ئەمـەش سـەنتراڵییەتی توند دەهێڵێتـەوە کە دەوڵـەت لەوەتـەی دامەزراندنیـەوە لەسـەری دەڕوات، بە تایبەتیـش لەسـەردەمی رژێمـی پێشـوو، بەڵکـو ئـەم ئاراسـتەی پێـی وایـە کـە هـەر قسـەکردنێك دەربـارەی فیدراڵییـەت بـە واتـای دابەشـکردنی عێراقـە یـان ئامـاژەی پێدەکـرێ یاخـود لەلایەنـی گومانلێکـراوی دەرەوەوە رەواجـی بـۆ دەکـرێ. بـەم شـێوەیە ئـەم تاقمـە کەسـانە بەپێـی حـەزو ئـارەزووی پیـرۆز، یـان مـەرام گڵاوی خۆیـان مامەڵـە لەگـەڵ فیدراڵییەتـدا دەکـەن.

**کورد چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو دەکەن بۆ گوزارشتکردن لە قەوارەیەکی سەربەخۆ، پێش ئەوەش دەیانەوێ گەورەترین دەستکەوت بەدەست بێنن وەک دەستپێکی راگەیاندنی ئەم قەوارەیە، بە تایبەتیش کە ساتەوەختی گونجاو دەستەبەربکرێت، هاوکات پشتیوانیی تەواوی نێودەوڵەتی و رەزامەندیی ئیقلیمی بە لاری نەبوون لەم هەنگاوە بەدەست بێنن**

ئـەم دوو هەسـتە گوزارشـت لـە بێمتمانەیـی و نەبوونـی تێگەیشـتنی هاوبـەش و قەناعەتـی یەکگرتـوو دەکـەن دەربـارەی بیرۆکـەی فیدراڵییـەت لـە واتـادا (نـاوەڕۆك) و بنیـاد ( واتـا دارشـتن)، بۆیـە پلـەی گومـان لەبـەر بوونـی دەسـەڵاتخوازیی تایفەگـەری و جیـاکاری و پەراوێزخسـتن زیاتـر هەڵدەکشـێت، ئەمـە جگـە لـە خولیـای وەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی زیاتـر لەسـەر حیسـابی ئـەوی دیکـە و لەژێـر پاسـاوگەلی جیاجیـادا.

فیدراڵییـەت کـە بزووتنـەوەی کـورد لـە سـەرەتای نـەوەدەکان دروشـمەکەی بەرزکـردەوەو هێـزە چـەپ و لیبـراڵ و نیشـتمانییەکانیش بـە شـێوەیەکی گشـتی پشـتگیرییان کـردن بریتـی بـوو لـە دروشـمی کۆنـی سـەرەتای شەسـتەکانی بزووتنـەوەی نیشـتمانی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمـی بۆ کوردستان)، ئەمـەش لەچوارچێوەی بانگهێشـتێکی ئاشـکرایە بـۆ

**ئەم قەیرانە لەوەتەی چەند ساڵێکە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان سەری هەڵداوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەرباری هەوڵی زۆر بۆ کوژاندنەوەی ئاگری ئەم قەیرانە، بەڵام هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە**

نوێنەرایەتیکردنی گەلی کورد تا بتوانێت چارەنووسی خـۆی لـە چوارچێوەی یەکێتیـی نیشـتمانیی عێراقیـدا دیـاری بـکات، هـەروەك خـۆی هەڵیبـژاردووە، بـەڵام کارەکـە هـەر بەمـەوە نەوەسـتا بەڵکـو کێشـەی کـۆن و نـوێ کـە هەندێکیـان قـورس بـوون سـەریان هەڵـدا، بەتایبەیتش پەیوەست بە کەرکوك یان کە بە ناوچە کێشـە لەسـەرەکان ناسـراوە، هـەروەك لـە مـاددەی ٥٨ی یاسـای ئیـدارەی دەوڵـەت بۆ قۆناغـی گواسـتنەوە یـان مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووری هەمیشـەییدا هاتـووە کـە لە ١٥ی تشرینی یەکەمـی ٢٠٠٥دا راپرسی بۆ کراو لەسـەر ئـەو بنەمایـەش لـە ١٥ی کانونـی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا هەڵبـژاردن ئەنجـام درا. دەسـتووری هەمیشـەییش درێژکـراوەی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـە کـە لەسـەردەمی برێمـەردا دەرچـووەو زۆربـەی ماددەکانـی کۆتایـی و حوکمەکانـی بـۆ دەسـتووری هەمیشـەیی گواسـتراوەتەوە کـە پڕیەتـی لـە میـن، بـە شـێوەیەك کـە هیـچ لایـەك پێـی ئاسـوودە نەبـووە، لەکاتێکـدا دەسـتوور گوزارشـت لـە واقیعـی سیاسـی و ئابـووری و ئاسـتی پەرەپێدانـی کۆمەڵایەتـی دەکات و رەنگدانـەوەی بەرژەوەنـدی و ئامانجـە هاوبەشـەکانی توێـژە جیاجیاکانـی کۆمەڵایەتییـە، بـەڵام ئـەوەی لـە دەسـتووری عێراقـدا هەیـە بەلایەکـی دیکـەدا چـووە، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی زۆرجار دەسـتوور لەسـەر رەفتـە دادەنرێـت و بـاس لـە سـازان و دیموکراسـیی تەوافوقـی دەکرێت لـە دەرەوەی یاریـی هەڵبژاردنـدا ( وەك قەدەرێکـی هەمیشـەیی کـە رەت ناکرێتـەوە)، بـەڵام هـەر ئەوەنـدە ناکۆکـی سـەرهەڵدەدات ئیـدی هـەر لایەنێـك دەسـتووری بیردەکەوێتـەوە تەنانـەت ئەگـەر بـە تەواویـش لەگـەڵ ئـەوەی دەیڵێـت ناکـۆك بێـت، بـەڵام هـەوڵ دەدات پشـتی پـێ ببەسـتێت لـە سـۆنگەی ئـەوەی کـە وا پیشـان بـدات پێـوەی پابەنـدە بـەو نـاوەی ( باوکـی یاسـاکان)ە، هەتـا ئەگـەر شـتەکە بـە رواڵەتیـش بێـت، دواتـر جارێکـی دیکـە پەنادەباتـەوە بـۆ بەنـاو سـازان بـێ ئـەوەی هیـچ ڕێزێـك بـۆ سـەندوقی دەنگـدان و ویسـتی دەنگـدەران دابنێـت. ئەگـەر فیدراڵییەتـی کـوردی گوزارشـت لـە مافـە نەتەوەییـە رەواکان بـکات و پاسـاوی خـۆی هەبێـت و سیسـتەمی فیدراڵـی شـێوازێکی پێشـکەوتووی سیسـتەمی سیاسـیی جیهانـی بێـت، ئـەوا جێبەجێکردنـی لـە عێـراق و بـە شـێوە نادیارەکـەی پێکناکۆکییەکـی تونـدی لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکانی بەشـدار لـە پرۆسـەی سیاسـی و دەرەوەی پڕۆسـەکە هێناوەتـە ئاراوە و گومانـی نێوانیانـی زیاتـر کـردووە، بـە تایبەتـی کـە عێـراق زۆر بەدەسـت مەرکەزیەتـی تونـدو بەهێـزو قـورس

و کوشندە ئازاری چەشتووە، ئەمڕۆش پێویستی بە نامەرکەزییەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەیە، بەڵام لەلایەن هەندێ کۆمەڵەی سیاسییەوە بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز و ناکۆك و شاردراوە بۆ ئەم فیدراڵییەتە دەکرێت.

ئەو هێزانەی کە دەنگیان بە دەستوور نەدا چونکە پرەنسیبی فیدراڵییەتی تێدابوو، جارێکی دیکە کەوتنەوە هەڵپە بەپاساوی ئەوەی نەبادا هێزە شیعەکان لە حوکمڕانیدا تاکڕەو بن و سوننە دووربخەنەوەو پەراوێزیان بخەن. ئەمەش یەکێکە لە پارادۆکسەکانی ژیانی سیاسیی عێراقی دوای داگیرکاری، هەروەها بیرۆکەی هەرێمەکان لەوانەش (هەرێمی سوننە) کە زۆر هێز دژی وەستانەوە وەك بڵێی پەسندکرابێت، کاتێ جارێکی دیکە هاتەوە گۆڕێ لەدوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و بە تایبەتیش دوای پێکهێنانی حەشدی شەعبی و هاتنی بۆ ناوچە سوننەنشینەکان کە زۆرینەیان سوننەن، ئەمەش تۆمەتبارکردنی زۆری لێکەوتەوە لە پێشێلکاری و پەرچەکردارو ترس و نیگەرانی لەمەڕ ئایندەی ئەو ناوچانە.

ئەو هێزە شیعییانەی کە دوای داگیرکاریی پەرۆشی فیدراڵییەت بوون، کەوتنە حاڵەتی پارێزبەندیی دەربارەی ئەو پرسە نەك هەر لە پرەنسیبەوە، بەڵکو لە جێبەجێ کردنیشدا، بۆیە بینیمان کە چۆن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بە توندیی مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکانی رۆژئاواو باکووری عەرەبی سوننەنشین کرد کە داوای فیدراڵییەتیان دەکرد، ئەنجامەکەشی چۆن بوو: هەژموونگەرایی داعش و بێزاری و نیگەرانیی توێژێکی زۆری دانیشتووان کە دواجار وای لێکردن هیچ هەڵوێستێك لە بەرامبەر داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەرنەبڕن وەك بڵێی باکیان پێ نەبێت، بەڵام دوای ماوەیەك ئەو توێژانە هەستیان بە شەرمەزاری کرد، لە ئاکامی دەسەڵات و داگیرکاریی داعش و سەپاندنی رژێمێکی توندڕۆ و دەمارگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەرەوەی کۆنتێکستی پەرەپێدانی مێژوویی.


بەڵام کورد چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو دەکەن بۆ گوزارشتکردن لە قەوارەیەکی سەربەخۆ، پێش ئەوەش دەیانەوێ گەورەترین دەستکەوت بەدەست بێنن وەك دەستپێکی راگەیاندنی ئەم قەوارەیە، بە تایبەتیش کە ساتەوەختی گونجاو دەستەبەربکرێت، هاوکات پشتیوانیی تەواوی نێودەوڵەتی و رەزامەندیی ئیقلیمی بە لاری نەبوون لەم هەنگاوە بەدەست بێنن، دیارە پرەنسیبی مافی چارەی خۆنووسین لۆجیکی یاسایی و نێودەوڵەتیی پرۆژە مێژووییەکەیان پێکدەهێنێت.

ئەگەر دەوڵەت بەر لە داگیرکاریی بە تۆتالیتاری و یەکتایی و گشتگیریی و میتۆدی پاوانخوازیی دەسەڵات ناسرابێت، ئەوا دوای داگیرکاری لە گیرخواردنی یەکتایی خۆیەوە بەرەو نانەوەی قەیران هەنگاوی ناوە تایبەت بە رەوشی ئێستاو داهاتوو. نەخاسمە لە سایەی بەرزبوونەوەی خێرای فاکتەرەکانی هەڵوەشانەوەو پەرت بوون و پەرتەوازەییدا. بۆیە دەبینین کە عێراق دووچاری چەندین شەڕی ناوخۆ و تیرۆر و توندوتیژی بووەوە، جگە لە دەستێوەردانی بەردەوامی دەرەکی، بە رێککەوتننامەی هاوپەیمانیی ستراتیژی بێت لەگەڵ ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٨، لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی واژۆکردنی رێککەوتننامەیەکی تازەی ئەمنی دوای ئەوەی لە کۆتایی هاتنی ماوەی رێککەوتننامەی یەکەم لە ساڵی ٢٠١١ شکستی هێنا، بەڵام هەژموونی ئەمریکا تا ئێستا فراوان و تۆکمەیەو رۆڵی ئەو هەژموونەش لەو قەیران و تەنگژانەی وڵات پێیاندا تێدەپەڕێ، دەردەکەوێت. بەتایبەتی لەچوارچێوەی رێککەوتننامەیەکی ناحەق و ناهاوسەنگ لەنێوان بەغداو واشنتۆن بەپێی رێککەوتننامەی ڤیەننا دەربارەی (یاسای پەیماننامەکان) ی ساڵی ١٩٦٩، کە ناوی داگیرکار لە داگیرکاریی سەربازییەوە گۆڕا بۆ داگیرکاریی گرێبەستکار، وێڕای بوونی هەژموونی بەهێزو کاریگەری ئێران، چ لەسەر ئاستی حوکمڕانیی فەرمییەوە، یان لەسەر ئاستی پێوەندی لەگەڵ هێزە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیدا، ئەم هەژموونەش شاردراوە، یان داپۆشراو نەبوو چ لەلای هەندێ هێزی عێراقییەوە، یان لەلایەن ئێرانەوە، چونکە هێڵی بەرگریی تاران لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣وە بەغدا بووە، ئێرانیش تا ئێستا رۆڵێکی گەورەی ئیقلیمی لە عێراق و هەندێ دەوڵەتانی ناوچەکە دەگێڕێت، ئەم رۆڵەش دوای گەیشتن بە رێککەوتن سەبارەت بە دۆسیێ ئەتۆمیی ئێران دوای ئەو دانوستانانەی کە ١٢ ساڵ بەردەوام بوو کە بە (٥+١) ناسراوە گەورەتر دەبێت، هەرچەندە ئەو رۆڵە لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە لەوانە هەندێ لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان و رۆژئاواوە بە گشتی بەرتەسك کراوەتەوە.

**دەستووری هەمیشەییش درێژکراوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتە کە لەسەردەمی برێمەر-دا دەرچووە و زۆربەی ماددەکانی کۆتایی و حوکمەکانی بۆ دەستووری هەمیشەیی گواستراوەتەوە بە شێوەیەک کە هیچ لایەک پێی ئاسوودە نەبووە**

**نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بە توندیی مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکانی رۆژئاواو باکووری عەرەبی سوننەنشین کرد کە داوای فیدراڵییەتیان دەکرد بۆیە زانیمان کە ئەنجامەکەشی چۆن بوو**

**ئێران تا ئێستا رۆڵێکی گەورەی ئیقلیمی لە عێراق و هەندێ دەوڵەتانی ناوچەکە دەگێڕێت، ئەم رۆڵەش دوای گەیشتن بە رێککەوتن سەبارەت بە دۆسێی ئەتۆمیی ئێران دوای ئەو دانوستانانەی کە ١٢ ساڵ بەردەوام بوو گەورەتر دەبێت**



# کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات

## پوختەی راپۆرتی لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان

ئامادەکردنی: پەرلەمانتار د.فرسەت سۆفی و پەرلەمانتار گۆران ئازاد

ئەم بابەتە راپۆرتێکە کە هەردوو پەرلەمانتار د.فرسەت سۆفی و گۆران ئازاد لە لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان کردووە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی سەرچاوەی داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە و لەلایەن سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. لەبەر گرنگیی راپۆرتەکە بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، گوڵان بە پێویستی زانی پوختەی راپۆرتەکە بڵاو بکاتەوە.

● **نەوت**

ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەی پرۆسەی نەوتی هەرێم لە کۆی هەشت خاڵی ڕاپۆرتەکە، پوختەی شەش خاڵ دەخەینەڕوو:

یەکەم: دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی باڵا، بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە سەربەخۆ درا، سەرەتا سەرجەم هێزە سیاسییەکان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە بەرواری (٢٠١٥/٥/٢١) کۆبوونەوە، لە ئەنجامدا لە بەرواری (٢٠١٥/٦/١٥) گرێبەستی فرۆشتنی نەوت لەگەڵ دوو کڕیاری نێودەوڵەتی بە سەربەخۆ واژۆکرا و لە (٢٠١٥/٦/٢٤) دەست بە فرۆشتنی یەکەم کارگۆی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەندەری جەیهان کرا.

دووەم: بەپێی ئەو گرێبەستەی کراوە، سەرەتا دەبێ هەرێم ڕۆژانە (٥٢٥,٠٠٠) بەرمیل نەوت بفرۆشێت، دواتر ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە تا مانگی دوازدە بۆ (٦٠٠,٠٠٠) ڕۆژانە، دواتر بەردەوام دەبێ تا حوزەیرانی (٢٠١٦) بگاتە (٧٥٠,٠٠٠) ڕۆژانە. لەکاتی واژووکردنی گرێبەستەکە نرخی نەوتی برێنت بۆ هەر بەرمیلێك (٦٥) دۆلار بووە.

لە بەرامبەردا کۆمپانیا مانگانە بڕی زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ هەرێم دابین دەکات، ئەگەر هەرێم بتوانێ ڕۆژانە (٩٠٪)ی ئەو (٥٢٥,٠٠٠)ـەش نەوت بنێرێت، بەڵام ئەگەر نەتوانرا ڕۆژانە ئەو بڕە بنێردرێت، ئەوا چەند بەرمیل نەوت ڕۆیشتووە کۆمپانیا ئەوەندە پارە دەدات، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەم شێوەیە دەبێت، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ هەرێم چەند نەوت ڕادەستی کۆمپانیا بکات، بە قەد ئەو نەوتە پارە دەدرێتە هەرێم.

سێیەم: ئەوەی لە کاتی ئێستادا ئێمە بە عێراقەوە دەبەستێتەوە، بریتییە لە خەرجییەکانی حاکیمە (النفقات الحاکمە) کە بریتین لە چەند خەرجییەك، لەوانە پارەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و کڕینەوەی وزەی کارەبا و هەڵبژاردن و پارەی گەنمی جووتیاران و بەشە خۆراکی ماڵان، کە ئەمەش ساڵانە یەك ملیار و سەد ملیۆن دۆلار دەکات. هەر لەبەر ئەوەیە هەرێم پابەندە بەوەی ڕۆژانە (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکات.

چوارەم: سەبارەت بە نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان وەك ستانداردێکی کارپێکراو لە بازاڕی فرۆشتنی نەوتی جیهانی هەمیشە نرخی فرۆشتنی بەرمیلێك نەوت چەند داشکاندنێکی بۆ ئەنجام دەدرێت. نزیکەی (١٠) دۆلار کەمترە لە نرخی بەرمیلێك نەوتی برێنت، هۆکارەکەشی بە وتەی شارەزایان ئەوەیە کە (٥) دۆلار بە هۆی کوالیتی نەوتی هەرێم، (٣,٧٥) بۆ تێچوونی تەئمین و پێدانی پارەی پێشوەختە لەلایەن کۆمپانیاکانی فرۆشتنی نەوت. هەروەها (١,٢٥) بۆ کرێی بەکارهێنانی بۆڕی گواستنەوەیە بۆ تورکیا.

پێنجەم: بە وتەی لایەنە پێوەندیدارەکان، پارەی داهاتی نەوت دێتە سەر حیسابی تایبەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بانکی هالك بانك لە تورکیا، ئینجا دێتە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی و پرۆسەی گۆڕینەوەی پارە لە دۆلار بۆ دینار کاتی پێویستە، بۆیە کە کۆمپانیا پارەکە دەدات، چەند ڕۆژێکی دەوێت تا بتوانرێت دابەش بکرێت.

شەشەم: بانکی کوردستان حسابێکی بە ژمارەی (١٧٠٢) بۆ پارەی نەوتی بۆڕی کردۆتەوە و بە گوتەی بەرپرسانی بانکەکە، هەموو ئەو پارانەی دێن یەکسەر تەحویلی لقی هەولێری بانکی ناوەندی دەکرێت لە هەرێم بۆ دابەشکردنی مووچە و بە هیچ جۆرێك لە بانك نامێنێتەوە و پارەی پاشەکەوت نییە.

● **بەنزین**

ڕێژەی پێداویستی بەنزین لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە زیادبووندایە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٠ پێویستی شاری سلێمانی بۆ بەنزین بریتی بوو لە نیو ملیۆن لیتر لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئێستا ڕۆژانە دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار لیتر بۆ ئەو شارە پێویستە. هەربۆیە بە مەبەستی سنووردانان بۆ کێشەی بەنزین پێمان باشە:

١. دانانی گومرگی زیاتر لە سەر ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە شەش پستۆن بەسەرەوەن، بە شێوەی «تصاعدی»، بۆ ئەوەی خەرجکردنی بەنزین کەمبکەینەوە.

٢. دانانی باجی ڕێگا، هاوشێوەی وڵاتانی دونیا، بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکان و پاراستنی ژینگە مەبلەغێك وەربگیرێت.

٣. پەلە بکرێت لە کردنەوەی سێ پاڵاوگەی تازە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

● **ڕۆیشتنی نەوت بە تانکەر**

هەموو ئەو تانکەرانەی لە جوڵەدان، بەو مانایە نییە نەوت دەفرۆشن و دەچنە دەرەوە، گرنگترین جوڵەی تانکەرەکان لەم بوارانەی خوارەوەیە:

١. گواستنەوەی ڕۆژانە (٩) نۆ ملیۆن لیتر گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا.

٢. گواستنەوەی گازوایل بۆ مولیدە ئەهلییەکان.

٣. ڕۆیشتنی نەفتا نەوتی ڕەش بۆ دەرەوە و هێنانی بەنزین لە دەرەوە، کە بەشی هەرە زۆری ئاڵوگۆڕە.

٤. گواستنەوەی نەوتی سپی ماڵان.

٥. نەوتی قورس

٦. گازی شل LPG

٧. گۆڕینەوەی نەوتی خام.

٨. بەنزین و گازوایلی بازرگانی.

پێمان وایە جوڵەی ئەو تانکەرانە بەم ڕێژە گەورەیە، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژینگە و ڕێگەوبان، هەروەها

ئەگەر چاودێریی ورد نەکرێت، دەبێتە دەرگایەکی گەورەی گەندەڵی .

**● بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی نەوت بە تانکەر پێشنیار دەکەین:**

١. لە پێناو شەفافیەتی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ئێمە پێشنیار دەکەین وردەکاری تەواو لەم بارەیەوە بڵاو بکرێتەوەو لیژنەیەکیش لە چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە پێکبهێنرێت و پشتڕاستی زانیاری و وردەکارییەکان بکاتەوە.

٢. هەروەها گواستنەوەی نەوت لە شیواشۆک بۆ بازیان بکرێتە بۆری، بەستنەوەی بۆرییەکە لە شیواشۆک بۆ بازیان (٦٠) ملیۆن دۆلاری دەوێت. واتە پارەی (٣) سێ ساڵ گواستنەوە دەکاتە پارەی بەستنەوەی بۆرییەکە.

٣. کۆی داهاتی بەدەست هاتوو لە ڕێگای تەنکەر لەگەڵ کۆی خەرجییەکان مانگانە لە شێوەی ڕاپۆرتێك بڵاوبکرێتەوە.

٤. هەروەها بوونی (فلۆمیتەر) لەسەر بەرهەمەکانی دوای ئینتاجی نەوت پێویستە بوونی هەبێت کە کاری چاودێری بڕی بەرهەمهێنانی نەوت ئاسان دەکات.

**● کێشەی کارەبا و پێشنیازەکانی چارەسەر**

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی کارەبا خەرجی کارەبا ساڵانە سێ ملیارو چوارسەد ملیۆن دۆلارە، بەڵام داهاتی کۆکراوەی ساڵانەی کارەبا لە باشترین حاڵەت دەگاتە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار. ئەمە لە کاتێکدا خەرجی کارگێڕی وەزارەتی کارەبا بە مووچەکانیانەوە بریتییە لە (٢٠٠) ملیۆن دۆلار .

بەشی گەورەی خەرجی کارەبا بریتییە لە کڕینی گازوایل (دیزل) بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەت کە ساڵانە دەکاتە دوو ملیار دۆلار.

تا ئێستا نزیکەی (٦١) ملیۆن دۆلار کرێی کارەبای تورکیا قەرزارین. ئەمە جگە لە هەندێ قەرزی ناوچەی پێنجوێن کە هی وڵاتی ئێرانە.

نرخی فرۆشتنەوەی کارەبا لە هەرێم بۆ بەشداربووانی تۆڕی خزمەتگوزاری کارەبای نیشتمانی یەك کیلۆ وات بە (١) سەنت دەدرێتە هاووڵاتی، ئەمە لەکاتێکدایە نرخی یەك کیلۆ وات لەسەر حکومەت بە (٢٠٠) دینار دەوەستێت.

ئێمە پێمانوایە گرانکردنی نرخی کارەبا لەم دۆخە لە سەر خەڵکی لە جێگای خۆیدا نییە، بەڵام پێدانی کارەبا بۆ کۆمپانیاکان و شوێنە پیشەسازییەکان و پرۆژەکانی مۆڵەت پێدراو لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، هەروەها نرخی کارەبا بۆ ئەوانەی ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنن زیاتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە .

لە لایەکی دی بە کارهێنانی کارەبا زیادی کردوە، بەهۆی کەمپی ئاوارەکان کە نزیکەی (١,٦٠٠,٠٠٠) – (١,٨٠٠,٠٠٠) ئاوارە لە هەرێمن کە دەکاتە (٣٠٪) لە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم زیادی کردووە. هەرێم (٤٥٪)ی کۆی ئاوارەکانی عێراقی تێدایە و بەناوچە کوردستانییەکان دەگاتە (٦٠٪) لە کاتێکدا هەموو بەغدا (٢٠٪)ی ئاوارەی عێراقی لەخۆ گرتووە.ئەمەش وایکردووە کۆی خەرجیی کارەبای کوردستان ساڵانە لەسەرووی (٣) ملیار دۆلار بێت، بەڵام داهاتەکەی تەنیا (٣٠٠) ملیۆن دۆلارە، ئەمەش تەنیا بەشی تێچووی بەکاربردنی وەزارەتی کارەبا دەکات.

● لەم ڕووەوە ئەم پێشنیازانە دەخەینەڕوو:

١. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە ئایندەدا بەرهەمهێنان و دابەشکردن و فرۆشتنی کارەبا بدرێتە کەرتی تایبەت، تەنیا گواستنەوەی کارەبا لە لایەن حکومەت بمێنێتەوە.

٢. ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵ کۆمپانیای (ماس) کراوە و هەروەها سەرجەم ئەو گرێبەستانەی تریش کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە هەرێم دوای گرێبەستی (ماس گلۆباڵ) ئیمزا کراون، پێداچوونەوەی پێدا بکرێت.

٣. هیچ چاودێرییەکی وەزارەتی کارەبا نییە لەسەر «صیانە»کردنەوەی وێستگەکانی کارەبا، کە بەهیچ شێوەیەك «صیانە» ناکرێنەوە.

٤. «تەمویل»کردنی وێستگەکانی کارەبا بە گازوایل بارقورسییەکی ئێجگار زۆری لە سەر میزانییە دروست کردووە، بەپێی زانیاری ئێمە تا ئێستا نزیکەی (١٢) ملیار دۆلار بۆ کڕینی گازوایل بۆ کارەبا خەرج کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە کڕینەوەی ئەم گازە بەپێی ڕێنمایی گرێبەستی حکومی ئەنجام نادرێت و هیچ بنەمایەکی کێبڕکێ و تەندەرکردن و ڕەخساندنی بواری یەکسان بۆ هەمووان دابین ناکرێت، لە کاتێکدا دەتوانرێت لە ڕێگای گازی سروشتی بە مەبلەغێکی کەم کارەبای پێویست دابین بکرێت. بۆیە پێمانوایە دەبێ ئەم بابەتە لە ئەولەوییەتی کاری حکومەتدا بێت و حکومەت ڕوونکردنەوەی پێویست بدات لەسەر هۆکاری دواکەوتنی دابینکردنی گازی سرووشتی لەلایەن کۆمپانیای (داناغاز)ەوە.

٥. زۆر گرنگە وەزارەتی کارەبا کاربکات بۆ کەمکردنەوەی کارەبای بزر بوو (Lose) و نەهێشتنی زیادەڕۆیی (تجاوز)ی کارەبا.

**● تەوەری شەشەم**

**قەرز و داهات و مووچە و باج و رسومات**

**● یەکەم: قەرزەکان**

لە ساڵی ٢٠١٣ داهاتی هەرێم بریتی بوو لە ٢٠ ترلیۆن دینار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ کۆی داهاتی هەرێم بریتی بوو لە ٩ ترلیۆن دینار.

لە ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی کورتهێنانی بودجەی هەرێم بریتی بوو لە یەك ترلیۆن وحەوت سەدو شەش ملیار، بەڵام کورتهێنان لە ساڵی ٢٠١٤ بریتی بوو لە حەفت ترلیۆن و حەفت سەد ملیار.

تا ئێستا حکومەتی هەرێم:

١. سێ مووچەی فەرمانبەران قەرزارە کە دەکاتە دوو ملیار و چوار سەد ملیۆن دۆلار.

٢. زیاتر لە سێ ملیار دۆلاری کۆمپانیاکانی نەوت قەرزارە.

٣. نزیکەی شەش سەد ملیۆن دۆلاری بەڵێندەر و کۆمپانیاکانی ناوخۆش قەرزارە.

٤. لە بانکی بازرگانی بڕی دوو ترلیۆن و یازدە ملیاری خەڵك دانرابوو، بەڵام ئەو پارەیە خەرج کراوە.

٥. پارەی یەك ساڵی پاڵاوگەکانی بازیان و کەورگۆسك قەرزارە کە بڕەکەی (١) ملیار دۆلارە.

٦. (١) یەك ملیار دۆلاری وڵاتی تورکیا.

## ● قەرزی حکومەت لای خەڵك

بەپێی مەزندەی ئێمە نزیکەی (٦) ملیار دۆلاری حکومەت لای خەڵکە لە چوارچێوەی قەرزی خانووبەرە و کشتوکاڵی و پیشەسازی و هاوسەرگیری و قەرزی بچووکی لاوان و قەرزی نیشتەجێبوون و گەشتوگوزار، و قەرز بۆ بازرگان و کۆمپانیاکان.

سەبارەت بە قەرزی بازرگان و کۆمپانیاکان کە بڕەکەی ٧٢١ ملیار دینارە، زۆر گرنگە ئەوانەی ماوەی قەرزەکانیان تەواو بووە، لێیان وەربگیرێتەوە. بەپێی بەدواداچوونی ئێمە لە کۆی هەموو ئەو قەرزانەی کە حکومەت لای خەڵك هەیەتی مانگانە کەمتر لە (٣٠) ملیار دینار دەگەڕێتەوە.

## ● دووەم: چاکسازی لە بواری مووچە و دەرماڵەکان:

بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت کاری لەسەر دەکات، دەکرێت چاکسازییەکی باش لە بواری مووچە و دەرماڵەکان بکرێت، ئەمەش بە بنەما وەرگرتنی ئەو پرۆژەیە کە سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ (حیدر العبادی) لە بەغدا لە بواری مووچە کردی، بەڵام بە هەموارکردنی ئەوتۆ کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان بگونجێت، هەروەها تا ئێستا نازانرێت چەند خەڵك لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، سەرەڕای دەرچوونی چەند یاسایەك بۆ هەموارکردنی یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بە ئاراستەی هاندانی خەڵك بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، بەڵام بەداخەوە تائێستا جێبەجێ نەکراون، چونکە بۆ ئەوەی کەسێك بیەوێت خۆی تۆمار بکات لە کەرتی تایبەت، پێویستە ڕەزامەندی (١٠٦) ئیمزا وەربگرێت. سەرەڕای نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئیمتیازاتی وەزیفەی گشتی و کارکردن لە کەرتی تایبەت، لەم تەوەرە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١. تەرشیقی هەیکەلیەتی حکومی لە ڕێگای کەمکردنەوەو دەمجکردنی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان، خانەنشینکردنی ئەو راوێژکار و پلە تایبەتیانەی بڕوانامەیان نییە و پێویست نین، چارەسەری کێشەی ئەوانەی پێیان دەگوترێت «موعەوەم»، چارەسەری کێشەی ئەو کەسانەی ئەندامی شارەوانییەکانن و مووچە وەردەگرن. کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و...تاد.

٢. بەپێی بە دواداچوونی ئێمە لەو بڕە پارەیەی بۆ مووچە تەرخان دەکرێت بڕی (٤٥٪) مووچەی بنەڕەتییەکە دەکاتە ٣٨٧ ملیار دینار، کەچی (٥٥٪) دەرماڵەیە و دەکاتە ٤٧٣ ملیار دینار. بە باشی دەزانین لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دادپەروەرانە دەرماڵەکان ڕێکبخرێنەوەو ئەوەی شایستەی نییە ببڕدرێت.

٣. ئەوەی پەیوەستە بە دووموچەیی و ئەو مووچەخۆرانەی کە دەوام ناکەن، یان لە دەرەوەی وڵاتن، دیسان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەم بابەتە کۆتایی پێبهێندرێت، بەمەش پارەیەکی زۆر بۆ بودجەی گشتی دەگەڕێتەوە.

٤. پشتگیری تەواوی ئەو چواردە پێشنیارە دەکەین کە وەزارەتی دارایی بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و چاکسازی لە بواری مووچە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی کردبوو.

## ● سێیەم: باج و رسومات:

لە هەرێمی کوردستان (٢٣٩٥٨) کۆمپانیا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تۆمار کراون. لەم ژمارەیە (٢٠٨٠٩) کۆمپانیای خۆماڵین، لەو ڕێژەیە (١٠٠٠٠) کۆمپانیا سڕ بوون و هیچ جموجۆڵێکی بازرگانییان نییە، (٢٠٠٠) کۆمپانیایان زۆر چالاك و پڕجووڵەن لە رووی ئابووری. لەو ژمارەیە (١٣٨٤) کۆمپانیا تورکین کە دەکاتە ڕێژەی (٤٤,٤٪) و (٣٤٩) کۆمپانیا ئێرانین، کە دەکاتە ڕێژەی (١١٪) و (١٧٨) کۆمپانیا لوبنانین کە دەکاتە ڕێژەی (٥٪) و (١٧٣) کۆمپانیای ئیماراتین بە ڕێژەی (٥,٥٥٪) و (١٣٥) بەریتانین بە ڕێژەی (٤,٣٣٪) و (١٢٧) کۆمپانیای ئەمریکین بە ڕێژەی (٤,٧٪) و کۆمپانیای ئوردونی (١٠٣) کۆمپانیای رووسی (١٠) و فەرەنسی (٩) و سینی (١٩). واتا بە گشتی (٨٤) وڵات کۆمپانیایان لە هەرێم هەیە. شایانی باسە لە عێراق (٨١٥) کۆمپانیای بیانی هەیە، لەکاتێکدا وەك باسمان کرد (٣,١٤٩) کۆمپانیا هەیە.

لەو (٢٣٩٥٨) کۆمپانیایە تەنیا (١٤) هەزاریان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری تۆمارکراون، بەم پێیەش (٨) هەشت هەزار کۆمپانیا لە باجی خانووبەرە تۆمار نەکراون، ئەو کۆمپانیایانەی کە تۆمار نەکراون و لە کاتێك کاری ئەهلی دەکەن دەتوانن باج نەدەن. هەروەها سەپاندنی باج لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عێراق زۆر کەمترە، بۆ نموونە باجی

دابینکـردن (تجهیـز) لـە بەغـدا بریتییە لـە (٢٠٪) بەڵام لە هەرێـم بریتیـە لـە (٩٪). بەپێی مـاددەی پێنجەم لە یاسـای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ی سـاڵی (٢٠٠٦) سەرجەم پڕۆژەکانی وەبەرهێنان تا (١٠) سـاڵ لە باج دەبەخشـرێن، ئەم ماددەیەش پێویسـتی بـە پێداچوونـەوە هەیە.

● **چوارەم: داهات و خەرجیی ناوخـۆ:**

یەکـەم: داهاتـی ناوخۆ لـە سەرتاسـەری هەرێـم مانگانە نزیکـەی لـە سـنووری (١٤٠) ملیـار دینارە کـە پێکدێت لە (گومـرگ، بـاج، پارەی کارەبـا و ئاو، سـەرپێچی هاتوچۆ، رسـوماتی دیکـەی جۆراوجۆر)، کە بەشـێکی بە نەقدی دێت و بەشـەکەی دیکەی بەشـێوەی چـەك و قەرزە.

بـە پێی وتـەی وەزیری دارایی داهاتی ناوخۆ ناچێتە سـەر مووچـە و بـۆ بـواری بەکاربـردن بەکاردێت، وەك: نەسـریەی گشـتی فەرمانگـەکان، کرێـی خانـوو و بەشـەناوخۆییەکان و سـەیارە، ئێشـکگری، کرێـی وانەوتنـەوە، پاککردنـەوەی شـارەکان، چاپـی کتێـب، کاری زیـادە، کرێـی تاقیکردنـەوە، کڕینـی دەرمان، هێڵـی ئینتەرنێـت، خواردنی نەخۆشـخانە و گرتووخانـەکان، کلـۆری ئـاو و...هتد.

● پێشنیاز و راسپاردەی گشتی

١. بە دامەزراوەیی کردنی زیاتری سـامانە سرووشـتییەکان و پەرلەمـان و حکومـەت هەوڵبـدەن هەمـوو کۆمپانیاکانـی دیکـەی تایبـەت بە نەوت کە لە یاسـای ژمارە ٢٢ی سـاڵی ٢٠٠٧ی نـەوت و گاز هاتوون، دروسـت بکـەن. هەروەها پەلە بکرێـت لـە دامەزراندنی سـندوقی داهاتەکانی نـەوت و گاز و دەرچوونـی پەیـڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنـی هەرێمی نەوت و گاز.

٢. حکومەت بە دروسـتی رێـژەی قەرزەکانی خۆی دیاری بـکات واتـە دەستنیشـانی بکات کـە چەنـدی لای خەڵکە و چەندیش قەرزارە.

٣. کێشـەی هـەرە سـەرەکی ئەوەیـە کە ئـەو ژمارانەی لە لایـەن وەزارەتی سـامانە سرووشـتییەکان لە فرۆشـتنی نەوت بڵاودەکرێنـەوە، تـا ئێسـتا لەلایـەن دیوانی چاودێـری دارایی وردبینییـان بۆ نەکـراوە، بۆیە زۆر پێویسـتە دیوانی چاودێری دارایـی دەسـتی کراوە بێت و تەواوی داتـا و ژمارەکان بخرێتە بەردەسـتیان بۆ وردبینی.

٤. چارەسەرکردنی یەکجاری کێشەی پاڵاوگە نایاساییەکان و بوونـی شـەفافییەتی تـەواو لـە پاڵاوگەکان و رەخسـاندنی دەرفەتـی تـەواو بـۆ هەموو کەسـێك کـە بیەوێت لـەم بوارانە کاربکات.

٥. گۆڕینـەوەی پـارە لـە دۆلار بـۆ دینـار کـە بانکـی کوردسـتان پێـی هەڵدەسـتێت بـە پێویسـتی دەزانین لـە لایەن دیوانـی چاودێـری دارایـی وردبینـی بـۆ بکرێتـەوە .

٦. پێدانـی پاڵپشـتی سـووتەمەنی بە هۆتێلـەکان و پرۆژە پیشەسـازییەکان وکۆمپانیـاکان رێکبخرێتـەوە و پێداچوونەوەی پێـدا بکرێت.

٧. ئاسـانکاری پێویسـت بکرێت بۆ ئەوەی دەسـت بکرێت بـە دامەزراندنـی ئەو سـێ پاڵاوگـە گەورەیەی کـە بڕیار بوو دروسـت بکرێن.

٨. پێکهێنانـی لیژنەیەکـی لێکۆڵینەوە بـۆ بەدواداچوونی هەمـوو ئـەو گەندەڵییانـەی لـە سـەر بەهەدەردانـی نەوت و پاشـکۆکانی باسـیان لێـوە دەکرێت.

٩. حکومـەت کۆبوونـەوە و کۆنفرانسـی تایبـەت ئەنجـام بـدات بـۆ چاکسـازی ئابـووری و هەوڵبـدات سـتراتیژێکی نیشـتمانی بـۆ چاکسـازی و رووبـەڕوو بوونـەوەی گەندەڵی دابرێژێت.

● **ئەو بڕیارانەی کە پەیوەسـتن بە دەسـتەبەرکردنی داهات بۆ مووچە:**

١. مـاوەی یـەك مانـگ بدرێتـە هەمـوو ئەوانـەی پێشینەکانی هاوسـەرگیری، نیشتەجێبوون، خانووبەرە، قەرزی بچووکیان راکێشـاوە، هەر کەسـێك لەماوەی ئـەو مانگە هەر مەبلەغێکـی ئـەو پێشـینەیە بگەڕێنێتـەوە، لـە بەرامبـەردا بەقـەد ئـەو مەبلەغەی کـە دەیگەڕێنێتەوە، لێـی خۆش ببن. بـە مەرجێـك پارەکە بە نەقـدی بگەڕێنێتەوە. ئەو کەسـانەش کە فەرمانبەرن دەکرێت بڕیارەکە بەم شـێوەیە سـیاغە بکرێت: هـەر کەسـێك لـە فەرمانبەرانـی هەرێـم دەکرێت لـە جیاتی مووچـە لە بەرامبەر ئەو سـلفانەی رایانکێشـاوە، ئاڵوگۆڕی پـێ بکرێـت. بـەم شـێوەیە: ئەگەر کەسـێك مووچەی سـێ مانگـی بریتـی بێـت لە سـێ ملیـۆن دینـار، ئەوا لـە بری ئـەوەی فەرمانبەرەکە لە مووچەکەی خـۆی خۆش دەبێت کە لـەلای حکومەتـە، حکومەتیـش لە (٦) شـەش ملیۆن دینار خـۆش دەبێت لەو سـلفەیەی رایکێشـاوە.

بۆ ئەوانەش کە پێشـینەکانی پیشەسـازی، گەشـتوگوزار و کشـتوکاڵیان راکێشـاوە، بە رێژەی (٣٠٪) لێیان خۆش ببن.

٢. بەپێـی رەشنووسـێکی وەزارەتـی بازرگانی کە وەزارەتی داراییش لە سـەری رەزامەندە، رسـومات و کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیـاکان زیادکـراوەو داهاتێکـی بـاش بـۆ حکومـەت دەستەبەر دەکات.

٣. دەرکردنـی بڕیارێـك بـە وەرگرتنـی پـارەی رێـگا بۆ ئۆتۆمبێلـی ئێرانـی و تورکـی کـە لـە دەرەوە دێـن.

٤. دەرکردنـی بڕیارێـك بـۆ وەرگرتنـەوەی (٧٢١) ملیـار دینـار قەرز کـە لای بازرگان و کۆمپانیاکان، بەپێی یاسـای (تحصيل الديـون الحكومية).

٥. هەموو خانووەکانی سندوقی نیشتەجێکردن دەیانگرێتەوە کـە زیاتـر لـە (١٠٠) هـەزار یەکـەی نیشـتەجێکردنن تاپۆ بکرێـن و حجـز بخرێتـە سـەریان تا پـارەی حکومـەت تەواو دەبێـت. بەمەش هەم رسـوماتی تاپۆی خانـووەکان وەردەگرن، هەم باجـی بەکرێدانیـش وەردەگیرێت.

٦. پێداچوونەوە بەو گرێبەسـتانەی لەگـەڵ کۆمپانیاکانی تەلەفـۆن و ئینتەرنێـت لەگـەڵ گواسـتنەوەو گەیانـدن کردوویانـە.

٧. پابەندکردنی نووسینگەکانی خانووبەرە کە لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستی بە کرێدان وێنەیەك بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بەپێچەوانەوە سزا دەدرێن.

٨. بڕیار بدرێت کە داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سووتەمەنییەکان کە حیسابێکی تایبەتیان هەیە لە بانکی کوردستان، تەنیا بۆ مووچە خەرج بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا بڕیاری زیادکردنی نرخی بەنزین بۆ ئەم مەبەستە بوو.

**● ئەو بڕیارانەی وەك ئیجرائات پێویستە بدرێن:**

١. دەستپێکردنی هەڵمەتی بڕینی کارەبای تجاوز بە چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت، سەرەتا ماوەی (١٥) ڕۆژ بدرێتە خەڵك بۆ بڕینی سەرپێچییەکان، هەر کەسێك لە دوای ئەم ماوەیە سەرپێچییەکە لانەبات، ئەوا غەرامە بکرێت و ئەگەر لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ غەرامەکەی نەدا، ئەوا کارەبای نیشتمانی لەسەر ببڕدرێت. ئەم هەڵمەتەش هەموو کەسێك بگرێتەوە.

٢. ماوەی تەنیا یەك مانگ بدرێتە ئەوانەی دوو مووچە وەردەگرن، کە لەو ماوەیە بە ئارەزوومەندانە بۆخۆیان مووچەیەك هەڵبژێرن، ئەگەر لەو ماوەیە ئەمەیان نەکرد، ئەوا لێخۆشبوون لە سزا بیانگرێتەوە.

٣. هەڵمەتێکی گەورە دەستپێبکرێت بۆ هەموو ئەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە و نەگیراون.

٤. هەڵمەتێکی گەورە بە سەرپەرشتی سەرۆکایەتی حکومەت دەست پێبکات بۆ ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆیی و دەستگیرکردنی ئەوانەی پابەند نابن.

**● بڕیارەکان بۆ تەرشیقی حکومەت:**

١. خانەنشینی بەپێی یاسا کاری پێ بکرێت و هەموو ئەوانەی گەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی مامەڵەی خانەنشینییان بۆ بکرێت.

٢. ئەو پارەیەی لە شوقەکانی ناز ستی بۆ بەرپرسانی حکومەت دەدرێت، لاببرێت. کە مانگانە زیاتر لە (١٥٠) ملیۆن دینار دەبێت.

٣. معومەکان لە بەڕێوبەری گشتی و قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیە دوو بژاردەیان بدرێتە دەست، یان لە دائیرەیەك وەك فەرمانبەر دەوام بکەن، یان خانەنشین بکرێن.

٤. دەست بکرێت بە دیراسەیەکی ورد بۆ دەمجکردنی فەرمانگەکانی حکومەت و کەمکردنەوەی ئەو باڵەخانانەی کە بەکرێ گیراون.

٥. شاند و سەفەر بۆ کاری زۆر زۆر پێویست نەبێت، نە مێنێت.

٦. لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت میلاکی زیادە دەستنیشان بکرێت و بانکێکی زانیاری تایبەت بە میلاکی زیادە بکرێتەوە و لەکاتی پێویست، یان لەکاتی کردنەوەی دامەزراوەیەکی نوێ سوود لەو میلاکە زیادانە وەربگرن و گواستنەوەیان بۆ بکرێت.

٧. هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بخرێنە ناو یەك بینایە.

**● پێکهێنانی لیژنەی پسپۆڕ:**

١. پێمانوایە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ دیراسەتکردنی مووچە و دەرماڵە پێکبهێندرێت، ئەم لیژنەیەش لەماوەی یەك مانگدا پێشنیاری خۆی پێشکەش بکات بۆ ڕێکخستنەوەی دەرماڵە نایاساییەکان. گرنگە ئەم هەنگاوە دوای چەند بڕیارێك بێت، بۆ ئەوەی باشتر زەمینەی بۆ خۆش بکرێ و دادپەروەرانەتریش دەتوانرێت بڕیار بدرێت. هەروەها بەپێی ئەو ئەنجامەی کە نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت پێی گەیشتوون لە ئەنجامی کەمکردنەوەی دەرماڵەکان بڕی (٦٤) ملیار دینار لە خەرجیی حکومەت کەمدەبێتەوە.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ پێداچوونەوە بە ڕسوماتەکان و چارەسەرکردنی هەموو ئەو نابەرامبەرییانەی لە سەپاندنی ڕسوماتەکاندا هەیە.

٣. پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ دیراسەتکردنی پاککردنەوە، کە وەزارەتی شارەوانی (٤٢,٠٠٠) مووچەخۆری هەیە و بەشێکی زۆریان فەرمانبەری خەدەماتن، کەچی مانگانە زیاتر لە (٢) دوو ملیار دەدرێتە کەرتی تایبەت بۆ پاککردنەوە.

٤. لیژنەیەکی پسپۆڕی کشتوکاڵی بۆ دیراسەتکردنی چۆنیەتی پارێزگاریکردن لە جووتیار و بەروبوومی خۆماڵی پێکبهێندرێت.

٥. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ دیراسەتکردنی کێشەی باج و ئامادەکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردن بۆ ئەو یاسایانەی «اعفائات»ی باجی زۆریان داوە.

٦. لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ دیراسەتکردنی چارەنووسی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە پێکبهێندرێت کە دەستیان بەسەردا گیراوە و کراونەتە مەزرەعە و خانوو.

**● تایبەت بە وەزارەتی شارەوانی:**

١. کۆکردنەوەی داهاتی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕەزامەندیدان لەسەر کارکردن بە پێوەرەکانی ئاو.

٢. زیادکردنی نرخی زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی.

٣. زیادکردنی نرخی زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

٤. زیادکردنی ڕێژەی غەرامەی سەرپێچی لەسەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

٥. زیادکردنی ڕەسمی تابلۆکانی ڕێکلام.

٦. زیادکردنی ڕسوماتی هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و هەموو شوێنە بازرگانی و گشتییەکان.